

ڕۆژ خۆر دروست دەکات، ڕۆژگاریش ئێمە ٤

# لە ترس، مەترسە!!

مەسعود لەعلی – فەهیمەی ئەرژەنگی

کەسێک لەبیری ئایندەی خۆیدا نەبێت
ناتوانێت ئایندەی کەسێکی دیکە بێت.

Scanned with CamScanner

کتێبی PDF
@Ktebi_PDF

162 posts | 11.8k followers | 5 following

Promote | Edit profile

📚 PDF پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsl...

Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq

Ktebi_PDF



Scanned with CamScanner

# ٤ ڕۆژ خۆر دروست دەکات، ڕۆژگاریش ئێمە



Scanned with CamScanner

سایە

بڵاوکار ناوەندی سایە

ناوی کتێب

ڕۆژ خۆر دروست دەکات ، ڕۆژگاریش ئێمە

نوسینی

مەسعود لەعلی - فەهیمەی ئەرژەنگی

وەرگێڕانی

جەبار تەنیا

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ ناوەندی سایە

Scanned with CamScanner

رۆژ خۆر دروست دەکات، رۆژگاریش ئێمە۴

# لەترس، مەترسە

نوسینی:
مەسعود لەعلی ـ فەهیمە ئەرژەنگی

وەرگێڕانی:
جەبار تەنیا

چاپی یەکەم
۲۰۱۴

Scanned with CamScanner

- **ناوی کتێب:** ڕۆژ خۆر دروست دەکات ڕۆژگاریش ئێمە ٤
- **بابەت:** لایەنەکانی دەروونزانی – ڕێوڕەسمی ژیان
- **نوسینی:** مەسعود لەعلی فەهیمەی ئەرژەنگی
- **وەرگێڕانی:** جەبار تەنیا
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٤
- **شوێنی چاپ:** چاپەمەنی سایە
- **نەخشە سازی:** فازیل کەولۆسی
- **تیراژ:** ١٠٠٠

لە بەڕێوبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی ( ٧٨١٤) ی سالی ( ٢٠١٠ ) ی
پێ دراوە.

**ناوەندی بڵاوکراوەی سایە**

هەر کتێبێک، دەرفەتێکە بۆ ژیانێکی نوێ

سایە نوێ سایە

ناونیشان: سلێمانی - پاسەکانی توی مەلیك -
تەلاری وشیار قەفتان - نهۆمی ژێرزەمینی
بازاری کتێب- کتێبخانەی سایە
07706843436

Scanned with CamScanner

# پێڕست

پێشەکی ........ ٩
یاسای پەناگە ........ ١١
تەلسکۆپی قوتابخانە ........ ١٣
زانایان و مشکی تاقیگە ........ ١٥
دیدی ئێمە ڕەوشی ڕووبەڕووبونەوەمان ........ ١٧
ئاسۆ ........ ١٩
ئەو وانەیەی لەماڵەوە ........ ٢١
جیاوازی دونیا و خەیاڵی خاو ........ ٢٢
نەخشە کێشی ڕێڕەوی خۆتبە ........ ٢٤
بۆ کاتەکانت بەرنامە ڕێژی بکە ........ ٢٥
کێشەکان کاتێ سەرهەڵدەدەن ........ ٢٧
تاشە بەردی زەمەن ........ ٢٩
تایتانیک ........ ٣٠
هەڵسەنگاندنی ڕۆژانە ........ ٣٢
دیاریکردنی ئامانج ........ ٣٤
نوسینی یەکەمین کتێبم ........ ٣٦
هەر ئێستا دەسبەکار بن ........ ٣٨
ڕێی گەیشتن بەلوتکە ........ ٤١
پەرجوو بەدی بێنن ........ ٤٢
ئەمڕۆی خۆت بگۆڕە بەشاکارێك ........ ٤٤
پابەندی بەڵێنەکانتان بن ........ ٤٥

Scanned with CamScanner

بەڵێن کلیلی بنەرەتییە ........ ٤٦
ئیقباڵ ........ ٤٨
یاسای ٢٤ کاتژمێریی ........ ٤٩
جەوهەری کارگێڕیی ........ ٥٠
بارتەقای شکست ........ ٥١
ڕوبەڕوی کێشەکان ببنەوە ........ ٥٢
ڕوبەڕو بونەوەی هەمیشەیی ........ ٥٤
کێشەکان مانای تەواو دەبەخشنە ژیان ........ ٥٧
حەوت ڕازی سەرکەوتن ........ ٦٠
کەسانێك خاوەنی داهێنان نین ........ ٦١
ڕێچار ........ ٦٣
ڕازی سەرکەوتنی ........ ٦٤
باشترین ڕێگا ........ ٦٦
داهێنان جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکستە ........ ٦٧
گرەو ........ ٦٩
بەشی بونیادی ژیان ........ ٧١
دەروازەیەك ........ ٧٣
فرسەتەکان لەهەموو جێیەکن ........ ٧٥
وەڵامی خوازیێنی ........ ٧٦
ئەزمونێك ........ ٧٧
هاوڕێیەتی ........ ٨١
لەخۆمان باشتر ........ ٨٣
هێڵی کۆتایی ........ ٨٤
ئایا ئێوە خاوەنی هەژینەکانی خۆتانن ........ ٨٦

دوێنێ شەو ........ ٨٧

با بەرزێ بینوسین ........ ٨٨

ترس، ترسی زیاتر بەرهەم دێنێت ........ ٩٠

شاد کردنی کەسانیتر ........ ٩٢

سەرچاوەی هێز ........ ٩٤

هاوبەشیی ........ ٩٥

نزایەکی نایاب ........ ٩٧

لەخۆتانەوە دەست پێ بکەن ........ ٩٩

هەبوونەکانتان ........ ١٠٠

داستانی ڤیۆلۆن ........ ١٠١

پەرجو بۆ گۆڕان، لەخۆتاندا بەدی بێنن ........ ١٠٣

پرسیارێك لەئانتۆنی رابینز ........ ١٠٤

باو، ئاستەنگی گۆڕانە ........ ١٠٦

ئەزمونەکانی ژیان ........ ١٠٧

سەلامەتی ........ ١٠٨

هێزی پەیوەندی ........ ١٠٩

گەنجینەیەك بۆ گرنگترین پەیوەندی ........ ١١٠

هاوسەرگیریی ساغ ........ ١١٢

بێ بەو کەسەی کە هەر تیمێك خوازیاری بێت ........ ١١٣

دووربینی لەبەهای هەرشتێك بەخەیاڵی ئێوەدا بێت ........ ١١٥

گوێگرێکی باش بێ ........ ١١٧

بنەمایەکی گرنگ ........ ١١٨

هۆکاری جیاوازیی ........ ١٢٠

هاودەردی ........ ١٢١


Scanned with CamScanner

لەكام چیینەیت؟ ........ ١٢٢
هەموو نیازمەندی هاندانن ........ ١٢٤
پێناسەی هاوڕێی ڕاستەقینە ........ ١٢٦
تواناسازیی ........ ١٢٧
هۆكاری دەركردن ........ ١٢٩
داستانی سێ"گا" ........ ١٣١
ڕێكردن بەسەر هێڵی ئاسندا ........ ١٣٢
ركابەر ........ ١٣٣
لەخۆتانەوە دەست پێ بكەن ........ ١٣٤
كەسێكم نییە ڕیبەراتی بكەم ........ ١٣٥
هەڵەو تواناییەكانی خۆت وەربگرەوە ........ ١٣٧
حەوت ئەفسانەی ڕێبەرایەتی ........ ١٣٩
ئەفسانەی كاریگەری دانان ........ ١٤٠
نمونەیەك بێ كەسانێتر بتوانن پەیڕەویتان لێ بكەن ........ ١٤٢
داستانێك لەئەفریقاوە ........ ١٤٣
شوێنێك بۆ گەشە كردن بكەنەوە ........ ١٤٤
ڕەخنە مەگرن ........ ١٤٦
لەبەڕێوەبەرەكەتان بپرسن: ........ ١٤٨
چەق بەستن ........ ١٥٠
خەڵكی لەكەسانێك جیا دەبنەوە ........ ١٥١
ووتەی كۆتایی ........ ١٥٢


Scanned with CamScanner

## پێشەكی

بێگومـان "جـان سـی ماكـسول" لەنوسـەران و وتاربێـژانی بلیمـەتی سەردەمی خۆمانەو لەزەمینـەی پـەروەردەو وزە مرۆییـەكان و كارگێڕیـدا دەستێكی باڵای هەیە.

جـان سـی ماكـسول، ١٩٧٤ لـەدنیادا تایبەتمەنـدی ڕێبەرایـەتی ناسیووە، نوسـەری زیـاتر لەشەست كتێبەو زیـاتریش لـەدوانزە ملیـۆن تیراژی لـێ فرۆشـراوون، لـەم ڕەهەنـدەدا خـۆیی و هاوكـارانی هاوكـاریی مرۆییـان بەردەسـت كـردووە، تـابتوانن توانـا بێـسنورەكانی خۆیـان لەزەمینەی ڕێبەرایەتیدا بەكردار بخەملێنن.

بەشێوەیەكی گشتی شاكارەكانی ماكسول، دەكرێت بەدوو بەشەوە:

یەكەم، فێربوونی كارامەییەكانی ژیان و سەركەوتن لەبازارسازیدا.

دووەم، كارگێڕی و ڕێبەرایەتی كردن.

خۆشـحاڵم ئـەو هەلـەم قۆسـتەوە تـا تنۆكێـك لـەڕێنمایی و ئەندێـشە كاریگـەرەكانی ئـەو لەبۆتـەی داسـتان و كورتـە بابـەت لەمیانـەی سـەدان لاپـــەڕە لەشـــاكارەكانی هەڵبـــژێرم، بـــەناوی چـــوارەمین بـــەرگی "پێشكەشی ئێوەی خۆشەویست بكەم."

زۆرێـك لەشـاكارەكانی ماكـسول هەڵبـژاردنی كورتـە چـیرۆك و ئەزمونـە كەسێتیەكان، كارئاسانیەك دەكات، بابەتی نەبیستراوو دوبارە نـەبۆوەم هەڵبژاردووە بەریتمێكی لۆژیكیانە چنیومە.

بەئومێدی سەركەوتن.

"مەسعود لەعلی"



Scanned with CamScanner

## یاسای پەناگە

شاخەوانەکانی شاخی ئالْپ بەگەیشتنیان بۆ نیوەی ڕێگە، لەوێستگەیەکدا پشوو دەدەن، ئەگەر بەیانیەك زوو دەسبەکار بن، کاتی نیوەڕۆ دەگەنە ئەو شوێنە.

خاوەنی ئەو شوێنە لەماوەی ساڵانێکی مێژین ئاگای لەوەیە هەمیشە ڕوداوێك دێتە پێش، کاتێ شاخەوانەکان دەچنە شوێنی پشوودانەوە گەرمای ئاگر هەست پێدەکەن بۆنی خواردن دەکەن، هەندێکیان دەکەونە گومانەوە بەهاوڕێکانیان دەڵێن، دەزانیت، من پێم باشترە، هەر لێرە بمێنمەوە ئێوە سەرکەوون بۆ لوتکەو بگەڕێنەوە، کاتێ گەڕانەوە پێکەوە دەچینەوە بۆ خوارەوە.

کاتێ لەلای ئاگرەکەوە دادەنیشن، گۆرانی دەڵێن، موچرکەیەکی خۆشییان پێدا دێت، لەم کاتەدا جلەکانیان دەپۆشنو ملی ڕێگا بەرەو لوتکە دەگرن، لەساتەکانی دواتر فەزایەکی شادی بەخش لەتەنیشت ئاگرەکەوە هەیە کاتێکی خۆش لەئارامگەیەکی بچوکدا بەسەر دەچێت بەڵام نزیکەی سێ دەمژمێرو نیو ئارام دەبنەوە بۆلای پەنجەرە دەچن سەرنجی بڵندی شاخەکە دەدەن، لەبێدەنگیدا بەهاوڕێکانیان کە لەحاڵی

سـەرکەوتنیدان سـەرنج دەدەن، کـەش و فـەزای پـشوگاکە لەخۆشی ڕا
چێژەوە دەگۆڕێت بۆ بێدەنگیەکی مەرگبارو ناشتنی تەرمێك.
سەرنج دەدەن هاوڕێکانیان بەهای گەیشتن بەلوتکە دەدەن.

چی ڕویدا؟ ئارامییەکی کاتیی و پەناگەیەك هۆکاری لەکیس چوونی
باوەڕیان بوو بەئامانجەکانیان.

بۆ هـەر یـەکێك لەئێمـەش پێدەچێت ئەمـە ڕوو بدات، ئایا لەژیانی
ئێمەشدا پەناگەیەك هەیە کەڕێگری گەیشتن بەترۆپك بێت، لەپەناگەدا
ئارامی و ئاسـودەیی بـوونی هەیـە، مەترسـییەك هەڕەشـەتان لێناکات،
بـەڵام بـۆ ئـەزمونێکی نایـاب و سـەرکەوتن و گەیـشتن بەئـەوج، دەبێت
ڕوبەڕوی هەورازو نشێو ببنەوە و بەسەریدا زاڵ بن.

## تەلسکۆبی قوتابخانە

ئەندێشەی کەسانی سەرکەوتوو چۆنە؟

جارێک"بنو مولر هیل" پسپۆری زانکۆی"کالون" بیرەوەرییەکی سەردەمی سەرەتایی خۆی بۆ گێڕامەوە:

بەیانییەک، مامۆستای فیزیا قوتابیەکانی بردە حەساری قوتابخانەوە تاقوتابیان بتوانن بەهۆی تەلسکۆبەوە کەلەوێ دامەزرا بوو، ئەستێرەو مانگو کەهکەشان ببینن، نزیکەی چل قوتابی بەڕیز وەستابوون و منیش دوایین کەسی ڕیزەکە بووم، یەکەم کەس چویە پشتی تەلسکۆبەوەو مامۆستای فیزیا لێی پرسی: ئایا شتێك دەبینیت؟

ووتی: نەخێر، من نزیك بینم و ناتوانم شتی دور بەدی بکەم، مامۆستاکەمان نیشانیدا چۆن لێنزی تەلسکۆب ڕێك دەخرێت، ئەو قوتابیە دوای ئەوەی جارێکی دیکە هەوڵیدایەوە ووتی: بەڵی، دەتوانم ئەستێرەو مانگ ببینم.

قوتابیان یەکیەك چونە پشتی تەلسکۆبەوە هەموو دەسبەکار بوون لەدیتن، سەرەنجان نۆبەی قوتابیەکەی پێش من هات، دوای ئەوەی

چویە پشتی تەلسکۆبەوە ووتی: من بەم تەلسکۆبە هیچ شتێك نابینم تەنها تاریکی نەبێت، مامۆستا ووتی:

تۆ دەبێت لێنزەکە ڕێك بخەیت، هەوڵیدا ئەم کارە بکات، بەڵام نەیتوانی ووتی: من ناتوانم هیچ شتێك ببینم بێجگە لەتاریکی، مامۆستا کەمێك تورە دەردەکەوت، خۆی چویە پشتی تەلسکۆبەو بەسەرسوڕمانەوە بەوەی دەیبینی سەرنجیدا، دەریچەی لێنزی تەلسکۆبەکە داخرابوو هیچ کام لەقوتابیان نەیاتوانیبوو هیچ ببینن.

زۆرینەی خەڵك بەدوای ئارامی و ئاسودەیی لەبیرکردنەوەی پەسەندی گشتیدان، هەڵێنجراوی بەزۆری ئەوان ئەمەیە ئەگەر زۆرینەی خەڵك یەك کار ئەنجام بدەن، حەتمەن کارێکی دروستە، سەیرە! ئەگەر خەڵکی بیرۆکەیەکیان پێ پەسەند بێت بەو مانایە نییە ئەو بیرو بۆچونە لەهەموو ڕویەکەوە تەواو بێت، بیرو ئەندێشە گشتیەکان کۆکن لەسەر ئەوەی زەوی چەق و مەڵبەندی دنیایە، بەڵام" کوپر نیك" بەتوێژینەوەو مشت وماڵکردنی کەهکەشان و ئەستێرەکان بەهاوکاری زانستی بیرکاری سەلماندی زەمین و ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر بەدەوری زەویدا دەخولێنەوە، لەڕوی بیرکردنەوەی گشتیەوە پەسەندە، لەنوژداریدا پێویستی بەکەرەسەی پاك و تەندروست نییە، بەڵام "جوزیف لیستر" بەتوێژنەوەو ئاماری مردن و ژیان لەنەخۆشخانەکاندا ڕەوشی دژە گەنین کەرەستەی نوژداری پێشکەش کرد و ژیانی زۆرێکی لەمردن گەڕاندەوە.

## زانایانو مشکی تاقیگە

زانایان لەتاقیکردنەوەیەکدا لەسەر مشکی تاقیگە ئەنجامیاندا، پێوەری سەمەرەیان دەربارەی ژیان کردن لەکاتی سەختو دژواردا پێوا.

زانایان، مشکێکیان خستە تەنگاوێکەوە، لەتاریکیەکی رەهاداو پاشان کاتیان بۆ ڕاگرت تابزانن کەی دەست دەکات بەمەلەکردن، گەشتنە ئەو ئاکامەی مشکەکە لەسێ خولەك زیاتر بەرگە ناگرێت.
پاشان مشکێکی دیکەیان خستە هەمان تەنگاوەوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی تاریکی ڕەهای بۆ دانێن لەدرزێکەوە ڕوناکیەکیان بۆ دانا، لەم حاڵەدا مشکەکە بۆ ماوەی ٣٦ دەمژمێر بەردەوام بوو لەمەلەکردن، واتا زیاتر لەحەوت سەد بەرابەر ماوەی تەنگاوەکە لەتاریکدا بوو، مشك لەو شوێنەوەی دەیتوانی ببینێت ئومێدەوارتر بەردەوامی بەهەوڵەکەی دەدا.

ئەگەر ئەم حاڵەتە بۆ ئاژەڵان شتێکی دروست بێت، وێنای بکەن کاریگەریی بەرجەستەی بەدیهێنەر لەمرۆڤەکاندا کەتوانای بەڵگە هێنانەوەی زیاتریان هەیە، دەتوانێت چەند بێت؟

دەڵێن مرۆڤ دەتوانێت بۆ ماوەی چل ڕۆژ بژی بەبێ خۆراک، بەڵام بەبێ ئومێد تەنها چوار چرکە دەتوانێت بەردەوامی بەژیانی بدات، هەرکات ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ کەسانی دیکە بەرجەستە دەکەن، بەسەرکەوتوو دەیانبینن دەرونیان بەهێز دەکەن، بەڵگە بۆ بەردەوام بونیان دەهێننەوە.

## دیدی ئێمە ڕەوشی ڕوبەڕوبونەوەمان

*بەژیان دیاری دەکات.*

یەکێك لەچیرۆکە نایابەکانم دەربارەی دایە گەورەو باوە گەورەیە کەبەدیداری نەوەکەیان شادبوون، باوەگەورە عادەتی بوو دوای نیوەڕوان سەرخەوێك بشکێنێت، ڕۆژێك مناڵەکان بڕیاریاندا بەشۆخی کەمێك پەنیری دانمارکی"لیمبرگ" بدەن لەسەبیلەکەی، کاتێ لەخەون بێدار بویەوە چویە چێشتخانەو لەحاڵێکدا بۆنی دەکرد ووتی: ئەم ژورە بۆنێکی ناخۆشی لێدێت، زۆری پێنەچوو سەرنجیدا بۆنی چێشتخانەکەیە، بۆیە هاتە دەرەوە تاکەمێك هەناسەی پاك هەڵمژێت، باپیرە هەستی کرد هەوای پاکیش ئەو بۆنە لەلوتی نابڕێت، گەشتە ئەو ئاکامەی هەموو دنیا ئەو بۆنە ناخۆشەی گرتووە!

ئەم بابەتە چەندێك لەتەك ژیانی ئێمەدا هاوشان دەبێت؟

کاتێ دیدی ئێمە ئالودەی پەنیری دانمارکی بوو، هەموو دنیا ئەو بۆنەی لێدێت، هەریەکێکمان بەرپرسی دیدگای ژیانی خۆمانین، لەمێژە ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە، دەڵێن: هەرچی بچێنیت هەمان چێنراو

دەدوریتەوە، دیدو کرداری ئێمە لەژیاندا ئەوە دیاری دەکات چیمان بەسەر دێت.

کەس ناتوانێت ژمارەی هەلە فەوتاوەکان، پێشکەوتن و دەسکەوتە لەدەستچووەکان ژمارەی فرۆشە بێ ئاکامەکان، هاوسەرگیریە دۆڕاوەکان بەهۆی کاریگەریی نادروستەوە بووە، ڕۆژانە شاهیدی ئەوەین ئەو کەسانەی خاوەن پیشەن، یان هاوسەرگیریان کردووە بەلام بەبێ هیچ هەستێك دەژین، هەمووی بەهۆی ئەوەیە مرۆڤەکان چاوەڕوانن کەسانی دیکە دنیایان بۆ بگۆڕن، لەجیاتی ئەوەی بەخۆیانی بسەلمێنن گۆڕینی خۆیان ئاسانترە خۆیان بەرپرسی کارو کردارو ڕەفتاری خۆیانن.

## ئاسۆ

لین ئەندرسۆن، لەڕیپۆتاژێکی گۆڤاری لیدر شیپ، ڕونی دەکاتەوە:
کاتێ خەڵکی ئاسۆی خۆیان لەدەست دەدەن، چی ڕوو دەدات؟

نزیکەی ٣٧٠ ساڵ پێشتر کۆمەڵێك کۆچەریی لەبەستێنەکانی ئەمریکا نیشتنەوە، ئەوان بەئارەزویەکی مەزن و بوێرییەوە هاتبوون تانیشتەجێی سەرزەمینی نوێ بن، لەیەکەم ساڵدا شاریان دروست کرد، ساڵی دووەم شورای شار، ساڵی سێیەم دەوڵەتیان پێکهێنا، جادەی بەرینیان بۆ دارستانەکان راکێشا، بەڵام لەساڵی چوارەمدا شورای شاریان خستە ژێر پرسیارەوە، بەبۆچونی ئەوان راکێشانی جادەی بەوجۆرە بۆ دارستان بەفیرۆدانی داهاتی گشتییە.

ئەم کەسە ئایندەگەرایانە تاڕادەیەك خەونەکانیان لەدەستدابوو، کەسانێك سەردەمێك دەتوانن بەرەو ئۆقیانوسەکان ببینن، ئێستا یەك فرسەخ بەلای دارستانەکاندا ناتوانن ببینن.



Scanned with CamScanner

## ئەو وانەیەی لەماڵەوە وەریدەگرین.

ساڵانی رابردوو من‌و هاوسەرەکەم، "مارگریت" یەکەمین خانومان کڕی، داهاتی سنوردارمان ناچاری کردین، بۆ مسۆگەرکردنی خواستەکەمان، بێئەوەی پارەیەکی زیاتر خەرج بکەین، ڕێگەیەك بدۆزینەوە، پێکەوە گەشتینە ئەو ئاکامەی دەبێت لەماڵەکەی خۆماندا کارێك بکەین تابببینە خاوەنی پاشەکەوتێك ماڵەکەشمان جوانتر بکەین، ڕۆژێك لەحەوشەی پشتی ماڵەکەمانەوە وەستابووم، هیچ کاتێ پارەیەکم بۆ جوانی بەشی پشتەوەی ماڵەکە خەرج نەکردووە، بۆچی؟

چونکە ئەوانەی بەلای خانوەکەماندا دەڕۆن ناتوانن ئەم بەشەی پشتەوە ببینن، ئەو بەشەی دەرنەدەکەوت منیش هیچ گرنگییەکم پێنەدابوو، ئەمەش کت‌و مت ئەو کارەیە کەمرۆڤ لەژیانی تاك کەسی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، پارەو ووزەی پێویست خەرجی ڕواڵەتیان دەکەن، کەبەڕوکەش دەردەکەوێت، بەڵام تەرزی بیرکردنەوەیان نادیدە دەگرن‌و پەوەردەی ناکەن.

نوسەرێك دەپرسێت: چۆن تێدەگەیت چی لەدڵتدایە؟

وەڵامیش: سەیرێکی ڕەفتارت بکە.

## جیاوازی ڕوئیاو خەیاڵی خاو

ئەو دەمەی قوتابی پۆلی چواری سەرەتایی بووم، بۆ یەکەمجار چووم بۆ سەیری یاری باسکە، لەهەیوانەکەدا وەستام تەماشای یاریزان‌و خۆ گەرمکردنەکەیانم دەکرد، هەرگیز لەیادم ناچێت ئەو ساتەی هەموو لامپەکان کوژانەوە ڕوناکی ناوەڕاستی گۆڕەپان هەڵکرا.

بەرلە هەرشتێك ناوی یاریزانەکان خوێنرایەوە، بەخوێندنەوەی هەرناوێك ئەو یاریزانە دەچوویە ژێر ڕوناکیەکەوە، گەلێك خرۆشا بووم، بەبراکەم"لاری"م ووت: ڕۆژێك منیش بەمشیوەیە هان دەدەن، دوای تەواوبوونی یارییەکە هاتمەوە بۆماڵەوە بەشێوەیەکی فەرمی ڕامگەیاند بەتەمام ببمە یاریزانی باسکە، کاتێکی باشم تەرخانکرد. بۆئەوەی ببمە یاریزان، باوکم زۆر بەتین هانیدام‌و تەوەرێکی بۆ دامەزراندم، لەساڵی چوارەمدا سەرگەرمی یاری بووم، گەشتمە ساڵی پێنجەم بوومە یاریزانێکی بچوك. جارجار بۆ مەشقەکان دەچومە هەمان گۆڕەپان، یەکەمجار کەچومە گۆڕەپانی بنەرەتی وەك فێرخوازێك لەگەڵ یاریزانەکاندا وەستام‌و بینەران تەماشایان دەکردین، بەمجۆرە زۆر بەئاسانی خەونەکەم هاتە دی.

هەرگیز ئەو شەوەم لەیاد ناچێت ڕاهێنەرەکەم ووتی: ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ نۆبەی تۆیە بچیتە گۆڕەپانەوە دەسبەکار بیت، خەونەکەم بەڕاست گەڕا، یاریو ڕاهێنان لەدۆخی چاكو خراپدا کۆمەکی کردم تائەوەی ئەمەوێ پێێ بگەم، ئەمەش هەمان ئەو کارەیە "باوەڕ" بۆتان ئەنجام بدات.

نێوان خەیاڵ پلاّوو کەسێك ڕوئیایەك لەزەیندا بپەروەرێنێت فاسیلەیەك هەیە، هەزاران هەزار کەسانی خەیاڵ پلاّو هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لەخەڵکی ڕوئیاکانیان لەزەینیاندا دەپەروەرێنن، دنیایەك فاسیلە لەنێوانیاندا هەیە، خەیاڵ پلاّو زیاتر لەوەی کردار بنوێنێت قەسە دەکات، ئەوان نەخشەو ئەندێشەی مەزنیان هەیە، بەڵام خواستەکان هەرگیز نابێتە ڕاستی، کەسانی خەیاڵ پلاّو پابەند نین، بەڵام ئەوانەی ڕوئیای ناخیان هەیە کەمتر دەدوێن، زیاتر کردار دەنوێنن، پێدەچێت هەرگیز دەربارەی خەونەکانیان شتێك نەبیستیت، بەڵام دەبینیت ڕۆژێك ڕوو دەدات، ئەمجۆرە کەسانە بەخەونەکانیان دەبزوێنو بەرەوپێش دەڕۆن.

## نەخشە كێشی ڕێڕەوی خۆتبە

لەگەشتێكی دەریاییدا، گەشتیارێك سەرگەرمی ئاخاوتن لەگەڵ كەشتیەوانی "كوین ماری" بوو، ئەو لەكەشتیەوانی پرسی: چەندێك دەخایەنێت تاكو بتوانیت ئەم كەشتییە بوەستێنیت؟

كەشتییەوان ووتی:

ئەگەر هەموو بزوێنەرەكان خامۆش بكەم نزیكەی دوو كیلۆمەتر دەخایەنێت تاكو كەشتییەكە دەوەستێنم.

پاشا ووتی: كەشتیوانی زرنگ، لانیكەم دوو كیلۆمەتر پێشتر بیر دەكاتەوە.

دەبێت بەرنامە ڕێژی بكەین.

Scanned with CamScanner

## بۆ کاتەکانت بەرنامە ڕێژی بکە

لەشوێنێك خوێندمەوە کە" چارلز شواب" بەڕێوەبەری کۆمپانیای پۆڵاسازی سەدەی بیستەم، بۆ بالاّبردنی قازانجی کۆمپانیاکەی لەگەڵ"ئایولی"پسپۆڕی پەیوەندیە گشتیەکانو ڕاوێژکاری کارگێڕیی مێزگردێکی لەگەڵدا سازکرد.

پێی ووت: ئێمە دەزانین دەبێت چی بکەین، بەڵام ئەگەر ئێوە ڕێگەیەك شك دەبەن کەبتوانین کاری باشتر ئەنجام بدەین. ئەوا پێمان بڵێن، من گوێ بۆ قسەکانتان دەگرم ئامادەم تائەو شوێنەی ژیریی و لۆژیك کار دەکات پارەتان پێ بدەم.

لی، وەڵامیدایەوە دەتوانم ڕێنمایتان بکەمو زیاتریش لەبیست خولەك کاتم پێویست نییە، پاشان لاپەڕەیەکی سپی دابە "شواب"و وتی: شەش کاری گرنگ کەدەبێت سبەینێ ئەنجامی بدەیت لەسەر ئەم لاپەڕەیە بینوسە. شواب، ئەم کارەی کرد، بەڵام داوای لێکرد: ئێستا بەسەرنجدان لەگرنگی ئەم کارانە بەڕیز ژمارەیان لێبدە، شواب، ئەم کارەی کرد، "لی" بەردەوام بوو. ئێستا ئەم لاپەرەیە بخە گیرفانتەوە،

بەیانی زوو لەگیرفانت دەربێنە سەرنجێکی کاری ژمارە یەك بدە. پاشان چاوێك بەهەموویدا بخشێنەوە دوبارە سەرنجی ژمارە یەك بدەرەوە پاشان هەنگاوی یەکەم دەست پێبکە، هێندە بەردەوامبە تائەمکارە بێتە کۆتایی، پاشان نۆبەی کاری دووەم پاشان سێیەم، نیگەران مەبە ئەگەر تەنها فریای کارێك یان دووان بکەویت لەسەر گرنگترین کارەکان کار بکە، ڕۆژانە سوود لەم ڕەوشە ببینە، دوای ئەوەی دەرکت بەگرنگی ئەم ڕەوشە کرد، داوا لەکارمەندەکانیش بکە هەمان کار دوبارە بکەنەوە ئەگەر هەستت کرد ڕەوشی پێشنیارەکەی من کاریگەریی هەبوو چەکێکی بەنرخی پێشنیارەکەم بۆ بنێرە.

چەند هەفتە دواتر شواب،چەکێکی بەبڕی ٢٥ هەزار دۆلاری هاوپێچی نامەیەك کردو بۆی نارد، لەنامەکەدا نوسیبوی: ئەمە بەهادارترین وانەیەك بوو، لەتەواوی تەمەنمدا وەرمگرت، زۆری نەخایاند کەکۆمپانیای پۆلاسازی بویە گەورەترین دامەزراوەی پۆلاسازی سەردەمی خۆی.

بەسەرنجدان بەتوێژینەوەکانی کۆمپانیای"دی تایمرز" تەنها یەك لەسێی کرێکاران دەربارەی کاری ڕۆژانەیان بەرنامەڕیژیی دەکەن لەم کۆی گشتیە تەنها نۆ لەسەد بەپێی بەرنامەی داڕیژراو کاریان ئەنجام دەدەن، گەر دەتەوێ کاریگەر بیت، دەبێت پابەندی بەرنامەڕیژیی بیت لەبەرنامەڕیژیی چل ڕۆژیدا سود دەبینم لەهەر ڕۆژێکدا کاری هەمووان، لەهەر کاتژمێرێکدا دیاری کراوە دەبێت چ کارێك ئەنجام بدەم، بەدەگمەن ڕێدەکەوێت بەیانیەك لەخەو بێدار ببمەوە نەزانم تا ئێوارە دەبێت چ کارێك بکەم، تەنانەت ڕۆژکانی پشوو بەم یاسایە دەبەمە سەر.

## کێشەکان کاتێ سەرهەڵدەدەن

### کاری بچوک کاتی زۆریان پێویست بێت

رابیت کرکین، دەڵێت: زیاتر بەئامانجە گەورەکان ناگەین، چونکە سەرەتا خۆمان خەریك دەکەین بەکارە بچوکەکانەوە.

کارایی بنەمای مانەوەیە، کاریگەریگەریی بنەمای سەرکەوتن، لەژیاندا زیاتر شتی بچوك و ڕێزەیی مرۆڤ بەدبەخت دەکەن، نمونەی ئەمە کارەساتی دڵتەزێنی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەی "ئیستێرن" لەناوچەی فلۆریدا بوو.

ئەم فرینە، فرینی ٤٠١ی نیویۆرك بۆ مەیامی بوو، بەگەشتیارانێك کەزۆرینەیان بۆ بەسەربردنی پشووەکانیان بەرەو مەیامی دەچوون، کاتێ فرۆکەکە بۆ نیشتنەوە لەفرۆکەخانەی مەیامی نزیك بویەوە، لامپی نیشاندانی نیشتنەوە دانەگیرسا، فرۆکە دەستی کرد بەخولانەوە بەسەر بەرزاییەکانی ناوچەکە هاوکات خزمەتگوزاری کابینەکان هەوڵیاندا تێبگەن هەرەمی نیشتنەوە لەکارکەوتووە یان لامپەکە سوتاوە، ئەندازیاری فرین هەوڵی دەدا، خزمەتگوزارەکان وازیان لەکاری خۆیان هێنا تاهاوکاری ئەندازیاری فرین بکەن بێئاگا لەوەی فرۆکە وردە وردە لەحاڵەتی دابەزیندایە، سەرگەرمی ئەوان هێندەی خایاند تافرۆکەکە لەدەروبەری فرۆکەخانەکە کەوتە خوارەوە لەم ڕوداوەدا دەیان کەس گیانیان لەدەستدا، گروپی فرین بەهەبوونی فرۆکەوانی بەئەزمونیشەوە بونە قوربانی لامپێکی بێ نرخ فرۆکەیەك بەوهەموو سەرنشینەوە کەوتە خوارەوە.



Scanned with CamScanner

## تاشە بەردی زەمەن

زەمەن، بۆ هەموومان فرسەتێکی یەکسانە، بەڵام هەموو بەیەك شێوە مامەڵەی لەتەك ناکەن، زەمەن وەك بەردێکی مەڕمەڕە، ئەگەر بدرێتە دەست کەسێکی ئاسایی هەمان شت وەردەگریتەوە، بەڵام گەر بدرێتە دەست پەیکەرتاشێك دەبینیت چی ڕوو دەدات، هونەرمەندانە لێی دەڕوانێت، سەرەتا پلانڕێژیی دەکات دەیەوێ چی دروست بکات، پاشان لەکارامەییەکانی خۆی سوود دەبینێت تالەو پارچە بەردە بێ گیانە چ شاکارێك بەدی بێنێت.

بڕوام وایە منو ئێوەش دەتوانین وەك پەیکەرتاش ڕەفتار بکەین، دەتوانین ببینە مامۆستای هونەرو لەجیاتی بەرد تاشین ژیان دروست بکەین.

# تایتانیك

*مۆڵەتە زەمەنییەکان و پێویستییەکان ناچاری یەکەمایەتییەکانمان دەکەن.*

یاسای پاکینسۆن، سەرنجمان بەلای ئەم حاڵەدا کێش دەکات، ئەگەر پێویست بکات تەنها نامەیەك بنوسین، چەند ڕۆژێکی بۆ تەرخان دەکەین، بەڵام ئەگەر پێویست بکات بیست نامە بنوسین هەموو لەڕۆژێکدا دەنوسین، لەحاڵەتی ئاسایی کارامەین، کارەکان بەدروستی ئەنجام دەدەین، بەڵام کاتێ زەمەن سنوردارو دیاری کراو دەبێت، یان کارێکی بەپەلە دێتە پێش، دەسەوسان دەبین، کارامەیی پایەو بنەمای مانەوەیە، کاریگەر بوون پایەو بنەمای سەرکەوتن.

شەوی ١٤نیسانی ١٩١٢ کەشتی گەورەی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی "تایتانیك" خۆی کێشا بەشاخێکی بەستەڵەکداو نووقم بوونی هۆکاری مردنی ژمارەیەکی زۆر بوو، سەیرترین ڕوداوی ئەم کارەساتە ژنێك بوو لەیەکێك لەبەلەمەکانی ڕزگاریدا جێی خۆی گرتبوو ووتی: ئایا دەتوانم بچمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم و شتێك بێنم؟ تەنها سێ خولەك فرسەتیان پێدا، لەحاڵێکدا بەپەلە بەڕێڕەوەکاندا ڕایدەکرد بەنێو پارەو خشڵ و

زێڕی گرانبەهادا دەڕۆشت لەشپرزەیی و خێرایدا شوێنەکەی تێپەڕاند، کاتێ گەشتەوە ژوورەکەی چاوپۆشی لەخشڵەکانی کرد لەجیاتیدا سێ پرتەقاڵی هەڵگرت و پاشان بەپەلە گەڕایەوە نێو بەلەمەکە.

چەند ساتێك پێشتر بەلایەوە گاڵتەجاری بوو کەزەمەنێك چەن پرتەقاڵێك لەئەڵماس بەچاکتر بزانێت، بەڵام لەناکاو بارو دۆخ کارێکی وای کرد شتەکانی ناو کەشتییەکەی گۆڕی و یەکەمایەتیەکانی لەسەر بنەمای ناچاریی دیاری کرد.

## هەڵسەنگاندنی ڕۆژانە

*یەکەمایەتی*

پیاوێـک بـۆ سـەیری پێـشبرکێی کۆتـایی مونـدیال، ڕۆشـت بـۆ سـتادیۆم، لەبـەرزترین ریـزدا لەسـەر نیـشتۆکێك دانیـشت، دوای دەسـپێکردنی پێـشبڕکێ سـەرنجی چـویە سـەر نیـشتۆکێکی بـەتاڵ لـەریزەکانی خـوارەوە، بەزەحمـەتێکی زۆر خـۆی گەیانـدە نیـشتۆکە بەتاڵەکە لەو پیاوەی تەنیشتی پرسی: ببورە ئایا ئەم نیشتۆکە جێی کەسێکی دیکەیە؟

پیاوەکە وتی: نەخێر! لەڕاستیدا ئەم نیشتۆکە من گرتبووم بڕیار بوو لەگەڵ ژنەکەمدا بێین بۆ ئێرە، بەڵام ئەو مرد، ئەمە یەکەمین پێشبڕکێیە لەسـەرەتای هاوسـەرگیریمانەوە لـە ١٩٦٧وە پێکـەوە نـەبین، پیاوەکـە بەناڕەحەتیـەوە وتـی: زۆر ناخۆشـە، ئـەی نـەتتوانی کەسـێکی دیکـە لەگەڵ خۆت بێنیت خزمێك، دۆستێك؟

پیاوەکـە وتـی: نـەخێر هـەموویان بـۆ مەراسـیمی ناشـتنی تەرمەکـەی ڕۆشتن.

یەکەمایەتیـەکان بـەجێگریی نامێننـەوە، دەبێـت ڕۆژانـە بـەڕێك‌و پێکـی چاوی پێدا بخشێنینەوە، دەڵێن بۆچی؟ چونکە ڕەوشی ئەنجامدانی کار بەهاوشانیی بـارو دۆخـەکان بەشێوەیەکی ڕێك لەحاڵی گۆڕاندان، بەها دیاریکراوەکان جێگیر دەبن ناچاریت پشتیان پێ ببەستیت، بەڵام چۆن جێبەجێ کردنیان دەبێت خاڵی وەرچەرخان بێت.

Scanned with CamScanner

# دیاریکردنی ئامانج

*کەشەکردنی ڕۆژانە*

لەساڵی ١٩٧٢، بەشی پێشبڕکێکانی ئۆلۆمپییک لەتەلەفزیۆنی ئیلهامبەخش، پێشبڕکێی مەلەوانی بەناوی "جان نیبر" سازکرد، ئەولەو سەردەمەدا مەلەوانێکی بێ وێنە بوو، بیریکردەوە بەهەوڵێکی بەرین خۆی بکاتە پاڵەوانی ئۆلۆمپییک، ئەو سەرنجیدا دەبێت ماوەی مەلەکردنی چوار ساڵی بەچوار خولەك بێنێتە کۆتایی، بۆمن و بۆ ئێوەش لەوانەیە ئەم خاڵە بچوکەی زەمەن هەرگیز بەرچاو نەکەوێت، چونکە ئێمە ڕێگەیەکی درێژمان بۆ گەیشتن بەم خاڵە هەیەو قاڵبی فیکریمان بەکاتژمێرو خولەکەکان ڕاهاتووە، بۆ کەسێکی وەك"نیبر" کە بەچاکی ڕاهێنرابوو گەیشتبویە سنوری چرکەکان، ئەم کارە گەلێك ئۆزار دەردەکەوێت، بۆ وەرزشکارانی نایاب، رازی سەرکەوتنیان بەسەر ڕکابەرەکانیاندا لەچرکەکاندا حەشار دراوە.

"نیبر" بەرەچاوکردنی ئەم ڕاستیە ڕێگەی دەسکەوتنی ئەم ئامانجەی گرتەبەر. ئەگەر ئەو توانیبای بەرنامەی وەرزشی دەمانگ لەساڵێکدا بۆ چوار ساڵی ئاینده داڕێژێت ئەمە دەکرا بتوانێت هەرمانگێك یەك لەدەی چرکەیەك پێشرەوی بکات، ئەمە کارێکی سەخت بوو، بەلام ئەو بەئەنجامدانی ئەمکارە بڕوای کرد دەتوانێت بۆ ئۆلۆمپیکی ١٩٧٦ خۆی ئامادە بکات، ئەندێشەکەی "نیبر" دروست

بـــوو. بەرنامەکـــەی ئـــەنجامێکی دابەدەســـتەوە بـــەپێنج میـــدالیاوە کەچواریان ئاڵتون بوون گەڕایەوە.

گـەر ئێمـەش بمانـەوێ لەگەشـەی خۆمانـدا پێـشڕەوی بکـەین دەبێـت زەینێکـی بـەم هاوشـێوەیە پـەروەردە بکـەین گـەر لـەجۆش و خرۆشـی ئەوەدا بین کەهـەر ڕۆژ حاڵمـان کـەمێك باشتر بێت، دەبێت بۆ ئەمکارە بەرنامەرێژی هاوشێوە بگرینەبەر. ئەوکات دەتوانین بەدرێژایی زەمەن پێشڕەوییە مەزنەکان مسۆگەر بکەین.

# نوسینی یەکەمین کتێبم

یەکێك لەو پرسیارانەی زۆربەی جار لێم دەکرێت، دەربارەی نوسینە، ڕێبەرە لاوەکان زیاتر لێم دەپرسن چۆن دەستم پێکرد منیش زیاتر نوسینی یەکەمین کتێبم بەناونیشانی بەمجۆرە بیر بکەرەوە، ڕوون دەکەمەوە، کتێبێکی بچوکە زیاتر بەشەکانی لەسێ لاپەرە پێك دێت، بەمجۆرە نوسینی ئەو کتێبە ساڵێکی خایاند، لەیادمە جاری واهەبوو شەوانە بێدار دەبووم، بەڵام لەچەن ڕستەیەك زیاترم پێ نەدەنوسرا.

ئەوان لەوەڵامی مندا دەیانوت: هەموو دەمانەوێ کتێبگەلێك بنوسین، کاریگەری لەسەر کەسانی جۆراوجۆر دابنێین، لەوەڵامدا دەڵێم: زۆرچاکە چییتان نوسیوە؟ ئەوان زۆرجار دەڵێن: تائێستا هیچمان نەنوسیوە، پاشان لێیان دەپرسم باشە لەسەر چ پرسێك كار دەکەن؟

دەڵێن: هێشتا بابەتمان نەنوسیوە، بەڵام خەیاڵی هەمەجۆرمان هەیە، پاشان ڕوونی دەکەنەوە بەتەمان مانگی داهاتوو فرسەتی زیاتریان هەبێت، کاتێ ئەمجۆرە قسانە دەبیستم دەگەمە ئەو ئاکامەی ئەوانە هەرگیز هیچیان لێ ناوەشێتەوە.

نوسەران دەنوسن، ڕێبەران ڕێبەرایەتی دەکەن، ئەو کارەی دەتانەوێ ئەنجامی بدەن دەسبەکار بن،"لویس لامور" تائێستا زیاتر لەسەد کتێبی چیرۆکی نوسیوە زیاتریش لە ٢٣٠ ملیۆن تیراژی لێ فرشراوە، ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت: بنوسن، گرنگ نییە لەبارەی چییەوە دەنوسن، پێویستی سەرکەوتنەکان داهێنانە، مەرام و نییەتی چاک بەس نییە، ئامادەییش بەتەنها بەس نییە.

Scanned with CamScanner

## هەر ئێستا دەسبەكار بن

چەن هەفتەیەك لەمەوبەر"سامی پول" بابەتێكی بۆ ناردم پوختەكەی پۆزش هێنانەوەو راسپاردەكردن ئەنجام نەدانی كارگەلێك بوو كەدەبێت ئەنجامی بدەین. بەشێك لەبابەتەكە بەمجۆرە بوو:

چاوەڕوان مەبن ...

تا قیستی خانوو یان ئۆتۆمبیلتان بدەن،

تا خانو یان ئۆتۆمبیلێكی نوێ بكرن،

تا منالْەكانتان لێتان جیابنەوە سەربەخۆبن،

تا بچنە زانكۆ،

تا زانكۆ تەواو بكەن،

تا دەكیلۆ لەكێشتان دابەزێنن،

تا دەكیلۆ لە كێشتان زیاد بكەن،

تا هاوسەرگیریی بكەن،

تا جیا ببنەوە،

تا منالْتان ببێت،


تا هاوین بێت، تا بەهار بێت،

تا پاییز بێت،

تا زستان بێت،

تا بمرن،

پێدەچێت ملیۆنێك پاساو هەبێت بۆ دەسبەكار نەبوون، بەڵام هیچ یەكێك لەمانە بەئەندازەی مەیلی خۆتان بۆ گۆڕان، گەشەكردن و سەركەوتن بەهێز نییە، یەك مانگ یەك ساڵ پێنج ساڵی دیكە لەوانەیە بەداخ بن بۆئەوەی بۆچی پێشتر دەسبەكار نەبوون، ئەمرۆ گرنگە، جۆری بەسەربردنی ئەمرۆتان دەتوانێ ژیانتان بگۆڕێت، بەڵام یەكەمین بڕیار ئەمەیە دەسبەكار بن.



Scanned with CamScanner

## پێی گەیشتن بەلوتکە

سەردەمێك هاوڕێم"زیگ زیگلار" پێی ووتم: لەگەشتێکیدا بۆ شاری واشینگتۆن سەردانی بالاٌخانەی"یادبود"ی کردووە، کاتێ خۆیی و چەندێك لەهاوڕێکانی گەشتونەتە ئەوێ، ڕێنمایەك ڕایگەیاند: پیاوان و ژنان بۆ سواربوونی ئەو ئاسانسوارەی کەدەچێتە نهۆمی کوتایی بالاٌخانەکە، دەبێت دوو کاتژمێر چاوەڕوان بن، پاش وچانێك بزەیەکی کردو ووتی: بەلاٌم گەر بتەوێ بەپلیکانەکاندا سەرکەویت پێویستی بەچاوەڕوانی نییە!

داستانەکەی زیگی، یەکێك لەخاڵەکانی پەیوەست بەسەرکەوتن نیشان دەدات، لەڕاستیدا هیچ ئاسانسوارێك بۆ سەرکەوتن و گەیشتن لوتکەی سەرکەوتن بوونی نییە، گەر دەتانەوێ بچنە ئەوێ دەبێت هەنگاوی درێژخایەن هەڵگرن، لەوەی چەن هەنگاو دەنێن تاچەن خوازیارن برەو بدەن بەبالاٌچوون ئەمە دیاری دەکات دەگەنە چ لوتکەیەکی بالاٌ.

## پەرجوو بەدی بێنن

جۆن ئێف کەنەدی، حەزیدەکرد داستانگەلێك دەربارەی فیتز گرالدی باپیری بگێڕێتەوە، باپیری ئەو لەسەردەمی لاوێتیدا لەئیرلەندا دەژیا، دەڵێت: باپیری لەگەڵ کۆمەڵێك منالی دیکەدا بەپێ ڕێگەی نێوان ماڵو قوتابخانەیان دەبڕی، بەهەورازو نشێوو بەردەلاندا ڕێیان دەکرد، بڕینی هەورازێکی بەردەلان گەلێك سەخت بوو، زۆریان سێ مەتر تا چوارو نیو بەرز بوون، مەترسیدار بوو، بەلام سەرەڕۆیی منالەکان وای کردبوو هەمیشە بەسەر دیواردا سەرکەوون.

ڕۆژێك لەڕێگەی نێوان قوتابخانەو ماڵەوە، فیتز گرالد، کلاوەکەی داگرتو هەڵیدایە ئەو دیوی دیوارەکەوە، ئەو ساتەی کلاوەکەی هەڵدا تێگەشت هەرچەن ترسێکی زۆری هەیە لەدیوارەکە دەبێت بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوێت، تا کلاوەکەی بێنێتەوە بەبێ کلاو نەیدەوێرا بچێتەوە بۆ ماڵەوە.

هەڵدانی کلاو بۆ سەر دیوار، پابەندتان دەکات، کەمێك خۆتان بخەنە ژێر فشارەوە کارێك کەدەکرێت بەشێوەیەکی ئاسایی خۆی نەدات بەدەستەوە ئێوە ئەنجامی بدەن، ژمارەیەکی کەم لەخەڵکی تەواوی ژیانیان خستۆتە ژێر فشارەوە ناچارن هەوڵ بدەن، ژیان مەمان

ژمارەی کەم بۆ پاشماوەمان ئیلهامبەخشە، بەدیتنی ژنو مێردێک کەمەوڵ دەدەن تاببنە پاڵەوان، داهێنەرو بازرگانێکی سەرکەوتوو وەرزشکارێکی پاڵەوان، بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنەکانمان ئومێدو پەرجو دەنوێنین، فرێدانی کڵاوەکانمان بۆ سەر دیوار، کەسانیتریش بەدیتنمان کەبەبەرزاییەکاندا رێدەکەین پێیدا دەپەڕینەوە لەبەرەو باڵاچووندا دەسبەکار دەبن.

سەرەتای ساڵانی ئەم سەدەیە، چارلیز لیندبرگ، بەفڕین بەسەر بەرزاییەکانی ئەتڵانتیکدا دنیای هەژاند، کاتێ گوێ بۆ بەسەرهاتەکەی بگرین، دەڵێت چۆن بەسەر ئاسمانەکانی ئەمریکاو کەنەداو فنلاندای نوێدا ڕەت بووە، ئەو کاتێ سەیری زەمینی دەکرد تالەکاتی پێویستدا لەو شوێنەی پێویستە بنیشێتەوە تەنها لەبەرزاییەکانی ئەتڵانتیکدا بوو کەسەیری خوارەوەی کرد، ئەو ساتە هاتە پێش دەرکی ئەوەی کرد ڕێگەی گەڕانەوەی نییە هیچ شوێنێکیش نەماوەتەوە بۆ نیشتنەوە، چارلیز نلیندبرگ کڵاوی خۆی فڕێدایە سەر دیوار هەمان ئەو کارەی ئەو بویە ئیلهامبەخشی ژیانی.

Scanned with CamScanner

## ئەمڕۆی خۆت بگۆڕە بەشاکارێك

ئەو دەمەی منداڵ بووم، باوکم عادەتی بوو بڵێت: دەتوانی ئەمڕۆ کار بکەیت بەیانی یاری بکەیت، یان ئەمڕۆ یاری دەکەیت و سبەی کار دەکەیت، بەڵام لەهەردوو حاڵەکەدا کارێك ئەنجام دەدەیت.

مەبەستی ئەمە بوو دەتوانی ئەمڕۆ یاری بکەیت زۆر لەخۆت نەکەیت، بەڵام لەم حاڵەدا دەبێت ژیانی سەختی ئاینده لەئەستۆ بگریت.

بەهەر حاڵ سەختیەکانی ئەمڕۆی ئێوەیە پاداشت و بەرهەمی ئاینده دەکاتە نسیبتان.

## پابەندی بەڵێنەکانتان بن

کەسێك پرسیاری لە "جیمز کوربت"ی پاڵەوانی یاری بۆکسێن و مشتەکۆڵە کرد: بۆ پێشبڕکێی یاری مشتەکۆڵەی قورس چی دەکەیت؟

ووتی: یەکخولی تەواو ململانێ دەکەم، کاتێ لەتۆماس ئەدیسۆنیان پرسی:هۆکاری سەرکەوتنی داهێنانەکانی تۆ چیین؟

ووتی: من لەو جێیەوە دەستم پێکردووە کە کەسانی دیکە وازیان لێ هێناوە.

ناپلیۆن هیل، لەکتێبێکدا بەناوی بیر بکەرەوە دەوڵەمەندبە، دەنوسێت: دوای مشتو ماڵ کردنی پێنج سەد کەسی دەوڵەمەندی دنیا گەشتمە ئەو ئاکامەی تەواوی کەسانی دەوڵەمەند پێداگروو سوور بوون، کاتێ وینستۆن چیرچڵ چویە قوتابخانەی سەردەمی منالی، بینەران چاوەڕوان بوون سەرۆك وەزیر لێدوانەکەی خۆی بدات، وتاربێژییەکی گەورەی لێ بوەشێتەوە، ئەو لەهەمبەر هەمواندا وەستاو لێدوانەکەی بەم دەستەواژەیە دەسپێکرد: هەرگیز خۆ مەدەن بەدەستەوە، هەرگیز، هەرگیز. ئەم لێدوانەی ئەو بوو بەلێدوانێکی نایابی مێژویی.

بەبەڵێنەکانتانەوە پابەند بن، هەرگیز بەرپرسیارێتیەکانتان پشتگوێ مەخەن.

## بەڵێن کلیلی بنەڕەتییە.

نیوەی ساڵی ۱۹۷۰سەردەمی بڕیاردانی گرنگی ژیانم بوو، ڕوبەڕوی هەڵبژاردنێك بوومەوە کە ڕەوتی ژیانی داهاتوی بۆ دیاری دەکردم، لەو خولەدا بۆ ماوەی ساڵێك کارتێکم لەباخەڵدا بوو چەندینجار دەرم دەهێناو دەمخوێندەوە. لەوانەیە سەدان جار، "بەڵێن، کلیلی سەرەکی سەرکەوتنە"، کاتێ بەڵێنێك دەدەین، دودڵی و گومان بوونیان هەیەو فرسەتێکیش دەمانترسێنێت، بەڵام ئەو ساتەی بەڵێن دەدەین، خودا لەپێشمانەوە دەڕوات ڕوداوی لێدەکەوێتەوە، تەواوی کارەساتی چاوەڕواننەکراو دیتنی کەسانێك کەهەرگیز بەخەیاڵماندا نەهاتووە ڕێمان پێدەگرێت بەرەو پیرمان دێت.

مەزنترین ڕۆژەکانی ژیانتان ڕۆژانێکن، کەلە باڵاترین پلەوە پابەندانە کار دەکەن، مەزنترین ڕۆژەکان، ڕۆژانی گەڕان و ڕابواردنە، تەنانەت ڕۆژانێك نییە کە لەگەڵ هاوڕێ و دۆستاندا بەسەری دەبەن، کاتێ پرسێك دەتانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە تەواو پابەندی کردن بەخۆیەوە، ئەو ڕۆژانە، ڕۆژانی مەزنی ژیانتانە.

ئەگەر بتوانم ووشەیەك بۆ وەسفکردنی پابەندبوون بدۆزمەوە ووشەی "تەنهایی"ە ئەگەر بەڕودی بەپرسێکەوە پابەندبن دنیا دەرکتان

ناکات تەنها دەبن، "نوح" بەتەنها بۆ خۆیی و دەست و پێوەندەکانی کەشتیی دروستکرد خستیە دەریاوە، "ئیبراهیم" بەتەنها سەرگەردان بوو بەتەنهاش بەندایەتی کردو خودای دۆزییەوە، "مەسیح" بەتەنها عاشقی ئیلاهی بوو بەتەنهاییش بەرز بویەوە.

سەردەمێك رەخنەگری ناودار "سارا ساتە" مەزنترین کەمانژەنی سەدەی نۆزدەهەمی ئسپانیای بەبلیمەت ناوزەد کرد، سارا ساتە لەوەلآمی ئەم ووشەیە ووتی: بلیمەت؟! ٣٧ساڵە ڕۆژی ١٤ کاتژمێر کار دەکەم ئەو کات پێم ووترا "بلیمەت" ئەگەر خولەکەکان بژمێریت دەبیتە سوڵتانی زەمان.

Scanned with CamScanner

## ئیقباڵ

ڕۆژانە کاری دەکردو شەوانە زەحمەتی دەکێشا، یاریەکانی کەنار داو چێژەکانی بیر بردەوە. کتێبی قورسی خوێندەوە فێری شتی نوێ بوو، پێشکەوتن‌و سەرکەوتنی مسۆگەر کرد، بەئیمانەوە هەوڵیدەدار پێشکەوت‌و کاتێ سەرکەوتنی مسۆگەر کرد هەموو وتیان" بەختەوەر ئیقباڵی هەبوو".

## یاسای ٢٤ کاتژمێریی

دان شولا، ڕاهێنەری پێشووی تیمی فوتباڵی مەیامی، ڕاهێنەرێکی نایاب کەتیمەکەی کردە خاوەنی سەرکەوتنەکانی پێشبرکێی فوتباڵی ئەمریکا، رازی سەرکەوتنی لەچیدا بوو؟

ئەو کاتێ ڕاهێنەریی ئەم تیمەی لەئەستۆ گرت، پەیرەوی لەیاسای ٢٤ کاتــژمیریی کــرد، دوای یــاری فوتبــاڵ، بــەخۆیی و هاوکــاران و یاریزانەکانی تەنها ٢٤ کاتژمێری تەرخاندەکرد، تابۆ بردنەوە ئاهەنگ بگێڕن، بۆ دۆڕاندن خەم بخۆن، لەم ماوەیەدا ئەوان دەبزوان بۆ ئەوەی باشــترین ســوود ورگــرن، بــەڵام بەتــەواو بــوونی ٢٤ کاتــژمێر دەبــوو کارەسات تێپەڕێنن.

ئێوەش پێویست ناکات یاریزانی فوتباڵ بن تاسوود لەم راسپاردەو ئامۆژگارییە ببینن.

Scanned with CamScanner

## جەوهەری کارگێڕیی

گـەورەترین هەڵـەی ئێـوە ئەمەیـە ناپرسـن هەڵـەکانتان چییە
سەرەنجام دوای تـەواو بوونی کـۆڕی وانەیـەکم لـەبارەی "دژایـەتی "مرۆ
لەزەنگی پشووەکەدا کوڕێکی لاو هاتەلام ووتی: دەمەوێ سازمانی خۆم
خودی خۆم بیخەمە ڕێ، ووتم: خۆزگـەم بەخۆت، ووتـی: بەڵێ دەمەوێ
کارو کاسبیم لەسـەر بنەمایـەکی دروسـت دارێـژم ناچار نـەبم بەپرسی
نابەجێوە خـۆم خـەریك بکـەم کاتـێ کەگەڕایـەوە بـڕوات ووتم: دەزانی
هەڵەت کردووە پێت وایە هەڵەیەکت نەکردووە؟

## بارتەقای شکست

ماموستایەکی سیرامیک، لەڕۆژی کرانەوەی پۆلدا ووتی: فێرخوازان دەکەم بەدوو بەشەوە، هەموو ئەو کەسانەی لای چەپی کارگە تەنها لەسەر بنەمای ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن پلە بەندی دەکەم‌و کەسانی لای ڕاستی کارگە بەپێی چۆنێتی، ڕەوشی من سادەیە، دوای تەواو بوون، پێوانەکە دێنم تا پێوانەی کارو چەندێتی بپێووم، ئیمتیازی (ا) دەدەمە ٢٢ کیلۆ سیرامیک‌و ئیمتیازی(ب) دەدەمە ١٨ کیلۆ بەوجۆرە، بەڵام ئەو گروپەی بەپێی چۆنێتی پلە بەندی بۆ دەکەم تەنها پێویستی بەدروستکردنی کاسەیەکی گڵینە، نمرەی (ا) دەبەخشمە کاسەیەکی تەواوو کامڵ.

کاتی پلە بەندی هاتە پێش، ڕاستەقینەی سەیر ئاشکرا بوو، کاسەی باشترین چۆنێتی ئەندامانی گروپی چەندێتی دروستیان کردبوو، وادەردەکەوت کاتێ گروپی چەندێتی خەریکی سوڕاندنی چەرخی گڵین بوون پەندیان لەهەڵەکانیان وەرگرتبوو، گروپی چۆنێتی خەریکی چاولێکەری دەربارەی چۆنێتی بوون سەرەنجام جگە لەپارچەیە قوڕێکی وشەکەوە بوو تیۆری خۆ بەزلزانانە شتێکی دیکەیان پێ نەبوو. گرنگ نییە، ئەگەر ئامانجەکانتان بەهونەر، بازرگانی، وزارەت، وەرزش، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، نەبەسرابێتەوە تەنها ڕێگەیەک بتوانن بیبڕن ئەمەیە زوتر هەنگاو بنێن شکست بخۆن شکست بخۆن دوبارە شکست بخۆنەوە پەند وەرگرن.

# ڕوبەڕوی کێشەکان ببنەوە

نزیکەی بیست لەمەوبەر، یەکێك لەریکلامە بازرگانیە تەلەفزیۆنیەکان، ژیانی ماڵی خێزانێکی نیشاندا، مناڵەکان یارییان دەکرد، دایك بەگسکی کارەبایی ماڵی خاوێن دەکردەوە، باوك ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، دەکرا بڵێیت ئەمە نمونەی خێزانێکی ئەمریکیە، دیارە بێجگە لەپرسێکی نائاسایی، فیلێکی زەبەلاح لەگەڵ ئەوان لەماڵەکەدا بوو.بەوەدا دیار بوو ئەم فیلە کێشەی بۆ دروست کردبوون، ئەندامانی خێزانەکە گوێیان بەفیلەکە نەدەدا وایان دەردەخست هیچ وجودێکی نییە، ئەم ریکلامە بازرگانییە هۆشداری دەربارەی خەرجی مادده کحولیەکان بوو، ئالودە بوون بەکحولەوە لەخیزاندا کێشە دەنێتەوە بەم حاڵەشەوە خەڵکی زیاتر دەریدەخەن کە کێشەیەك لەئارادا نییە.

١. ئەوانەی ناتوانن کێشەکان ببینن، یان خۆیان لەدیتنی دەشارنەوە.

٢. ئەوانەی کێشەکان دەبینن، بەڵام چونکە خودی خۆیان کێشەکانیان دروست نەکردووە، کەسانی دیکە سەرزەنشت دەکەن.

٣. ئەوانەی کێشەکان دەبینن سەرباری ئەوەی خۆیان کێشەکانیان دروست نەکردووە هەستی بەرپرسیارێتی دەکەن بۆ یەکلایی

کردنەوەی. من لەئەزمونێکی دورو درێژ لەو پەیوەندییانەی لەگەڵ کۆمەڵێك کەسدا هەمبووە گەشتومەتە ئەو ئاکامەی کاتێ ڕوبەڕوی کێشەکان دەبنەوە یەکێ لەم چوار بڕیارەی ژێرەوە دەدەن:

١. لێی دورەپەرێز دەبن هەوڵێ ئەوە دەدەن فاسیلەیەك پێك بێنن، بەڵام هەمیشە کێشەکان بەدوایانەوەیە.

٢. فەرامۆشی دەکەن، هیوادارن کێشەکە نەمێنێت، بەڵام کێشەکە زیاتر مەترسیدار دەبێت.

٣. دەجەنگێن لەتەکیداو بەرگری لەبەرابەردا دەنوێنن بەڵام کێشەکە هێشتا بوونی هەیە.

٤. واقیع بینانە ڕوبەڕوی دەبنەوە ڕێچاری بۆ دەدۆزنەوە، کەسانێك ڕوبەڕوی کێشەکان دەبنەوە ئەمە دەزانن یەکەمین هەنگاو بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان دەسبەکار بوونە.

Scanned with CamScanner

## ڕوبەڕو بونەوەی هەمیشەیی

### بەنەگونجاوەکان

کاتێ بڕیاری ئەو دەدەن دیدێکی جێگیرتان هەبێت، پاشان ئەو بڕیارە بەدروستی جێبەجێ دەکەن، لە" لینس ئارمسترانگ" بپرسن، ئەو لەساڵی ١٩٩٩ توانی لەپێشبڕکی دوچەرخەسواریی خولی فەرەنسا پلەی یەکەم بەدەست بێنێت، ئەم پێشبڕکێیە گەورەترین پێشبڕکێی جیهانییە، لەم پێشبڕکێیەدا دوچەرخەسوارەکان بەماوەی سێ هەفتە زیاتر لەسێ هەزار کیلۆمەتر دەبڕن، کاتێ ئارمسترانگ سەرکەوتنی بەدەست هێنا، پەیامنێرێك لەهێڵی کۆتاییدا لەپاریس کەچاوەڕوانی کوڕەکەی بور پرسیاری لەلیندای دایکی کرد: ئایا سەرکەوتنی کوڕەکەی هیچ ئاستەنگێکی هەبوو؟

وەڵامیدایەوە: کوڕەکەم تەواوی ژیانی ڕوبەڕوی کێشە بۆتەوە.

ئارمسترانگ لەساڵی ١٩٩٦ لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا مەزنترین دوچەرخەسواری دنیا بوو، وادەردەکەوت بەئاواتی خۆی گەشتبێت، ئەو ژیانێکی گەلێك خۆشی هەبوو، لەرکابەری بەباشترین سەرکەوتور هەژمار دەکرا، بەڵام لەم دەمەدا شلکەی ڕانی زۆر بەتین دوچاری نەخۆشی بوو، کاتێ سەردانی پزیشکی کرد زانی دوچاری شێرپەنجەی

سپی بووە، پاشان حاڵی خراپتر بوو، شێرپەنجە هەموو گیانی تەنییەوە تا گەیشتە سییەکانی.

حاڵێکی مەترسیداری هەبوو، بەڵام سەرباری ئەمانە دیدی خۆی پاراست دەرونێکی جەنگاوەری هەبوو، ئەو کاتەی پزیشکەکان پێیان وت، شێرپەنجە گەشتۆتە مێشکی، ئارمسترانگ دەڵێت: زۆر بەتین راچڵەکیم، دەمویست بەرامبەر ئەم نەخۆشییە بۆستمەوە بەڵام ئەوەی پێم وترا ئەمە بوو هیچ کەسێك لەدەست غوودەی مێشك دەرباز نابێت، پزیشکان نوژاری مێشكو شێرپەنجەیان بۆ ئەنجامدا، پاشان خرایە ژێر چارەسەری کیمیایی، پێیان وت تەنها پەنجا لەسەد ئەگەری ژیانی هەیە، کاتی بەرنامەی چارەسەرکردن گەشتە کۆتایی یەکێك لەپزیشکەکان پێێ وت: نەخۆشییەکەی مەترسیدارترین نەخۆشییەکە تائێستا ئەو بینیبێتی بۆیە ئەگەری ژیانی ئارمسترانگ سێ لەسەدی بۆ دانابوو.

لەتەواوی ئەم ماوەیەدا ئارمسترانگ، دەرونو ناخی خۆی پاراستو بەشیوەیەکی ئەرێنی بیری کردەوە، بڕوای وابوو هیوا تاکە هۆکاری ڕەوینەوەی ترسەکانە، کاتێ لێیان پرسی: ئایا حاڵی مەترسیداری تۆ وای لێکردویت پەرێشان بیت؟

وتی: هەرگیز، پەرێشان نەبووم، دەبێت بڵێم لەو دەمەدا بەشێوەیەکی زۆر ئەرێنی بیرم دەکردەوە.

ڕەها بوون لەنەخۆشی شێرپەنجە بەهاوکاری ئەندێشەیەکی ئەرێنی دەسکەوتێکی گرنگە، بەڵام ئامسترانگ، زیاتر لەمەی دەویست، دەیوسیت سەرلەنوێ بگەڕێتەوە گۆڕەپانی پێشبڕکێی دوچەرخە

سواریی، لەم گەڕانەیەدا ڕوبەڕی چەن چالاکیەکی سەخت بویەوە، دەبوت لەجوغزی دەسپێکردنی پێشبڕکێدا لەئۆتۆمبیلێکدا دانیشتبووم، تاجەستەم بەگەرمی بپارێزم هەرگیز حەزم نەدەکرد لەم پێشبڕکێیەدا بەشداری بکەم کاتێ بەم حاڵەوە پێشبڕکێ بکەیت لەناخەوە شتێکی خوازراو نابێت، کاتێ لەئوتۆمبیل دابەزیم هاتە کەشێکی ساردەوە دیدو بۆچوونم لەهەمووی خراپتر بوو.

بەڵام ئارمسترانگ بەم حاڵەوە دابەزی، دوای ئەمە پێنج کەڕەت بەشداری پێشبڕکێکانی خولی فەرنسای کرد، ئارمسترانگ، دەزانێت کە دیدو ئەندێشەی ئەرێنی چ سەرمایەیەکی گرانبەهایە، لەم بارەیەوە دەڵێت: بەبێ باوەڕ، بێجگە لەدڵتەنگی و کەڵەکە بوونی شتێك هیچمان بۆ نامێنێتەوە، بەمجۆرە پێشوازیم لەشکست کرد، تاکاتێ دوچاری نەخۆشی شێرپەنجە نەبووم نەمدەزانی چۆن هەموو ڕۆژێك لەگەڵ دۆخی نەرێنی دنیادا بجەنگێم چۆن هەموو ڕۆژێك لەگەڵ بەدبینیەکان ململانێ بکەم، نائومێدی دوژمنی ڕاستەقینەو سەرسەختی ژیانە، نەك نەخۆشییەکی کت و پڕ.

دوای سەرکەوتنی ساڵی ١٩٩٩لەپێشبڕکێکانی خولی فەرنسا، داوای لەپەیامنێران کرد ئەم پەیامە بگەیەنن، پێم خۆشە بڵێم ئەگەر لەژیاندا هەلت بۆ هەڵکەوتەوە دەبێت نەوەستیت تاهێڵی کۆتایی، دەمەوێ هەمان راسپاردە بەئێوە بڵێم: ئەگەر لەرابردودا ئەندێشەیەکی باشی ئەرێنیت نەبووە، فرسەتی دیکەت هەیە، دەتوانی لەدیدی خۆتدا دەمەزەردی ئەندیشەکانت بکەیتەوە دەتوانی دەرونێکی باش بۆ خۆت بەدەست بێنیت.

## کێشەکان مانای تەواو دەبەخشنە ژیان


جارێك فەیلەسوفێکی دانا رایگەیاند، تاکە ئاستەنگی هەڵۆ بۆ فڕینێکی خێراو ئاسان هەوایە، دیارە گەر هەوا نەبێت ئەو باڵندەیە بێ هەوا دەفڕێت و بێگومان دەکەوێتە خوارەوە چیتر ناتوانێ هەستێتەوە بۆ فڕین، هەمان ئەندامی سەرەکی کە لەبەرابەر فڕیندا بەرگری دەنوێنێت، فاکتەرێکە بۆ سازکردنی فڕین، ئاستەنگی بنەرەتی لەبەلەمی ماتۆرداردا کە دەبێت زاڵ بێت بەسەریدا ئاوی بەرابەری پەروانەی بەلەمەکەیە، سەرباری ئەمە گەر هەمان ئاستەنگ نەبوایە بەلەم هەرگیز جوڵەی نەدەکرد.

هەمان یاسا کەدەڵێت: ئاستەنگەکان سەرکەوتنەکان دەستەبەر دەکەن، بۆ ژیانی مرۆڤیش هەمان شتە، ژیان بەبێ ئاستەنگ و گرفت و شکستەکان، کاتە بەدیهێنەرەکانی خۆی لەدەست دەدات، جومگەی نەزانی و نەفامی مانا دەبەخشێتە فێر بوونەکان، کێشە چاکبونەوەی نەخۆشییە مانا دەبەخشێتە دەرمان، کێشە ناکۆکی کۆمەڵاتییە مانا دەبەخشێتە دەسەڵات.

Scanned with CamScanner

لەباشوری ئەمریکا، سەردەمێك لۆکە هەموو شتێکی خەڵکی بوو، ئەسپێنی قۆزاخە پەموو لەمەکزیکەوە هات و دایبەسەر وڵاتە یەکگرتوەکانداو قۆزاخەکانی فەوتاند، وەرزێرەکان ناچار بوون بەروبومی هەمەجۆر وەك پاقلەو بادام زەمینی، بچێنن، فێربوون لەمەزراکانیاندا کێڵگەی مریشك و بەرازو مەڕ دروست بکەن، سەرەنجام وەرزێران باشتر بوون لەو سەردەمەی کە تەنها کشتوکاڵی پەموویان دەکرد، خەڵکی ئەنتر پرایز لەئالاباما، لەوەی ڕویدابوو خۆشحاڵ بوون، لەساڵی ١٩١٠ تەلاری "یادبود"یان لەقۆزاخەی پەموو دروست کرد، ئەوان کاتێ لەسیستمی تاك بەرهەمیی گۆڕان بۆ کشتوکاڵی هەمەرەنگ دەوڵەمەندتر بوون، نوسراوی سەر تەلاری "یادبود" ئەمە بوو: بەمەبەستی قەدرزانین لەقۆزاخەی پەموو کارێك لەڕوی خۆشگوزەرانی جوتیارانەوە ئەنجامیدا.

هەموو لەژیاندا حەز دەکەین لەشەری کێشەو ئاستەنگان رزگارمان بێت، کاتێ ئەم وەسوەسەیە دەگاتە ئەوج، بیرێك لەسەردەمی لاوێتی ئەو کەسە بکەرەوە لەپیرەمێردێکی پرسی: باری قورسی ژیان چییە؟ پیرەمێرد خەمبارانە وەڵامیدایەوە: نەبوونی بارێك بیدەیت بەکۆڵتدا.



Scanned with CamScanner

## حەوت ڕازی سەرکەوتن

١. هیچ ڕازێکی سەرکەوتن لەئارادا نییە.
٢. سەرکەوتن بۆ هەمووانە.
٣. ئێوە ژیانتان کاتێ باشتر دەبێت کە خۆتان باشتر بکەن.
٤. بێ فیداکاریی، سەرکەوتنێك لەئارادا نییە.
٥. سەرکەوتن سانتی مەتر بەسانتی مەتر بەدەست دێت نەك کیلۆ مەتر بەکیلۆ مەتر.
٦. گەورەترین دوژمنی سەرکەوتنی سبەی، سەرکەوتنی ئەمڕۆیە.
٧. هیچ ئامۆژگارییەك بۆ سەرکەوتن بەسوود نییە تاکو کاری پێ نەکرێت.

Scanned with CamScanner

**کەسانێك خاوەنی داهێنان نین**
**دەیانەوێ کەسانیتر**
**پەرجویان پێ بدات**

دەگێڕنەوە پیاوێك لەشارۆچکەیەکدا دەژیا، ناوی بە"ماسیگری" گەورە دەرکردبوو، بەیانیان بەبەلەمێکی بچوکەوە بەرەو دەریاچە دەرۆشت پاش ماوەیەکی کەم بەبەلەمێکی پڕ لەماسییەوە دەگەڕایەوە، ڕۆژێك کابرایەکی غەریبە هاتە نێو شارو لێی پرسی ئایا دەکرێت ڕۆژی دوایی لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ دەریاچە؟

ماسیگر وەڵامیدایەوە: حەتمەن کاتژمێر پێنجی بەیانی لەدارەڕای دەریاچەکە دەتبینم، ڕۆژی دوایی یەکتریان بینی و پێکەوە تادورترین شوێنی دەریاچەکە رۆشتن، هاوکات کە بەدەریاچەکەدا ڕێیان دەکرد، غەریبەکە سەرنجیدا ماسیگر کەل و پەلی ڕاوە ماسی پێ نییە، تەنها تۆڕێك و جانتایەك نەبێت، ماسیگر کاتێ ماتۆڕەکەی کوژاندەوەو دەمی جانتاکەی کردەوە دینامیتێکی بەئاگر داگیرساندو پاشان خستیە ئاوەکەوە.

ساتێك دواتر، دینامیت بەدەنگێکی گەورە تەقییەوە، ماسیگر تۆڕەکەی هەڵدایە نێو ئاوەکەو ماسییەکانی کۆ کردەوە، لەو کاتەدا،

غەریبە دەستی کرد بەگێرفانیداو بازوبەندێکی دەرهێنا لێی نوسرابوو
نێچیروان، هاواری کرد، تۆ گیراییت، قسەکانی غەریبە کاری تێنەکرد
دینامیتێکی دیکەی دەرهێنا ئاگری پێوە ناو هێندە لەدەستی خۆیدا
هێشتیەوە تافتیلەکەی سوتاو گەشتە کۆتایی پاشان دایە دەست
کابراو وتی: دەتەوێ لێرە دانیشیت یان ماسی بگریت؟

کەسانی سەرکەوتوو پێویستیان بەفتیلەی داگیرساو نییە
تاپەرجوییەك بەدی بێنن، سەرکەوتنەکان لەدەرونی خۆیاندا پەرجو
دەنوێنێت، گەر چاوەڕوانی خەڵك بین، پەرجوییەکمان پێ بدەن، کاتێ
راهێنەر، پێشەوا، یان کەسێکی ئیلهامبەخش ناگاتە جێ، چی
ڕوودەدات؟ پێویستمان بەبەرنامەیەکی باشتر دەبێت، گولسیانو
دامەزرێنەری کۆمپانیای "پیسی جیکس" دەڵێت: وابزانم پەرجو
بەکەسێك نادەین، لەجیاتی ئەوە خاوەن پەرجوەکان دادەمەزرێنین
هەوڵدەدەین پەرجوی ئەوان وەرنەگرین.

گەر دەتانەوێ پێشڕەویی بکەن ئاگرەکانتان بڵێسەدار بکەن.

## ڕێچار

ژنێکی بەتەمەن بەتۆمەتی کوشتنی مێردی سێیەمی دادگایی کرا، بریکارەکەی لێی پرسی: مێردی یەکەمتان چی لێکردووە؟

ژنەکە وتی: بەهۆی ژەهراوی بوونی قارچکێکی ژەهراوییەوە گیانی لەدەستدا.

بریکار وتی: مێردی دووەمتان بەچی مرد؟

ژنەکە وتی: ئەویش بەهەمان دەردی مێردی یەکەم.

بریکار وتی: ئەی مێردی سێیەمتان بەچی مرد؟

ژنەکە وتی: ئەو بەهۆی زەبرێکەوە بەر سەری کەوت.

بریکار وتی: چۆن ڕوداوی مێردی سێیەمت ڕوویدا؟

ژنەکە وتی: ئەو قارچکی نەدەخوارد.

کەسانی بیرسا، هەمیشە زیاتر لەڕێچارێکیان هەیە، بڕوام وایە کاتێ مرۆڤەکان وادەزانن تەنها یەك ڕێچاریان هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لەهەڵەدان، ئەگەر سێ ڕێچاری باشتری هەر کێشەیەك بدۆزنەوە مافی سەرپشك بوون بەخۆتان دەدەن، گەر یەکەمین ڕێچار ئاکامێکی نەبوو دەتوانن لەڕێچارەکانی دواتر سوودمەند بن.

Scanned with CamScanner

## ڕازی سەرکەوتنی
### "جك ولش"

مـن ڕۆژانـە لەکارەکەمـدا سـەرۆکاریم لەگـەڵ هێـزی لاوانـدا هەیە سەرچاوەی ئەو هێزانە دەبینم. جارێکیان شەش سەد کەسی کاسبکار لەجێیەك کۆ بوونـەوە تـاکو گـوێ لەقسەکانی "جك ولـش" بگرن، ئەو کۆبوونەوەیە ئاهـەنگی دەرچوونی کتێبێکی جك ولـش بوو، بەڵام جك شتێکی لەو کتێبە نەخوێندەوە ئامادە نەبوو شتێك لەسـەر نوسینەکەی خۆی بڵێت، یـەکێ لـەئامادەبوانی ئـەو کـۆڕە دەڵێـت: باشـترین بەشی لێدوانە دوو کاتژمێرییەکەی جك ولش وەڵامێك بوو بـۆ لاوێکی بیست و چەن ساڵەو کەسانی پیشەوەر.

لاوەك لێی پرسی: کاتێ لەتەمەنی مندا بویت چیت کرد کە لەنێوان هاوتەمەنەکانی خۆتدا جیاواز بیت؟

جك ولـش، ووتـی: هـاوڕێ گیـان پرسـیارێکی جـوان و بـەجێت کرد ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە دەبێت هـەموو سـەرنجی لێبـدەن، یەکەم شتێك دەبێـت بزانـی ئەمەیـە هـاوڕەنگی کۆمـەڵ نـەبیت، بـۆ ئـەوەی لای سـەرۆکەکەت دەرکـەویت دەبێـت سـەرنج بدەیتـە یـەك بنـەما، کاتێ سـەرۆکەکەت لێـت دەپرسـێت، پرسـیارێکت لێـدەکات کارێکـت پێ دەسپێرێت یـان دەنێرێـت بـەدوای کۆکردنـەوەی زانیاریەکـدا، دەبێت

بزانـی سـەرۆك وەڵامـی پرسـیارێك دەزانێـت، زۆرجـار سـەرۆك رات دەسپێرێت دروستی ئەوكارەی بەشێوەیەكی غەریزەیی دەرك كردووە بیسەلمێنێت، زۆرێـك ئـەم كـارە ئـەنجام دەدەن بـەڵام جیـاوازی مرۆڤـی بەرجەستە لەگەڵ كەسانیتر لێرەدا دەردەكەوێ، پرسیار لێكراو دەزانێ ئەم پرسیارە تـازە سـەرەتای كـارە، كاتـێ سەرۆك پرسیار دەكـات ئەو پرسیارە دەبێت جێگەی ئایدیایەكی نوێ بێت، دەبێت بیری نوێ بێنێتە كایەوە، گەر دەتوێ خۆت بەرەوباڵا بەریت دەبێت بیرو خەیاڵت نەك هـەر تـەرخانی وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بكـەیت بـەڵكو بـاڵاترو بـەرزتر بـەو پرسـیارە بەهایـەك زیـاد بكـەیت. ڕونـتر، نـەك هـەر دەبێـت وەڵامێكـی سەرۆك بدەیتەوە بەڵكو دەبێت چەن بیرو ئایدیاو ڕێچارێك كە پێشتر ئەو پەی پێنەبردووە بۆ وەڵامەكەت زیاد بكەیت، دەبێت لەسنوری پێ وابـوونی ئـەو پێـشتر بڕۆیـت، گـەر بزانـی پرسـیارەكەی ئـەو تـەنها دەسبەكار بوونـە بـێ درەنـگ لـەهاورەنگی كۆمـەڵ دەردەچیت. چونكە نەوەدو نۆ لەسەد كارمەندان یەك جۆرو یەك رەنگن چونكە بیر ناكەنەوە، ئەگەر دەركت بەم بنەمایە كرد. ئەوكاتە ئەركی وەڵامدانەوە بەپرسیاری گرنگ هەمیشە بەتۆ دەسپێرن كاتێك دەزانیت لەشوێنێكدایت پرسیاری گرنگ لەكەسانی دیكە دەكەیت.

گـەر دەتانـەوێ بەپلـەی پەیـژەدا بـەرەوباڵا بـڕۆن، گـەر دەتانـەوێ لەڕوبـەری هەنوكـەیی دەرچـن و بـاڵاتر بـڕۆن و لەژیانـدا سـەركەوتن بەدەسـت بێـنن، ئامۆگـاری "جـگ ولـش" لـەگوێ بگـرن، دەبێـت ئـەو شوێنەی بۆتان دەلوێت، بیری باش بكەنەوە بەمكارە ژیانتان دەگۆڕێت.

# باشترین ڕێگا هەڵبژێرن

خێزانێك گواستبویانەوە بۆ شوێنێكی نوێ، بۆ سبەینێ درەنگ بێدار بوونـەوە سـەرەنجام منالـە شـەش ساڵەكەیان نـەیتوانی فریای ئۆتۆبوسـی قوتابخانـە بكـەوێت، بـاوكی بەوەیكـە كـاری هـەبوو، ووتی ئەگەر كچەكەیان بتوانێت ڕێگەی نیشان بدات، بەئوتومبێل بیگەێنێتە قوتابخانە، سواری ئۆتۆمبێل بوون و كچەكە ڕێنمایی باوكی جێبەجێ كـرد، دوای بیـست خولـەك شـۆفێریی گەشـتنە قوتابخانـە، دیـاربوو قوتابخانە لەگەڵ ماڵەكەیان هەشت كۆڵانیان لەبەیندا بوو، باوك كەمێك نارەحەت بوو، لێی پرسـی: بۆچی كەقوتابخانەكەت هێنده نزیك بور ئێمەت بەو ڕێگە ئاڵۆزەدا برد، كچەكەی ووتـی: ئەمـە ڕێگـەی ئۆتۆبوسە تەنها ڕێگەیەكە من شارەزای بم.

گەر دەتانەوێ كارامەییەكانتان بێ سنور بن، ببنـە كەسێكی دوور بەرامبەر كارامە، دەبێت كاری بەسوود ئەنجام بدەن، دەبێت بزانن بەرەو كوێ دەچن، چۆن دەگەنە شوێنی مەبەست، دەبێت تـەواوی ڕێگاكان شارەزا بن، باشترین ڕێگا هەڵبژێرن.

## داهێنان جیاوازی نێوان سەرکەوتن و شکستە

پیاوێك دامەزرابوو بۆ چاودێریو راهێنانی سەگێك، خاوەنەکەی بانگی کرد پێی ووت: جیمز، ماوەی چەندە تۆ لای ئێمە کار دەکەیت؟

جیمز، ووتی: نزیکەی سیی ساڵە.

کابرا ووتی: وابزانم تۆمان بۆ چاودێری سەگەکەمان دامەزراند.

جیمز ووتی: بەڵێ ڕاستە.

بەڵام ئەو سەگە ٢٧ ساڵە مردووە.

جیمز ووتی: بەڵێ ڕاستە! من دەبێت ئێستا چی بکەم؟

زۆرێك لەخەڵکی وەك جیمز چاوەڕێن کەسانیتر پێیان بڵێن چی بکەن، تاڕادەیەك هەموو خەڵکی ئەندێشەو بیرو بۆچونی باشیان هەیە بەڵام زۆریان هەرگیز بەدیدی خۆیان کار ناکەن، مرۆڤ بۆئەوەی کارێك ئەنجام بدات پێویستی بەکاری نوێیە بەداهێنانە، زۆریش لەخەڵکی دەزانن داهێنانی کار شتێکی گرنگە بەڵام وێڕای ئەمەش بەهای ڕاستەقینەی بەکەم دەزانن، داهێنانی کار دەکرێت بەچوار بەشەوە:

١. کەسانێك بێنەوەی کەسێك شتێکیان پێ بڵێت کارەکانیان بەدروستی ئەنجام دەدەن.

٢. کەسـانێك کاتـێ شـتێکیان پـێ بوترێـت کارەکانیـان بەچاکی ئەنجام دەدەن.

٣. کەسـانێك کاتـێ کەسـێك پێیـان بڵێـت کارەکانیـان بەدروستی ئەنجام دەدەن.

٤. کەسانێك لەهەر حاڵێکدا کارەکانیان بەدروستی ئەنجام بدەن.

باشترە لەدەستەی یەکەم بین.

Scanned with CamScanner

# گرەو

بیستومە داهێنەری مەزن چارلز کترینگ، کە سێ زانکۆ شانازیی دکتۆرایان پێ بەخشیوە، دەڵێت: مرۆڤەکان دەبێت جێی بیر کردنەوەیان بۆ خۆیان هەبێت. ئەو ئەم کارەی بەهەڵواسینی قەفەسی باڵندەیەك لەزەیندا چوواندووە.

کیترینگ، بەهاوڕێیەکی خۆی ووت کەئەو ساڵی داهاتوو باڵندەیەکی دەستەمۆ دەکڕێت و ئامادەیە لەسەر سەد دۆلار گرەو بکات.

هاوڕێکەی بیری کردەوە هیچ کەسێك ناتوانێت کەسێك بەم کارە ناچار بکات بۆیە مەرجی گرەوەکەی قبوڵ کرد، کەمێك دواتر کیترینگ قەفەسێکی دەسکردی گرانبەهای تایبەت بەباڵندەی بەدیاری پێبەخشی، هاوڕێکەی قەفەسەکەی بردەوە بۆماڵەوە چونکە نایاب و سەرنج ڕاکێش بوو لەژوری میواندا هەڵیواسی، کاتێ میوانێکی دەهات لێی دەپرسی: باڵندەی ئەم قەفەسە کەی مرد؟

ئەویش لەوەڵامدا دەیوت: من هیچ کاتێ باڵندەم ڕانەگرتووە. پاشان ناچار دەبوو تەواوی بەسەرهاتەکە بۆ میوانەکە بگێڕێتەوە، ئەم ڕوداوە چەندینجار دوبارە دەبویەوە بەجۆرێك سەرەنجام ڕۆشت بۆ بازاری باڵندەفرۆشان و توتییەکی زماندرێژی کڕی و سەد دۆلاری هەقی گرەوەکەی دابە کیترینگ.

Scanned with CamScanner

کیترینگ دواتر ووتی: ئەگەر قەفەسی باڵندە لەزەمینی مرۆڤدا هەڵواسرێت سەرەنجام ناچار دەبێت شتێکی تێ بکات.

هەمانجۆر قەفەسەکەی کیترینگ باڵندەیەکی بۆ خۆی کێشکرد، شوێنی بیرکردنەوە سەرەنجام بیرکردنەوەی باش لەخۆی دەگرێت، ئەگەر بەم نییەتەوە لەشوێنی بیرکردنەوە بیرکردنەوەی باشت بەدەست هێنا بۆ شوێنی تایبەت بەبیرکردنەوە برۆ، سەرەنجام توێشی بیرکردنەوەی باش دەبیت، ساڵانێك لەگەڵ ئەم ئامانجەدا بووم ڕۆژانە بیرێکی نوێم بۆ دەهات، لەوانەیە ئەم قسەیەی من زۆر نەیەت بەخەیاڵدا بەڵام گەر بتوانی پێنج ڕۆژ لەهەفتەیەکدا لەدوانزە مانگی ساڵدا جۆرێك بیر بکەیتەوە ڕۆژانە بگەیتە ئەنجامێك لەساڵێکدا دەبیتە خاوەنی ١٥٠ بیرکردنەوەی نوێ.

# بەشی بونیادی ژیان

ژیان دەکرێت بەسێ بەشەوە، بەشی دیتن کەبونیادییە، بەشی وتنو بەشی دیمانە کردن، هەموو فرسەتی دیتنیان هەیە، کاتێ باسی دیتن دەکەم، مەبەستم هێزی بینایی نییە، بەڵکە مەبەستم دیتنی فرسەتەکانە لەنێو ئەندیشەکانو باوەڕی مرۆییە، هەندێکمان هێزی دیتنمان هەیە، بەڵام لەئاست دیتنی فرسەتەکاندا نابینایین.

هاوڕێکەم ڕاوچییەکی گەورە بوو، جارێک پێکەوە بەڕێگەی چل کیلۆمەتری کۆلۆمبۆسدا رۆشتین، لەکاتی شۆفێریدا شتگەلێکی ووت:

- ئایا ئەو مشکە خورماییەت بینی؟
- نەخێر، نەمبینی.
- ئەی ئەو کەروێشکەت بینی؟
- نا، کەروێشکم نەبینی، کام کەروێشک؟
- ئایا مراویەکەت بینی؟
- نەخێر، مراویم نەبینی.

لەڕێگای بەرەو کۆلۆمبۆس، نزیکەی دە ئاژەڵی بینی، بەڵام من تەنها ونبونەکانم دەبینی، ئەم هەموو ئاژەڵە بەدرێژایی ڕێگە، لەڕێگەو لەبەردیدەی من بوون، بەڵام نەمدەبینین، چونکە ڕانەهاتبووم بەدوایاندا بگەڕێم، بەشی دیتن لەژیاندا پەیوەستە بەدیتنی فرسەتو دیدو باوەڕی خۆمانەوە، دەتوانین لەخاڵێك رامێنین بەڵام هەموومان بەیەکسانی نابینین.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## دەروازەیەك

### بەڕووی فرسەتەکاندا

فرسەت و پەرجوەکان پێکەوە گرێدراوون، کەسانێك خاوەنی پەرجوون، فرسەتەکان دەبینن، فرستەکان زۆرجار هەمان ئەو شتانەن پەرجور دەدەنە خاوەنەکانیان.

دیدی مەزنی پێش مەرج بەدی هێنەری فرسەتە مەزنەکانە، هەرکەسێکیت، شتێك دیاری دەکەیت کە دەیبینیت.

ئەمرۆ باشترین ڕۆژی فرسەتەکانە، فرسەت، هەمیشە "ئێستا" وەڵامی خۆی دەوێت.

فرستەکان ئاکامی بوێری و چاونەترسیەکانن، نەبەخت و نەئیقباڵ، کەسانی سەرکەوتوو بەدوای فرسەتەکاندا دەگەڕێن ئەگەر نەیاندۆزییەوە بەدی دەهێنن.

فرسەتەکان لەکاتی گونجاودا خۆیان دەرناخەن، ئەگەر چاوەڕوان بن تا هەموو چراکان سەوز بن هەرگیز ئەو شوێنە بەجێ ناهێڵن.

فرسەتێك پابەند نەبن پێوەی لەدەست خۆتانی دەدەن.

فرسەت لەکانگای کێشەکانەوە هەڵدەقوڵێت،گەر بەدوای فرسەتی مەزنەوەن دەبێت کێشەی مەزنتان هەبێت.

فرسەنەکان یاچەن بەرابەر دەبن یان نابن، هەرچەن بەدوای فرسەتی زیاترد: بگەڕێن زیاتر دەدۆزنەوە.

بۆ زینو مانەوەی فرسەتەکان دەبێت پەروەردەیان بکەن، هەروەك چۆن پیتر دروکر، پسۆری بەڕێوەبردنی ئەمڕۆ دەڵێت: خۆراك بدەنە فرسەتەکانو کێشەکانتان بەبرسێتی بێڵنەوە.

## فرسەتەکان لەهەموو جێیەکن

لاوێـــك، لـــەبواری ڕۆژنامەگەریـــدا خوێنـــدنی تـــەواو کـــردو ەڕۆژنامەیەکی شارەکەیدا کارێکی پەیدا کرد، یەکەمین کارێك پێیان سپارد ئەمە بوو دیمانەی جوتیارێکی پیر بکات، کە لەدوراییی بیست کیلۆمەتری شارەوە دەژیا، ڕۆژنامەگەری لاو کاتێ لەهەیوانی بەردەم ماڵی پیرەمێردا لەتەکیەوە دانیشت، چاوی بڕیە چنراوی گیرفانەکەی دەستی کرد بەپرسیار کردن، یەکەم پرسیاری ئەمە بوو: بەیانیان چ کاتێ: دەچیتە سەر کار؟

جوتیار وەڵامیدایەوە: کوڕی خۆم من ناچمە سەرکار، من بەکار دەور دراووم.

لەم جوتیـارە پـیرە دەتـوانین وانەیـەکی چـاك وەرگـرین، فرسـتەکان لێکچوونێکی فرەیان بەکاری ئەوەوە هەیە، لەهـەموو جێیەك هـەن، کێشە لێرەدایـە زۆربـەی جـار نـاتوانین بیـان بیـنین، بەدەسـپێکی هـەر ڕۆژ سەرنجێکی دەوربەری خۆتـان بدەن، هۆشیار بن، ئەگەر فرسەتەکانتان نەبینی بزانن هۆکارەکەی ئەمە نییە فرسەتێك لەگۆڕێ نییە، فرسەتەکان هەمیشە ئابڵوقەی ئێوەی داوە، تـەنها پێویسـتی بەوەیە چاوو بکەنـەوە بیان بینن پاشان کاریان لەسەر بکەن.

## وەڵامی خوازبێنی

کچێك بەپێشنیاری خوازبێنی کارێك گوێی گرت ووتی: کەسێکی شەرمنم، ناتوانم هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم!

- بۆچی مەگەر کەسێکی دیکە بەنیازە؟
- لەوانەیە؟!

کەسانی بەدی هێنەر پسپۆری دیتنی لایەنەکانی "دیکە"ن ئەوان هەمیشە لەبیری دۆزینەوەی ڕێگەی دیکەی ئەنجامدانی کارەکانن، چونکە دەزانن زۆریی هەڵبژاردنەکان فرسەت سازو بەخشەری کامەرانییە.

## ئەزمونێك

یەكێك لەهاوڕێكانم كەسێ جار لەكۆی هەشت وڵاتی گەورە گەشتۆتە پلەی "ڕاهێنەری ساڵ" لەساڵی ١٩٩٠تیمی فوتباڵێ ئەمریكی زانكۆی "كالڕادە" لەپێشبڕكێی سەرتاسەیدا ڕاهێنەری دەكرد، ئەو دەیزانی پێویستی بردنەوە لەوەرزشدا چییە، شتێك كەزۆرێك بەلایانەوە سەیر بێت ئەمەیە دەڵێن: ڕێژەی لایەنە دەرونییەكان، بەلایەنە جەستەییەكانەوە چوار بەیەكە.

گرنگ نییە وەرزشكار لەڕووی جەستەیەوە چەندێك ئامادەیی هەبێت، ئەگەر ئامادەیی دەرونی نەبێت هیچی پێ ناكرێت.

من ئەم ڕاستییە دەزانم، بەڵام بەتازەیی جارێكی دیكە، لەیەكێك لەكۆنفرانسەكانی ڕێبەرییدا سەرنجم پێدا، لەم كۆنفرانسەدا بەئامادەبووانم ووت: ئێستا سەرگەرمی نوسینی كتێبێكم كەناوی گۆڕینی ئەندێشەیە، لەكاتی پشووی كۆنفرانسەكەدا، یەكێك لەئامادەبووان هاتەپێش و كورتەباسێكی دەربارەی گاسواریی خۆیكرد، دوای كۆنفرانسەكە نامەیەكی دەربارەی ڕونكردنەوەی تەواوی داستانەكە بۆ ناردم.

دکتـــۆر ماکـــسولی، خۆشەویـــست: مـــن گرنگـــی بیرکردنـــەوەی سەرکەوتوانە لەمیانـەی چـالاکی پیـشەی خۆمـەوە واتـا گاسـواریی، دۆزییەوە گاسواریم لەزنجیرەی گاسوارەکانی ئاماتۆر دەسپێکرد، دوای ئەوەی بوومـە سـەرقافڵەی ئـەو زنجیرەیـە، حەزمـدەکرد بتـوانم بچمە ئەنجومەنی گاسوارەکانەوە، پاشان کەوتمە بیری ئەوەی مامۆستایەکی شـارەزا بدۆزمـەوە، پـاش ماوەیـەك ئاشـنای یـەکێك لەپاڵەوانـە جیهانیەکانی گاسواریی بووم کەدراوسێی خۆمـان بـوو، نـاوی"گری" بـوو، گـری، بردمیـە مەیـدانی گاسـوارییی خۆیـەوە، مەیـدانی گاسوارییەکەی ئەو لەمەزراکەی خۆیدا بوو.

دوای ئەوەی دڵنیـابوو مـەرامێکم نییـە جگـە لەگاسـواریی نـەبێت، ڕازی بوو هاوکاریم بکات، پێی ووتم یەکەمین کارێك دەبێت ئەجامی بدەم، هاتنە دەرەوەم بێت لەزنجیرەی گاسوارەکانی ئاماتۆر.

جارێکی دیکە چوومەوە مەیدانی گاسواریی"گری" تاسواری گایەك بم، بـەڵام بەوپـەڕی سەرسـوڕمانەوە "گـری" کتێبێکـی پێـدامو ڕەوانـەی ماڵەوەی کردم، کتێبەکە ناوی"تۆری دەرونی دەمارەکان" و نوسەرەکەی ماکسول مالتز بوو، دیارە ئێستا تێدەگەن ئەمکارە بۆ کەسێك "گاوان" بێت جۆرێك گۆڕینی زەینە جۆرە گۆڕینێکی نمونەو قاڵبی زەینییە.

هەموو ئەو گاسوارانەی ساردوگەرمییان چەشتبوو پێیان دەووتم: گەر دەتەوێ ببیتـە گاسـوار، نهێنـی ئـەم کـارە لەوەدایـە هـەتا جەستەت دەتوانێـت بەرگـەی ئـازار بگریـت، ئـەنجا گاسـوریی بکـەیت، جیـاوازی ئـەوان لەگـەڵ ڕاهێنەرەکەمـدا ئەمـە بـوو، پاڵـەوانی جیهـانی گاسـواریی نەبوون، ئەوە بوو ئامۆژگاری"گـری"م وەرگـرتو کتیبەکـەم هـەڵگرتو

گەڕامەوە بۆماڵەوە، کتێبەکەم خوێندەوە پاشان چوومەوە بۆلای "گری" بڕوا ناکەن چی بوو، کتێبێکی دیکەی پێدام دەربارەی بیرکردنەوە بوو.

ئەم هاتوچۆیە چەن جارێکی خایاند هەرجارەو کتێبێکی پێدەدام و دەمخوێندەوە، لەوانەیە هەندێك وابزانن چ کارێکی گێلانە بوو، بەڵام من خولیای گاسواریی بووم، دەمویست سواری گا بم، سەرەنجام لەیەکێك لەهاتوچۆکانمدا ووتم: هەموو ئەو کتێبەکانەم خوێندەوە ئێستا دەمەوێ سواری گا ببم، "گری" سەرێکی لەقاندو ووتی: بەرلەوەی سواری گا ببیت، سواری زەینی خۆت زەینی دژو پیچەوانەی خۆت ببیت، مەبەستی ئەمە بوو پێش سوار بوون دەبێت لەڕووی زەین و دەرونەوە ئامادە بیت، دەسبەجێ تێگەشتم "گری" چیکرد، ئەو منی لەڕووی زەین و دەرونییەوە دروستکرد بوو، ووتم: ڕازیم، ئێستا هەموو کتێبەکانم خوێندۆتەوە دەمەوێ سوار بم، بەڵام لەهەڵەدا بووم.

قۆناغی دواتر، نۆبەی کاسێت بوو، دوای ئەوە"گری" مۆڵەتی سوارابوونی پێدام، بەڵام سواری گایەکی ڕاهێنراو، لەسەر ئەو گایە توانیم هەموو جوڵەکان دژە جوڵەکان فێر ببم، ئەو وانانەی ئەو فێری کردم، پەیوەندی هەبوو بەبوونە ئەندام لەئەنجومەن، کاتێ چوومە ئەنجومەنی گاسوارانەوە بوومە هاوپیشەو لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتم کرد، زانیم چەندە گرنگە لەگەڵ کەسانی براوەدا هەڵسوکەوت بکەم، ڕاهێنەر دەیوت: ئەگەر نەتوانیت لەگەڵ گاسوارێکی براوەدا گاسواریی بکەیت، باشترە بەتەنها بیت لەدیدی زەینی و براوەی خۆت پارێزگاری بکەیت.

دکتور ماکسول، دەمەوێ بڵێم ویستم ببمە پاڵەوانی گاسواری جیهان، بەڵام بەچەندین و چەند نمایش گاسواری براوە بووم و بەبردنەوەم

لەزۆرێک لەپێشبڕکێکانی گاسواریدا سەروەتێکم بەدەست هێنا، ئەم گاوانە سەرەنجام وازی لەگاسواریی هێنا و لەگەڵ ژنێکدا هاوسەرگیرییان کرد، ئێستا خاوەنی یەکێک لەدامەزراوە گەورەکانی خۆراکی کالیفۆرنیاین پێم وایە هێشتا لەبیری پێ وڵایی بەرەو باشترینەکان بالآترەکانداین.

خۆشەویستی خۆت"ریچارد مک هیو".

## هاوڕێیەتی

چارلی براوون، بەبەدبەختیەکەوە سەری نابوو بەدیوارێکەوە، هاوڕێکەی"لوسی" دێتەلای و لێی دەپرسێت: چارلی براون، دوبارە نائومێدیت؟ چارلی وەڵامێك ناداتەوە، لوسی دوبارە پێی دەڵێنەوە: دەزانی کێشەی تۆ چییە؟ بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێك بێت، دەڵێت: هەموو کێشەی تۆ ئەمەیە، کەتۆ چارلی براونیت.

چارلی دەڵێت: باشە، ئەم دنیایە بەم گەورەییە چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە هەیە؟

لوسی دەڵێت: نەمووت ئامۆژگارییەکم بۆت هەیە، تەنها ئاماژەم بەکێشەکەت کرد.

ئەگەر چارلی بیەوێ دۆخی خۆی چاك بکات، دەبێت هاوڕێیەکی نوێی هەبێت، لەو پرسە گرنگانەی دەبێت هەمیشە بەخەمییەوە بین ئەمەیە هەڵبژاردنی هاوڕێیە.

من و مارگریت، بەوردی چاودێری هەڵبژاردنی هاوڕێی منداڵەکانمان بوین، چونکە دەمانزانی مرۆڤی خاوەن کەسایەتی و بەهێز دەتوانێت هۆکاری گەشەو پێشڕەوی منداڵەکانمان بێت، کەسانی نەرێنی و نادروست و خاوەن کەسایەتی لاواز لەژیان دوایان دەخەن، ماڵی ئێمە شوێنێکی ئارام بوو کەمنداڵەکانمان بەئاسودەیی لەگەڵ هاوڕێکانیان

Scanned with CamScanner

کاتێکی فرەیان بەرێدەکرد. بۆیە دەمانتوانی کاریگەریی هەریەکێك لەنزیکەوە ببینین.

نزیکترین کەسانێك بەئێوە بەتایبەت هاوسەرتان دەتوانێت کەسایەتی ئێوە شەقڵ پێ بدات، ئایا تائێستا منداڵێکی ڕێك و پێکتان نەدیتوە دوای تێکەڵ بوونی لەگەڵ منداڵانی لاسار چی بەسەر هاتووە، یان دۆست و هاوکارێك دوای هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی بەرجەستەدا چەند پێشکەوتووە؟ کەواتە ئەو کەسانەی بۆ کات بەسەربردن هەڵی دەبژێرن دەتوانن بتانگۆڕن.


لێرەدا پێویستە وچانێك لەسەر ووتەی "چارلی جۆنز"ی نوسەر و تاربێژ بگرین: جیوازی نێوان کەسێك کەئێستا هەیت و کەسێك کەبڕیارە پێنج ساڵی دیکە ببیتە ئەو کەسە، لەکەسانێکدایە کە لەم ماوەی پێنج ساڵەدا تێکەڵیان دەبیت یان ئەو کتێبانەی لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا موتاڵایان دەکەیت.

## لەخۆمان باشتر

ئەوەی پێویستمانە، کەسێکە کەمێك گەورەتر کەمێك لەئێمە باشتر بێت، تاکاتی لەگەڵ بەڕێبکەین، بانموونەیەك بێنمەوە: لەگەڵ یەکێك لەهاوکارەکانمدا یاری تێنسمان دەکرد، ئەو زۆر جوان یاری دەکرد، لەڕاستیدا باشتر لەمن یاری دەکرد ئەو هەمیشە لەگێمی یەکەمدا دەیبردەوە، بۆیە سەرەنجام هەوڵمدا تا لەو باشتر یاری بکەم، ئەگەر لەگەڵ یەکێك یاری بکەن لەخۆتان لاوازتر بێت ئەوا سست دەبن، ناتوانن خۆتان لەپێگەی ڕکابەردا ببیننەوە، لەخولی سێیەمدا سەرکەوتنم بەدەست هێنا و بردمەوە، گەر لەگەڵ کەسێك یاری بکەن لەخۆتان بەهێزتر بێت، پێشڕەوی دەکەن، گەر لەگەڵ کەسێك یاری بکەن لەخۆتان لاواز تر بێت دوا دەکەوون، ئەگەر دەتانەوێ توانا شاراوەکانتان دەرکەوون کاتەکانتان لەگەڵ کەسانێکدا بەسەر بەرن هۆکاری گەشەو پێشکەوتنتان بێت، کەسانێك خێراتر لەئێوە بیردەکەنەوە بەخێرایی ڕادەکەن، ئامانجی لەئێوە باڵاتریان هەیە کەسانێکن هۆکاری بەرەوباڵاچوونی ئێوەن.

## هێڵی کۆتایی

لەسەدەی پانزەیەمدا، هەموو کیشوەری ئەورووپا سەرشاری نائومێدی بوو، لەڕاستیدا ئەو سەردەمە بەسەردەمی داتەپیوی ئەورووپا هەژمار دەکرێت، لەساڵی ١٤٩٢ لەنۆرمبیرگ کرونیکل، کەسێکی ئەڵمانی نووسی: گەشتۆتە هێڵی کۆتایی و هیچ شتێکی بەنرخ بۆ ژیان نییە، لەکۆتایی کتێبەکەیدا چەند لاپەڕەیەکی بەسپێتی بەجێ هێشت، کەخوێنەر لەو لاپەڕانەدا ڕوداوو کارەساتی نائومێدانەی خۆی بنوسێت ساڵی دواتر ١٤٩٣ دەریاوانی لاو بەدنیایەك داستانی هەژێنەرەوە لەبەندەری پرتوگاڵەوە گەڕایەوە، لەنێوان ئەم هەموو فەزای نائومێدیەدا کریستۆڤ کولومب، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ووتی: بێجگە لێرە دنیایەکی دیکەش هەیە، نیگایەکی بەرینترتان بۆ دنیا هەبێت لاپەڕە سپییەکانی کتێبەکانتان بدڕێنن، کریستۆڤ کۆلۆمب، نەیدەویست خەونەکانی لەژێر کاریگەریی دەروبەریدا بێت، هەروەك چۆن نەیهێشت بارودۆخ فەرمانڕەوای ئایندەی ئەو بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.



Scanned with CamScanner

# ئایا ئێوە خاوەنی هەژینەکانی خۆتانن

## یان ئەوان ئەربابی ئێوەن؟

خەڵکی لەڕووبەڕوو بونەوەی هەژین و هەستەکانی خۆی، دوو ڕێگەیان لەبەردەمدایە: یان ئەوان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە یان خۆیان دەکەونە ژێر رشکێفی ئەوانەوە.

"بابی جونز" ئیمپراتۆری پێشبڕکێی گۆڵف، لەساڵی ١٩٠٧ سەرنجی کەتەمەنی پێنج ساڵ بوو ئەم یارییەی دەسپێکرد. لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا بۆ بەشداری پێشبڕکێی ئاماتۆرەکان هەڵبژێردرا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئەو زۆربەی جار لەیارییەکاندا هەڵەشەیی و تووڕەیی دەزانی و جڵەوی کارەکەی لەدەست دەدا، تاڕۆژێک گۆلفبازێکی کۆن هاوپیشەیەک کە"جونز" ئەوی بەباپیرە بارت، بانگ دەکرد بەمجۆرە ئامۆژگاری کرد: تاکاتێک نەتوانیت هەوساری هەستەکانت بگریتە دەست، لەهیچ شوێنێك براوە نابیت.

جۆنز، ئامۆژگاری پیرەمێردی لەگوێ گرت، دەستیکرد بەبەڕێوەبردنی هەژین و هەستەکان، سەرەنجام لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا بەناوی گۆڵفبازێکی باشتر دەرکەوت، جۆنز، دوای سەرکەوتن لەزۆربەی لەپێشبڕکێکاندا، لە٢٨ ساڵیدا دەستی کێشایەوە، ئامۆژگارییەکەی باپیرە بارت، بەمجۆرە دەردەبڕێت: جۆنز، لەتەمەنی ١٤ ساڵیدا توانی زاڵ بێت بەسەر گۆڵفدا، بەڵام لە٢١ ساڵیدا زاڵ بوو بەسەر خۆیدا.

## دوێنێ شەو

### دوێنێ کۆتایی هات

دایکی هاوڕێکەم هێشتا دڵگرانی ئەوەیە لەپێنجەمین ساڵگەڕی لەدایکبونی خۆی، باوکی لەجیاتی ئەوەی دیارییەك پێشکەش بەو بکات پێشکەشی خوشکەکەی کردووە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕینی ٨٣ ساڵ بەسەر تەمەنیدا.

ساڵانێك بابەتێکم وەك نوسین لەسەر مێزی کارەکەم چەسپاندبوو، هۆکار بوو بۆئەوەی دەربارەی دوێنێ دیدێکی دروستم هەبێت" دوێنێ شەو، دوێنێ کۆتایی پێ هات"، ئەمە لەڕاستیدا ئاوێنەیەکی من بوو کەناکامیەکانی ڕابردووم بەکۆتا گەشتوون، ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە. هەروەهاش لەڕابردوودا بە چ ئامانجێك گەشتووم، یان چ خەڵاتێکم بردۆتەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەکاری ئەمڕۆمدا نییە.

## با بەزێڕ بینوسین

- نیوەی یەکەم فیدای نیوەی دووەم بکەن، بەشی گەورەی نیوەی یەکەمی ژیان لەپێناو بەهای سەرکەوتنەکانی دواییدا خەرج دەبێت. هەرچەن ئەمڕۆ زیاتر بەخەمەوە بن، زیاتر بەدەست دێنن ئەگەری سەرکەوتنەکانتان لەنیوەی دووەمدا زیاتر دەبێت.
- دەسکەوتی هاوکاریکردن فیدای دەسکەوتی دەستاوەرد بکەن، پیاهەڵگوتن و ستایش بەخێرایی دەپوکێنەوە، بەڵام دەستوەردەکان ئەو توانایەیان هەیە کاریگەری ئەرێنی لەکەسانیتر بکەن.
- سودی دارایی فیدای توانا بەهێزەکانی ئاینده بکەن. هەمیشه ئەو وەسوەسەیە هەیە بەدوای پارەی زۆردا بڕۆین، بەڵام رۆشتن بەدوای توانایی زیاتر هەمیشه سوودی زیاتری دەبێت کەسوودی داراییش لەخۆی دەگرێت.
- چێژی هەنوکەیی فیدای گەشەی کەسێتی بکەن، دەساڵ دەخایەنێت تادرەختی بەڕوو بەردەرگرێت، بەڵام پێگەشتنی

کولەکە تەنها چەن هەفتەیەکی دەوێت، دەتانەوێ کامیانتان هەبێت.

- ئەزمون فیدای چڕبوونەوە بکەن، هەرچەن لاوتر بیت زیاتر دەتەوێ تاقیکردنەوە بکەیت، بەڵام هەرکە دەرکت بەوەکرد بۆ چ کارێك دروست کراویت، مەحکەم پێوەی بچەسپە.
- چەندێتی ژیان فیدای چۆنێتی بکەن، ژیانی ئێوە تاقی کردنەوەی پۆشاکە هەمەجۆرەکان نییە، کۆتا هەوڵی خۆت بۆ ژیان بخەگەڕ، چونکە فرسەتێکی دیکەت بۆ هەڵناکەوێت.
- ئارامی فیدای گرنگیەکان بکەن، ژنانو پیاوانی گەورەی مێژوو، بەهۆی خاوەنداریێتی کۆمەڵێك شتەوە یان بەدەست هێنانییەوە، گەورە نەبوون، بەڵکو بەو هۆکارە گەورە بوون، کەژیانیان لەپێناو گەورەییدا بەخت کردووە.
- ئاستی ناوەند فیدای ئاستی باڵای کارامەیی بکەن، گەر کارێك شایستەی ئەنجامدان بوو یان ئەوپەڕی هەوڵی بۆ بخە گەڕ یان هەرگیز ئەنجامی مەدە.
- کۆکردنەوە فیدای لێکدان بکەن، کاتێ سەرمایەگوزاری لەهەمبەر کەسانیتردا دەکەیت، هەوڵەکانت چەن بەرامبەر دەکەیت، هاوکاری هەرکەس بکەیت دەبێتە هاوکارێکی وەفادار.
- پایەخوازی فیدای سوپاسگوزاری بکەن، هەرکەس سەکەوتو بوو، بەهۆی کۆمەكو لوتفی کەسانیترەوەیە، بۆ هەرشتێك کەتۆ خاوەنی بیت سوپاسگوزاربەو دابەشی بکە بەسەر خەڵکیدا.

## ترس، ترسی زیاتر بەرهەم دێنێت

کارمەندی سەرژمێریی رۆشت بۆ ناوچەیەکی گوندنشین تا سەرژمێرییان بکات، بەسواری ئۆتۆمبێل بەلای گوندەکاندا دەرۆشت، دەرگای زۆرێك لەماڵەکانی بینی نوسرابوو: مەترسیدارە، پەلاماری سەگ". تا گەیشتە دوایین ماڵ، لەوێ لەسەر تابلۆیەك نوسرابوو، "مەترسیدارە، پەلاماری سەگ" کارمەندەکە نەیدەوێرا دابەزێت، دەستی خستە سەر هۆرینی ئۆتۆمبێلەکە، لەم کاتەدا پیاوێك لەماڵ هاتە دەرەوە سەگێکی زۆر بچوکی پێ بوو، کارمەندەکە پێی ووت: زۆربەی ماڵەکانم خوێندەوە نوسرابوو "مەترسیدارە، پەلاماری سەگ" ئایا سەگی ئەوانی تریش هێندەی سەگەکەی تۆیە؟

کابرای گوندی وەڵامیدایەوە: بێگومان هەروایە، دوای ئەم قسەیە سەگە بچوکەکەی هەڵیری گرتی بەدەستیەوە.

کارمەندەکە ووتی: ئەم سەگە ناتوانێ پەلاماری کەس بدات.

خاوەنی سەگ، سەرێکی لەقاند ووتی: بەڵێ ناتوانێت، بەڵام ئەم هێمایە، سەرپێچیکاران دوور دەخاتەوە.

ترس، هاوشێوەی هێمای وریا کردنەوەیە، ئێمە لەسەگێک دور دەخاتەوە کەناتوانێت ئازارێکمان بدات، کەسانێک کەدەترسێن، زۆر بەتێن دەکەونە ژێر کاریگەریی ترسی گەورە ترەوە، پێدەچێت ترس، ڕێگری ئەوە بێت هەنگاوی بەسوود بنێین، هەنگاونان، هۆکارێکە بەرەو نادیارەکانمان دەبات، بەڵام ئەگەر خۆبدەینە دەست ترسەکانی خۆمان چیتر هەنگاومان بەرەو پێش بۆ نانرێت، چیتر لەدەسکەوتی ئەوەی لێی دوردەکەوتینەوە بەهرەمەند نابین، بەو زانستو زانیارییە بەنرخە ناگەین ئەگەر دەسبەکار نەبین، ئەوەی ئەنجامی دەدەین لەکیسمان دەچێت، سەرەنجامیش بەنەزانی دەمێنینەوە، نەفامی هەمیشە ترسی زیاتر بەرهەم دێنێت.

## شاد كردنی كەسانیتر
### ئەركی ئێمە نییە.

چوار پێنج ساڵ دوای هاوسەرگیریی منو مارگریت، پێكەوە لەكۆنفرانسێكی قەشەكاندا بەشداریمان كرد، بڕیار بوو من یەكێك بم لەووتە بێژەكانی كۆڕەكە، مارگریت قایل بوو بەوەی كۆڕێك بۆ هاوسەری قەشەكان ساز بكات، ئەو بەپێچەوانەی منەوە حەزی لەووتاردانی كۆڕ نەبوو، هەرچەند زۆركارامە بوو لەو بوارەدا، لێدوان كارێك نییە چێژێچكی هەبێت. حەزمدەكرد لەنزیكەوە چاودێریی بكەم، بۆیە بەشداریم لەكۆڕەكەی ئەویشدا كرد.

لەكۆتایی كۆڕەكەدا لەبەشی پرسیارو وەڵام، خانمێك لێی پرسی: خانم ماكسول، ئایا "جان"ی هاوسەرت دڵخۆشت دەكات؟

دەبێت بڵێم بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی بیستنی وەڵامی مارگریت بووم، خۆمم بەو مێردە دەزانی بەتەنگ هاوسەرەكەیەوە بێخەوشانە عەشقی پێدەبەخشێت، لەچاوەڕوانی ستایشی ئەودا دەسوتام، مارگریت پاش كەمێك تێڕامان پرسیارەكەی دوبارەكردەوە، ئایا "جان"ی هاوسەرت دڵخۆشت دەكات؟

پاشان ووتی: دەبێت بڵێم: نەخێر، دڵخۆشم ناكات.

لەبیستنی ئەم وەڵامە دەمویست زەوی شەق بێت و قووتم بدات.

لەوەڵامەکــەی بــەردەوام بــوو: لەیــەک دوو ســاڵی ســەرەتای هاوسەرگیریمانەوە وامدەزانی ئەمە ئەرکی "جان"ە کە دڵخۆشم بکات، بەڵام ئەو ئەمکارەی نەکرد، هەرچەن ئەو ئازاری من یان کەسێکی دیکە نادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە مێردێکی زۆر باشە، بەڵام هیچ کەسێک ناتوانێت کەسێکی دیکە شاد بکات، ئەمە ئەرکی خودی خۆمانە خۆمان دڵخۆش بکەین.

مارگریت لەهەمان سەردەمی لاوێتیدا، ئەم ڕاستییەی پێکابوو کەزۆرێک لەخەڵکی هەرگیز دەرک بەمە ناکەن، هەریەکێک لەئێمە ئەرکی خۆمانە تا بەپرسیارێتی جۆری بیرکردنەوەو ئەندێشەی خۆمان لەئەستۆ بگرین، ئەگەر دەتانەوێ ئەمڕۆتان بگۆڕێت بەباشترین ڕۆژ، دەبێت جۆری بیرو ئەندێشەکانتان بگۆڕن.

## سەرچاوەی هێز

کاتێ سەرنجی گشتی دەدەینە سەرچاوە بێسنورەکانی خۆمان، تووشی هێزی پەروەردگار دەبین و پاشان دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەگەر خودا چاوەڕوانی ئەنجامدانی هەرکارێکی لەئێمە هەبێت هێزەکەشی لەئێمەدا چێنراوە.

پێدەچێت، هەستی مشکێکی بچوکت هەبێت لەگەڵ فیلێکدا لەسەر پردێکی باریك و بەرەو شیوو دۆڵێکی قووڵ بڕۆن، فیل و مشك پێکەوە دەپەڕنەوە پردەکە دەهێننە لەرزین، کاتێ پەڕینەوە ئەوبەر، مشك سەرنجێکی قووڵی هاورێ مەزنەکەی دەدات و دەڵێت: بەڕاستی پردەکەمان هێنایە لەرزین، وانییە؟

کاتێ لەگەڵ پەروەردگاردا هەنگاوەکانمان هەڵدەگرین هەستی هەمان ئەو مشکەمان هەیە کەلەکەناری هێزی فیلدا گەشتۆتە ئاستی ئەم هەستە، دوای پەڕینەوە لەشەپۆلە سەختەکانی ژیان، هەروەك مشك دەتوانین بڵێین: خودایە، بەڕاستی پردەکەمان لەرزاند، وانییە؟

## هاوبەشیی

ئەو دەمەی"روبرت موریسۆن" وەك نوێنەرێكی مەزهەبی بەرەو وڵاتی چین ڕۆشت، كاپتنی كەشتیەكە دوودڵ بوو كەفەزایەكی سەنگینی بۆ موریسۆن سازكردووە، كاتێ دابەزین پێی ووت: وابزانم لەو باوەڕەدایت كاریگەرییەكی مەزن لەسەر خەڵكی چین بەجێ بێڵیت، روبرت، لەوەڵامی كاپتندا بەسادەیی ووتی: نا، بەڕێز، من لەو باوەڕەدام ئەمە كاری خودا بێت، ئەو هاوڕێی و هاوبەشی پەروەردگار بوو.

هاوبەشی لەگەڵ خودا، دەبێت متمانەیەكی بەهێزمان پێ ببەخشێت، وەك ئەو منداڵەی بەفرۆشتنی پێنوسی پێنج سەنتی ماڵ بەماڵ دەگەڕا بەمەبەستی كۆكردنەوەی سێی ملیۆن دۆلار بۆ دروستكردنی نەخۆشخانەی شارەكەی، ڕۆژێك ژنێك دەرگای لێكردەوە، منداڵەكە پێی ووت: خانم، تكایە چەن پێنوسێكم لێبكڕە دەمەوێ هاوكاری دروستكردنی نەخۆشخانەی سێی ملیۆن دۆلاریی شار بكەم.

ژنەكە پێی ووت: كوڕی خۆم، بۆ منداڵێكی وەك تۆ چەن پێنوسێكی پێنج سەنتی پێیە بۆ فرۆشتن ئەمە ئامانجێكی زۆر گەورەیە!

منداڵەکە وتی: ئاه، خانم من بەتەنها نیم، سەیرێکی ئەو بەر شەقامەکە بکە ئەو منداڵەی دیکەش دەبینیت؟

ئەو هاوبەشی منەو هاوکاریم دەکات، ئێمە پێکەوە ئەم کارە دەکەین، منداڵەکە ئیمانێکی بەهێزی بەو منداڵەی دیکە هەبوو کە تاڕادەیەک هاوتەمەنی خۆی بوو، ئەی ئایا نابێت بەخودایەك کە لەئێمە باشترو باڵاترە متمانەیەکی بەوجۆرە بکەین؟ ئایا ئەو خودایەی کەلەدروستکردنی ژیانێکی پڕ بەر هاوبەشمانە، شایستەی متمانە نییە؟

## نزایەکی نایاب

ماوەیەك لەمەوبەر بەنزایەك گەیشتم کەبەڕای من گەلێك نایابە:

خودایە، تا ئیستا کەڕۆژێکی باشم هەیە،

غەیبەتێکم نەکردووە،

تووڕە نەبووم،

چاوچنۆکیم نەکردووە،

زیادەڕۆیی، بەدڕەوشتی، خراپیم نەکردووە،

شیوەنو گریانم نەکردووە،

جنێووێکم نەداوە،

بەهەرحاڵ تاچەن ساتێکی دیکە لەپێخەفی نوستن دێمە دەرەوە دوای ئەوە کەمێك کۆمەکم پێویستە.



Scanned with CamScanner

## لەخۆتانەوە دەست پێ بکەن

چەن ساڵ پێشتر لەمیانەی سەفەرێکدا بۆ هیند، هەلێکم بۆ ڕەخسا سەردانی ماڵی ڕێبەری مەزن مهاتما گاندی بکەم، ماڵەکەیان کردبوو بۆ مۆزەخانەیەك کەلوپەلی تایبەت بەخودی گاندیو کەرەسەکانی سەردەمی ڕێبەرایەتی لەمۆزەخانەکەدا نمایشکرابوو، چەن پەندو دەستەواژەیەکی ڕێبەر بەدیواردا هەڵواسرابوو، یەکێك لەوتەکانی گاندی زۆر بەتین کاری تێکردم: هەمان ئەو گۆڕانە بن کە دەتانەوێ لەدنیادا ببیینن.

بەڕاستی دەستەواژەیەکی چەن پڕ مانایە، چەندین جار حەز دەکەین دنیا بگۆڕێت، بەڵام تەنها بەقسەکردن دەربارەی گۆڕان.

## هەبوونەکانتان

بێگومان گۆڕانێك سادەترە كەدەبێت لەكەسانیتردا بەدی بێنن، بازوتان هەڵبڕن و ئەم كارە لەخۆتاندا بەدی بێنن، ئەگەر حەز دەكەن كەسێك لەنزیكەكانی ئێوە هاوسەر، منداڵ، هاوڕێ بەجۆرێك بگۆڕێن، ئەوا خۆتان بكەنە نمونەی گۆڕان، كاتێ ئەمە ڕوو دەدات، ئەزمون و متمانە بەخۆبوون دەسەڵاتێك پەیدا بكات، سەرەنجام لەخۆڕازی دەبن، بەووتەی د. فیلیپ مك گرای دەروونناس: سەرەتا دەبێت بەخۆتاندا بچنەوە.

بۆ ئەوەی شتێك ببەخشن بەكەسانیتر دەبێت خۆتان خاوەنی شتێك بن.

## داستانی ڤیۆلۆن

خەڵکی لەهەمبەر گۆڕاندا بەرگری دەنوێنن، چونکە لەنەناسراوەکان دەترسن، شەیدا چیرۆکێکم کە هاوڕێم "زیگ زیگلار" دەیگێڕێتەوە:

پیاوێـک لەپێـشبڕکێیەکی نیگـار کێـشاندا ڤیۆلـۆنێکی بەخـەڵات بردەوە، بردیەوە بۆماڵەوە یەکەمجار سەرنجی دایە ئەو کتێبەی لەگەڵ ڤیۆلۆنەکەدا بـوو، مـەخابن کتێبەکە تـەنها باسی دەستی چەپ لەسەر ژێـیەکان و دەسـتی ڕاسـت بـۆ جوڵانـدنی کەمانەکـە بـوو، پیاوەکـە بەدیقەتـەوە پەنجـەکانی لەسـە سـیمەکان دانـا و بەدەستەکەی دیکـەی کەمانەکـەی بـۆ پـێش و دواوە کـێش دەکـرد، بـەم حاڵـەش ئـەوە تاکـە دەنگێك بوو دەیتوانی بیژەنێت.

ڕۆژێك ژنەکەی ڕۆشت بۆ کۆنسێرتێك شوێنی دانیشتنەکەی لەگەڵ ژەنیـارێکی ڤیۆلۆنـدا هێنـدە دوور نـەبوو، ئـەو لـەو ئاوازەی ژەنیارەکـە دەیژەنی چێژێکی زۆری دەبرد، بەرودی سەرنجی دەست و پەنجەو ژێی کەمانەکەیدا، گەلێك جوان بوو، کاتـێ گەڕایـەوە بۆ ماڵـەوە بەخۆی ووت دەبێت بەمێردەکـەم بڵـێم دەتوانێـت چ ئاوازێکی دڵڕفێن بەڤیۆلۆنەکـەی دەربکات، بـەڵام دەیزانـی کەلەوانەیـە مێردەکـەی لەبیـستنی ئـەم قسەیە توڕەبێت.

كاتێ ژنەكە گەشتە ماڵەوە، مێردەكەی سەرگەرمی ژەندنی ڤیۆلۆن بوو، ژنەكەی پێێ ووت: ئازیزەكەم دەتوانم پرسیارێكت لێبكەم؟ پیاوەكە هەرچەن سەرگەرمی ژەنیاری بوو ووتی: بەڵێ، ژنەكە پێی ووت: لەكۆسێرتەكەدا بینویەتی كەژەنیاری ڤیۆلۆنەكە پەنجەكانی سەرو خوارو چەپو ڕاست بەسەر ژێكاندا دەجوڵێنێتو دەستی ڕاستیشی دەمێك خێراو دەمێك خاو بەكاردیێنێت، ژنەكە ئەمەی بەدەنگێكی گونجاو بۆ گێڕایەوە نەوەك مێردەكەی دڵگران بێت، ئەو لەدرێژەی قسەكانیدا ووتی: نازانم ئەو دەستەكانی تائەوڕادەیە هێندە خێرا بوون بەڵام، پەنجەكانی تۆ لەیەك شوێندا جێگیر بوونو جوڵە ناكەن، مێردەكەی ووتی: ئەو ژەنیارە بەدوای شوێنێكدا دەگەڕێت تاپەنجەكانی جێگیر بكات، بەڵام من شوێنی جێگیرم بۆ دۆزیونەتەوە.

خەڵكی زیاتر بەم هۆیە لەگۆڕان دەترسن، نیگەرانی نەناسراوەكانن، دیارە ئێوەش بیستوتانە دەڵێن: ئەو تاكە شتەی دەبێت ترست لێی هەبێت، خودی خۆتانە، پیت پالسون، دەڵێت: ئەو تاكە شتەی دەبێت لێی بترسین خودی ترسە، خەڵكی زیاتر دڵبەستەی ئەو شتانەن كەبەلایانەوە ئاشنایە، تەنانەت ئەگەر لێی ڕازیش نەبن، ترس دەیانوەستێنێت، ئەمەش هاوكاتە كەتەنها ڕوبەڕوبونەی ترس ئەنجامدانی كارگەلێكە كەلێی دەترسین.

Scanned with CamScanner

## پەرجو بۆ گۆڕان، لەخۆتاندا بەدی بێنن

بۆقێك کەوتبویە چاڵی کەنار جادەی گوندێکەوە، هەرچەن هەوڵی دەدا بێتە دەرەوە سەرکەوتوو نەبوو، زۆری نەخایاند کەروێشکێك هاتە لێواری چاڵەکەو پێشنیاری بۆ کرد بۆ دەرهێنانی لەچاڵەکە هاوکاری دەکات، کەروێشکیش سەرکەوتوو نەبوو، ئاژەڵانی دیکە هاتن بەهانایەوە تاکو لەو چاڵە دەری بێنن، هەموو بێجگە لەخۆ بەدەستەوەدان چارێکیان پێ نەبوو، هەموو وتیان: دەگەڕێنەوە کەمێك خۆراکت بۆ دێنین، لەوە ئەچێت لەم چاڵەدا زۆر بمێنیتەوە، پاش کەمێك سەرنجیاندا بۆقەکە لەدوایانەوە بەهەڵەدەوان دەڕوات، نەیاندەتوانی ئەوەی دەیبینن باوەڕی پێبکەن، ووتیان: ئێمە واماندەزانی ناتوانیت بێیتە دەرەوە!

بۆقەکە ووتی: بەڵام دەبینن کە توانیم، کامیۆنێکی گەورە بەرەو ڕوم هاتو منیش توانیم هەڵبێم.

کاتێ ناچار بووین لەچاڵی ژیان هەڵێین، دەگۆڕێین، بەڵام ڕاستی ئەمەیە کەساڵانێك کێشەکان ئاسانترن تا ڕێچارەکانیان، هەموو خەڵکی دەتوانن بگۆڕێن، بەڵام مەیلیان بۆ ئەو گۆڕانە نییە، هیچ شتێك زیاتر لەپەی بردنی کتو پڕ پێویستی بەوە نییە بەو شێوەیە بمێننەوە ئاگری حەز گۆڕان ڕۆشن ناکاتەوە، عەشق ببەخشن بەچاڵی گۆڕانەکان، بزانن حەزکردن بەگۆڕان لەئێوەدا گەشە دەکات.

## پرسیارێك لەئانتۆنی رابینز

پیشکەوتن هەمیشە پێویستی بەگۆڕانە، رۆشتن بۆ پێگەیەکی نوێ نیازمەنـدی گـۆڕینی زەینـە، لەوانەیـە بەشـێوەیەکی غـەریزی ئـەم پەیوەندییە بزانن، بەڵام دەبێت ئەم ئەندێشەیە بەپایەو بنەمای ژیانی خۆتانی بزانن، داستانێك دەربارەی" مارك ڤیکتور هانسن" دەڵێن ئەو وتاربێـژێکی بلیمەتـەو ئیمپراتۆرێکـە سوپی مریشکی بۆ رۆح دروست کرد، بەرلەوەی سەرکەوتنە مەزنـەکان بەدەسـت بێنێت لەکۆڕێکدا هاتە لای ئـانتۆنی رابینـز هـەردوکیان لێـدوانیان هـەبوو، پێـی ووت: تونی، پرسیارێکم هەیە دەزانی دەمێکە من وتاربێژی دەکەم، کارەکانم بەباشی ئـەنجام دەدەم لـەم کارەمـدا سـاڵانە ملیۆنێـك دۆلار دەسـکەوتم هەیـە، دەزانم تۆ ساڵانە بەوتاربێژیی و وانە وتنـەوە کاسێتو کتێبـەکانت ١٦٥ ملیۆن دۆلار دەسکەوتت هەیە، چۆن بیر دەکەیتەوە تـامنیش هـەمان کار بکەم؟

رابینز، ڕویکردە هانسن، ووتـی: لـەگرۆپی راوێـژکارەکانت چ جۆرە کەسانێکت هەیە؟

گروپی راوێـژکارانم پێکهاتون لەکەسانی هـاوبیروڕاو، هاوسەلیقەو پێکەوە کۆ دەبنەوە تابیرو ئەندێشەی نوێ وەبەربێنن.

Scanned with CamScanner

هانسن ووتی: ملیۆنێر، هەمووومان ملیۆنێرین، رابینز ووتی: هەڵەکانی تۆ ئالێرەدایە، دەبێت بەدوای ملیاردەکاندا بگەڕێیت، لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوت بکەیت، ئەوان ئەتگەیەننە ئەو شوێنەی خۆیانی تێدان، دوای ئەم گفتوگۆیە هانسن یەك پلە سەرکەوت، ئەڵبەتە بەم پیتە بڕی داواکاری تەوا نابێت، مەبەستی هانسن ئەمەیە لەکتێبی سوپی مریشك بۆ رۆح یەك ملیارد تیراژ بفرۆشێت و بەڕاستی لەم ڕێیەدا گەلێك پێشکەوتووە.

## باو، ئاستەنگی گۆڕانە

ئەم نوکتەیەم پێخۆشە، بۆ گۆڕینی لامپێك چەن کەسی پێویستە؟

یەکێك بۆ گۆڕینی لامپەکەو سێ کەسیش بۆ یادەوەری ئەوەی لامپی پێشوو چەن باش کاری دەکرد، کەسانی ئەم دەستەیە دەمانخاتە یادی ئەو کۆنە سەردەستەیەی سوپا لەئۆدوگایەکی میشیگاندا، بەرپرسی پاسەوانی فەزای سەوزی بارەگای فەرماندەیی بوو، سەردەستە بێ درەنگ کارەکەی سپاردە سەرکاریگەرێك پێی ووت هەموو ڕۆژێك سەعات پێنج ئاوی چیمەنەکە بدات، سەرکاریگەر ئەم کارەی لەڕووی ئەرکەوە ئەنجام دەدا.

ڕۆژێك زریانێکی بەهێز هەڵیکرد، سەردەستە هاتە بارەگاکەوە بینی سەرکاریگەر قاچی خستۆتە سەرقاچ و دانیشتووە، سەردەستە هاواری کرد: چ مەرگێکتە، سەعات پێنجە هێشتا نەچویتە دەرەوە ئاوی چیمەنەکە بدەیت!

سەرکاریگەر ووتی: گەورەم هەوا بارانییە بزانە چ زریانێکە، سەردەستە قیراندی: جا چییە، مەگەر پاڵتۆت پێ نییە؟ یاسای کورنفیلد دەڵێت: تاکاتێ هەموو خانەنشین نەکراوون کارێك بکەن، ئە مکارە ئەنجام نادرێت، خەڵکی هێندە درەنگ خانەنشین دەکرێن کە کاتی ئەنجامدانی کار بەسەر چووە.

Scanned with CamScanner

## ئەزمونەکانی ژیان

ڕۆژێ لـەڕۆژان، دەسـەتەیەك لەگونـدییان، بەشـوانی گوندەکـەی خۆیـان ووت: هـەرکات گورگێـك لەڕانەکـە نزیـك کەوتـەوە، هـاوار بکـە گورگ! گـورگ! تـا ئێمـە بـەپاچ و بێڵـەوە بکەوینـە گیـانی، ڕۆژی دواتـر شوانەکە ڕانـە مـەڕی بـرد بـۆ لەوەڕانـدن، بینـی شـێرێك نزیـك کەوتەوە، هاواری کرد شێر! شێر! هیچ کەس نـەهات بەهانایـەوە، شێر چەن سەر مـەڕێکی مـل شـکاند، شـوانەکە بەسەرسـامییەوە گەڕایـەوە بەخـەڵکی ئاوایی ووت: کاتێ هاوارم کرد، بۆ هیچ کەسێك نەهات بەهانامەوە؟

ڕیش سپی ئاوایی ووتی: کوڕی خۆم! لەم ناوە شێری تێدا نییە، دەبێت تۆ وریای گورگ بیت!

ئـەو شـوانە لـەم ڕوداوە پەنـدێکی گـەورەی وەرگـرت، خـەڵکی کاردانەوەیان بۆ کارەساتێك هەیە ئامادەی بڕوا پێکردنی بن، ئەوەی ئامادەیان دەکات بۆ باوەڕ پێکردن ئەزمونی خۆیانە.

## سەلامەتی

هاوڕێم "زیگ زیگلار" دەپرسێت: ئەگەر ئەسپی پێشبڕکێت هەبێت دەمێڵیت جگەرە بکێشێت تادرەنگانێك لەماڵەوە بێت؟ ئەگەر سەگی هەزار دۆلاریت هەبێت ئەم بوارەی بۆ دەڕەخسێنیت؟
بێگومان نامێڵیت، ئەگەر بەشێوەیەکی کاریگەر چاودێری ئەسپی پێشبڕکێ نەکەیت لەهیچ پێشبڕکێیەکدا سەرکەوتوو نابێت، سەگێك سەلامەتی بکەوێتە مەترسییەوە ناتوانێت ئەرکەکانی بەجێ بێنێت، لێرەدا ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە ئەگەر بوار بەئاژەڵەکانی خۆت نەدەیت لەم جۆرە کارانە بکەن، ئەی خۆتان چۆن دەیکەن؟ تائێستا تووشی کەسانێك بویت کەئالودەی مادە هۆشبەرەکان بن، ئەمکارانە هۆکاری مەرگی کت و پڕن، دەتوانن ببنە ئەو هۆکارەی کە مرۆڤ لەوادەی دیاری کراوی خۆی زووتر پیر بێت دوچاری نەخۆشی بێ چارەسەر بن.

# هێزی پەیوەندی

ـەموو ژیـانی ئێمـه لـەژێر کاریگـەری پەیوەندیەکاندایـه بکەسانیترەوە، ویڕای ئەمـەش بـەردەوامی پەیوەنـدی سـەختە، ئێـوە ناتوانن لەهەندێ کـەس دوور بکەونـەوە بـێ ئـەوان نـاتوانن بـژین، بـەم ەزیە لەم دنیا شلۆقەدا هـەبوونی پەیوەندی گونجاو لەگەڵ کەسانیتردا کارێکی بنەڕەتییە.

ڕۆلێلت دەڵێـت: گـرنگترین بەشـی هاوکێـشەی سـەرکەوتن زانیـاری لەشێوەی دورکەوتنەوەیە لەخەڵکی.

جان دی راکفلر دەڵێت: بۆمن توانای کارکردن لەگەڵ خـەڵکی بەنرخترە لەهەر توانایەکی دیکە کە لەدنیادا هەبێت.

ئاخۆمان نەخەینە جێی کەسانیترو لەدیدگای ئەوانـەوە سـەرنجی ژیـان نەدەین وەك ئـەو پیـاوە دەبـین کـە: دوای خۆکێـشانی بـەئۆتۆمبێلێکی دیکەدا بەتوڕەیی دابەزیو هاواری کرد: بۆ ئاگاتان لەشۆفێریتان نییـە؟ ئێوە چوارەمین ئۆتۆمبێلێکن کەئەمڕۆ خۆتان کێشاوە بەمندا.


## گەنجینەیەك بۆ گرنگترین پەیوەندی

سامۆئیل ئۆشرسون، دەروونناسی زانکۆی هارڤارد، دەربارەی پەیوەندییە خێزانییەکان مشتوماڵێکی گرنگی کردووە، لەوانە لەسەر ٣٧٠ خاوەن بڕوانامەو زانکۆی هارڤارد، بەماوەی بیست ساڵ موتالای کردووە گەشتۆتە ئەو ئاکامەی ئەگەر لەپەیوەندییەکانی رابردوی خۆت بەتایبەت پەیوەندی دایكو باوك دورنەکەونەوە، بەگریمانەی بەهێز هەمان نمونەی ئەوان دوبارە دەبێتەوە، گومانی تێدا نییە ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەندامانی نزیکی خێزاندا بەدی دەهێنن، گرنگترین پەیوەندییەکانی ژیانن، نزیکترین کەسانێك بەئێوە، شێوەی ئێوە دەنوێنن، ئێوەش بەبەشی خۆتان شێوەی ئەوان دەنوێنن.

کاتێ دایکە تریزا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرت، لێیان پرسی: بۆ باڵابردنی ئاشتی جیهان دەتوانین چی بکەین؟

وتی: بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانتان خێزانەکانی خۆتان خۆش بوێت، ئەگەر دەتانەوێ کاریگەرییەکی ئەرێنی دابنێنن، لەماڵەکانی خۆتانەوە دەست پێ بکەن، لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا وەك گەنجینەیەك رەفتار بکەن.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

## هاوسەرگیریی ساغ

ئەگەر هاوسەرگیرییت كردووە، گرنگترین كەسێك دەبێت بڕوای پێبكەیت هاوسەرەكەتانە، لەكۆنفرانسی ڕێبەریی ساڵی ٢٠٠٣ ماكۆس باكینگ هام، كاگێڕی پێشكەوتووی كۆمپانیای گالوپا و نوسەری كتێبی ئێستا تواناكانت بدۆزەرەوە، ووتی: یەكەمین نیشانەی هاوسەرگیریی سەركەوتوو ساغ ئەمەیە، ژن و مێرد ڕۆشنتر لەوەی خەڵكی دەیانبینێت یەكتری قبوڵ بكەن و ببینن، هەركات یەكێك لەلایەنەكان بەهایەكی كەمتر لەوەی خەڵكی بۆ بەرامبەرەكەی دادەنێت ئەمیش پێی قبوڵ بێت ئەوە یەكەمین گورزی لەو پەیوەندییە داوە.

ئەزمونی خودی خۆم وەك قەشەیەكی راوێژكار لەم بوارەدا، دەبڕی هەمان مەبەستە، كاتێ ژن و پیاوێك پێش هاوسەرگیرییان دەبینم، ئەوان دەڵێن لایەنی بەرامبەریان هەرگیز هەڵە ناكات، هەركات ژن و پیاوێك لەجیابونەوەیاندا دەبینم، دەڵێن هاوبەشی ژیانیان هەرگیز ناتوانێت كارێك بەدروستی ئەنجام بدات، هەریەك لەئێمە دەبێت لەهەمبەر هاوسەرەكەماندا واقیع بین بین، هیچ كەس كامڵ نییە، هیچ كەسیش ناتوانێت هۆكاری بەختەوەریی كەسێكی دیكە بێت، ئەگەر بەهەموو وجودتانەوە پارێزگاری لەهاوسەرەكانتان نەكەن هەرچەن خێراتر كۆمەك لەراوێژكارێك بخوازن زوتر دوچاری دەردەسەریی دەبن.

## بین بەو کەسەی کە هەر تیمێك خوازیاری بێت

هاوڕێکەم "داویت بین" داستانێکی دەربارەی ئۆپەرێتێکی رادیۆیی پەیامێکی تایبەتی بۆ ناردم، ڕۆژێك بەڕێکەوت لەبەرنامەیەکدا کەپەخش دەکرا، پیرەمێردێك ئامۆژگاری جوامێرێکی دەکرد: پیرەمێرد وتی: شەرمەزارییە، تۆ هێندە لەماڵو خێزانەکەت بەدور بیت، باشتێکت پێ بڵێم کەیارمەتی داووم، تادوربینێکی باشی یەکەمایەتیەکانی ژیانم بم، بزانە ڕۆژێك دانیشتم کەمێك حسابم کرد، لانی کەم هەرکەسێك ٧٥ ساڵ تەمەنی هەیە، لێکدانم لەنێوان ٧٥و ٥٢ دا کرد ژمارە ٣٩٠٠بوو بەئەنجام کەئەمە ژمارەی ڕۆژەکانی هەینییە کە شێوەیەکی ناوەند هەرکەس لەژیانی خۆیدا هەیەتی، ئەو درێژەی پێدا من تاکو تەمەنی ٥٥ساڵیم سەبارەت بەم پرسە بەوردی بیرم نەکردبویەوە تا ئەو کاتە من ٢٨٠٠ هەینیم تێ پەڕاندبوو ووتم ئەگەر من تا تەمەنی ٧٥ ساڵیی بژیم تەنها ١٠٠٠ دانەی دیکە لەم هەینیانە دەمێنێتەوە تا چێژیان لێ ببیم.

ئەو بەردەوامی بەڕونکردنەوەکەی خۆیدا کەهەزار دانە هەڵماتی کڕیو لەزەرفێکی ڕونی نایلۆندا لەماڵەوە داینا، ووتی: لەوە بەدواوە هەموو ڕۆژێکی شەممە یەکێك لەهەڵماتەکان دەردێنمو هەڵی دەدەم،

هەستم كرد بەورد بوونەوە لەكەم كردنی ژمارەی هەڵماتەكان، لەسەر شتە ڕاستیەكانی ژیان ڕامانێكی قووڵترم دەبێت،

*لەم دنیایەدا هیچ شتێك هێندەی وردبوونەوە لەتێپەڕینی زەمەن ناتوانێت لەدیاریكردنی یەكەمایەتیەكاندا كۆمەكتان بكات.*

پاشان ئەو پیرەمێردە بەمجۆرە قسەكانی هێنایە كۆتایی: ئێستا بوار بدە بەرلەوەی دەست لەكار بكێشینەوە هاوسەری خۆشەویستم بۆ نانخواردن ببەمە دەرەوە بادواپین ڕاسپاردەت بكەم، ئەمڕۆ بەیانی من دوایین هەڵماتم لەزەرفەكە دەركرد ووتم ئەگەر تاهەینی داهاتوو بژیم ئەوە كاتێكی زیادەم پێدراوە، ئێمە ناتوانین سەرپشك بین تاكاتی زیاترمان پێ دەردێت یان نا، بەڵام دەتوانین ئەوەی بەو كاتە ئەنجامی دەدەین سەرپشك بین، ئەگەر ئێوەش بەوەی هەتانە كاتو كارامەییەكە كەخودا پێی بەخشیوون بەكاری بێنن.

## دووربینی لەبەهای هەرشتێك بەخەیاڵی ئێوەدا بێت

ژن و مێردێك چوونە شاری یاریی بۆ سوار بوونی فرۆکە، هەردوکیان پێکەوە حەزیان لەفڕین بوو بەڵام نرخی هەر کەسك پێنج دۆلار بوو نەیاندەتوانی بلیتەکەی بکڕن، هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا قایلی بکەن بەپێنج دۆلار هەردوکیان سوار بکات بەڵام بێ سوود بوو.

فڕۆکەوانەکە پێشنیارێکی بۆ کردن ووتی: سەد دۆلارم پێ بدەن من سوارتان دەکەم، ئەگەر لەکاتی فڕیندا هیچ ووشەیەکتان نەووت ئەوا سەد دۆلارەکەتان بۆ دەگێڕمەوە، ژن و مێردەکە بەم مامەڵەیە قایل بوون و سواری فرۆکە بوون، فرۆکە بەرز بویەوە کەوتە فڕین، فڕۆکەوانەکە هەر هونەرێکی فرۆکەوانی شك برد بەکاری هێنا، خولانەوە، پێچ کردنەوە شۆڕبونەوە تەقلە لێدان، کاتێ فڕۆکەکە نیشتەوە فرۆکەوانەکە ڕویکردە پیاوەکە ووتی: ئافەرین، ئەمەش سەد

دۆلارەکـــەتان چــونکە ئێــوە هــیچ قــسەیەکتان نــەکرد، پیاوەکـە وەڵامیدایەوە: بەڵێ، کاتێ ژنەکەم کەوتە خوارەوە خەریك بوو قسەیەك بکەم!

ئەم چیرۆکە زیاتر لەگاڵتەو گەپ دەچێت، بەڵام بەیانکەری فەرهەنگی خۆمانە، هەمیشە خەڵکی بۆ پارەو شتیتر زیارت لەوەی لەژیاندا گرنگە واتە کەسانیتر بەها دادەنێن.

## گوێگرێکی باش بن

پیاوێکی کامڵ چوویە دەرمانخانەیەکەوە، ڕێک چوویە بەردەمی دەرمانفرۆشەکە ووتی: ببورن، دەرمانی نزگەرەتان هەیە؟

دەرمانفرۆش بێ هیچ پرسیارێك دانەوییەوە یەك شوشەی خواردنەوەی دەرهێنا و لەبەردەم کابرادا کێشای بەزەویدا. پیاوەکە واق بوو ووتی: ئەوە چیت کرد؟

دەرمانفرۆش بزەیەکی کرد ووتی: ترسایت؟ ئێستا چیتر نزگەرە ناکەیت.

پیاوەکە ووتی: من نزگەرە ناکەم، بۆ هاوسەرەکەم کەلە ماشینەکەدا نزگەرەی هەیە شتێکم ویست.

ئایا ئێوەش بەرلەوەی لەدێرماکی شتێك تێ بگەن ئەنجامگیریی دەکەن؟ بۆ زۆربەمان ئەم نەریتە کۆنەیە بۆیە هەوڵمدا فێر ببم بەر لەتەواو نەبوونی پرسیاری کەسانیتر، ئەوان بەوەڵامەکەم دانەکوتمەوە هەرکات، کەسێك دیدی خۆی بۆ دەربڕیم هەوڵ دەدەم:

- گوێ بگرم،
- پرسیار لەبارەیەوە بکەم،
- دوبارە گوێ بگرمەوە،
- پرسیاری زیاتر بکەم،
- زیاتر گوێ بگرم،
- پاشان وەڵام بدەمەوە.

چونکە سەرنجمداوە بەکەمکردنەوەی خێرایی کاردانەوەکانم، بەئارامترو گونجاوتر وەڵام دەدەمەوە.

## بنەمایەکی گرنگ

ئایا تائێستا کاتێ دەچنە شوێنکاری نوێوە، کەسی شارەزاترو بەئەزموونتر پێت بڵێت ئاگات لەفڵان شت بێت، ئەمە چەندینجار بۆ من ڕویداوە، بیرمە کاتی دەسپێکی یەکەمین کاری پیشەییم، تێبینەری ئەو بەشە پێی ووتم: ئاگام لە"ئتیودری و کلودی "بێت، چونکە توشی دەردەسەریم دەکەن، من بەئەندێشەوە ئەوان هەرساتێك بێت کێشەم بۆ دەنێنەوە دەسبەکار بووم، سەرەتا سەرنجم خستە سەر ئایودری، ژنێکی تۆکمەو خاوەن کەسێتیەکی بەهێز بوو، بەوپەڕی سەرسامییەوە کارکردن لەگەڵیدا بۆمن بویە وانەیەکی مەزن، ئایوردی گەلێك بوێرو لێهاتوو بوو، هەرکارێکی بەدروستی بەئەنجام دەگەیاند، ئێمە پەیوەندیەکی باشی کاراکردنم هەبوو، بوو بەیەکێك لەخۆشەویستانی خێزانەکەم، کلودی کوڕێکی خاوەن مەزراو عاشقی خودا بوو، هەرگیز هەستەکانی بریندار نەدەکردین.

کاتێ دووەمین کارم قبوڵ کرد تێبینەری ئەوێ ئاگاداری کردمەوە ئاگام لە"جیم"بێت! ئەو لەسەر هەرشتێك ململانێی لەگەڵ دەکردیت، لەهەفتەی یەکەمدا کە لەوێ بووم، پەیوەندیم لەگەڵ "جیم"دا بەست ئەو بواری ئەوەی پێدام تێبگەم ئەو عاشقی خودایەو لەتەك مندا

هاوبیروڕایە، لەکۆتاییدا ووتی: من باشترین کەسێکی ئەم کلیسایەم، بەڵێ بەڕاستی ئەو دەستی بەنەبەردییەك کرد بوو، پاشان گۆڕا بەبەمێزترین کەسێك پارێزگاری لێدەکردم من دوای ئەوە بەدوای هیچ ئەندامیکی نوێ بۆ دەستەکەی خۆم نەدەگەڕام.

لەکلسیای سێیەمدا ڕێبەرەکەی پێش من کە منی بەوێ ناساندبوو، لەلام دانیشتو ووتی: بەسەری بەرزو چاوانی کراوەوە چاودێری کەسانی ئاژاوەچی بکەم دیارە ئەویش وەك کەسانی پێشتر مەبەستی کۆمەك کردنم بوو بەڵام من بەڕێزانە پێشنیارەکەی ئەووم دایە دواوە، چیتر بەئەندازەی پێویست ڕێبەرایەتیم کردبوو بزانم کێشەی ئەو لەگەڵ کەسانی دیکەدا هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە، بەپێچەزانەوە چونکە بەبڕوادارانی ئەو هیچ سەرۆکارییەکم نەبوو کەسانیتر کەئەویان کەنار دابوو لەوانەیە بتوانن لەژیانی مندا ڕۆڵێکی گرنگ ببینن.

فێر بووم خۆمان کێین، دیاری دەکات کەسانی دیکە چۆن دەبینین.

## هۆكاری جیاوازیی

كەسێكی "كلرادو"یی چوویە "تەكزاس" خانویەكی بەپەنجەرەی گەورە دروست كرد كەلەو دیویەوە سەدان كێڵگەو لەوەڕگە دەبینران، كاتێ لێیان پرسی: چەندێك لەم دیمەنە چێژ دەبینێت؟
ووتی: تەنها كێشە ئەمەیە لەوێ هیچ شتێك نییە بۆ دیتن.
هاوكات كەسێكی تكزاسی چوویە كلرادو خانویەكی بەپەنجەرەی گەورە ڕووبەڕووی كێوەكانی راكی دروست كرد، كاتێ لێیان پرسی: چەندێك ئەم دیمەنەی خۆشدەوێت ووتی: تاكە كێشەی ئەم شوێنە ئەمەیە كێوەكان ناهێڵن شتێك ببینم. لەوانەیە ئەم چیرۆكە كەمێك ئاڵۆز بێت، بەڵام ڕاستەقینەیەك لەدڵی ئەواندا حەشار دراوە، ئەوەی كەسانی دیكە دەیبینن، هەڵقوڵاوی ئەمەیە خۆیان چ كەسێكن، وەك كەسانی ژۆرێك كە شتە وێكچووەكان بەشێوەی تەواو جیاواز ببینن.

## هاودەردی

تریسی، تەمەن پێنج ساڵان لەباوکی پرسی: ئایا دەتوانم بچم بۆ ماڵی هاوڕێکەم لەوێ یاری پێکەوە بکەین؟

باوکی ووتی: بەڵێ، بەو مەرجەی سەعات شەش بۆ نانخواردن بگەڕێیەتەوە بۆ ماڵەوە، ئێوارە داهات بوو بەسەعات شەش، تریسی نەگەڕایەوە، باوکی نیگەران بوو بەڵام دوای ٢٥ خولەك هاتەوە بۆ ماڵەوە، باوکی هەوڵیدەدا زاڵ بێت بەسەر توڕەبوونەکەیدا لێی پرسی: تائێستا لەکوێ بویت؟

تریسی وەڵامیدایەوە: بمبورە درەنگ کەوتم، کاتێ ویستم بێمەوە قاچی بوکە شوشەکەی هاوڕێکەم شکا، باوکی ووتی: زۆر باشە، لەبەر چاککردنەوەی بوکە شوشوکەی ئەو دواکەوتیت؟

تریسی ووتی: نا، بابە گیان لەبەرئەوەی لەگەڵ ئەودا دەگریام بۆیە دواکەوتم.

Scanned with CamScanner

## لەکام چیینەیت؟

لێرەدا مرۆڤەکان دەکرێ، بەسێ بەشەوە:

١. دەستگرەوەکان، هەمیشە وەردەگرن، هیچ کاتێ نابەخشن، زۆرێک لەخەڵکی تەنها سەرنجی خۆیان دەدەن، بەدەگمەن هەڵدەکەوێت سوود بگەیەنن ئەوانە وەرگرن، تەنها نیگەرانیان بۆ بەرژەوەندی خودی خۆیانە بێگومان هیچ کاتیش تێر نابن.

٢. "دەڵاڵەکان" یەکەمجار وەردەگرن، پاشان دەیدەنەوە، هەندێک لەخەڵکی بەپاراستنی دەسکەوتو ئەوەی بۆیان دەمێنێتەوە بیردەکەنەوە، ئەوان دەیانەوێ سوود بەکەسانیتر بگەیەنن، چونکە چاکەکارن، بەم کارەش تەنها حسابی خۆیان ڕێک دەکەنەوە، منیش لەسەرەتای کارەوە سوودم لەم ڕەوشە دەبینی، تەنها دەمویست قەرزاری کەس نەبم، نەمدەزانی بەها زیاد کردن بەژیانی کەسانیتر مانای چییە، بۆیە هیچ کاتێ دەسپێشخەری گەیاندنی کۆمەک نەبووم.

٣. "سەرمایەگوزار"ە کان یەکەمجار دەبەخشن، دوایی وەریدەگرنەوە سەرنج و چڕ بوونەوەی ئەم دەستەیەی سێیەم، بۆ کەسانیترە، ئەوان

یەکەمجار سوود دەبەخشن، کۆمەکە پێشنیارکراوەکان وەرنەگرن، چونکە بڕوایان وایە، دەسگرۆیی کردنی خەڵکی و چاودێریی کردنیان، سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێت، ئەم دەستەیە هەرکارێکیان لێ بوەشێتەوە بۆ خەڵکی ئەنجامی دەدەن، هەرکەس پەیوەست بێت پێیانەوە حاڵی باشتر دەبێت، ئەوان بەپەیرەوی کردنی ڕێسای "بەخشین" لەژیانیاندا براوە تاقی دەکەنەوە.

## هەموو نیازمەندی هاندانن

من ماوەی ٢٣ ساڵ بەرپرسی پەروەردەی کرێکاران بووم، هێشتا کەسێکم نەدیتوە لەجوغزێکی پڕ لەستایش و هاندان کارەکەی لەو جوغزەی سەرزەنشتی تێدا دەکرێت باشتر ئەنجام نەدات، هاندان ئۆکسجینی دەرونە، توێژەران بەڵگەی نوێیان لەسەر ئەم ڕاستیە کۆنە هەیە کەهاندان کارامەییەکان دەپشکوێنێت.

لەتاقیکردنەوەیەکدا دە خشتەی چوون یەکیان ئامادەکرد، تاقیکراوەکان خشتەکانیان حەل کردو گەڕاندیانەوە، بڕیار نەبوو ئەنجامەکان بەرودی پیاچونەوەی بۆ بکرێت، پاشان بەنیوەی تاقیکراوەکانیان ووت: تاقیکردنەوەکەیان بەباشی ئەنجامداوە، لەو دە خشتەیە حەوت پلەیان بەدەست هێناوە، بەنیوەکەی دیکەیان ووت: پلەیەکی باشیان بەدەست نەهێناوە لەدە خشتەکەدا حەوت هەڵەیان هەیە، پاشان دە خشتەی دیکەیان دایەوە بەهەموویان، لەخولی دووەمدا خشتەکانیان باشتر حەلکرد، ئەنجامی نیوەکەی دیکە خراپتر لەخولی یەکەم بوو، ڕەخنە تەنانەت لەهەڵەکان هۆی دواکەوتنی ئەوان بوو.

ڤیکتۆر فرانكل، دەڵێت: ئەگەر لەگەڵ خەڵكی بەپێی چاودێری ڕەفتار بكەن، كەپێیان دەدەن ئەگەر ئەوان بالآتر لەوەی هەن بیان بینن، ئەوا ئەو كەسانە كەسێك دروست دەكەن كەشایستەی بێت، ئەگەر ئەوان هەمان شێوەیەك بجەجمێنن كەهەن واتا وەك خۆیان ئەوا بێگومان دواكەوتوو دەبن، بەڵام ئەگەر ئەوان بەوجۆرە لێبكەن كەدەبێت وابن بێگومان كۆمەكتان كردوون ببنە ئەو شتەی كەدەتوانن ببن، ئەگەر پێیان بڵێن دوربینی ئامانجگەراییە، دەبێت پێتان بڵێم ئامانجگەرایی دروست واقیع گەراییە، چونكە كۆمەكیان دەكەن باوەڕ بەخۆیان بكەن.

هێنری فورد، دەڵێت: باشترین هاوڕێی من كەسێكە باشترینەكان لەمندا بەرژێنێت.

چەن جوانە، هەر ڕێبەرێك بیەوێت باشترینەكان لەكارمەندەكانیدا بەرژێنێت، هەر ڕێبەرێكی سەركەوتوو دەزانێت ڕێگەی دەسكەوتنی ئەوان هاندانە.

## پێناسەی هاوڕێی ڕاستەقینە

هینـری فـورد، بەدیهێنـەری ئۆتۆمبێـل، ڕۆژێـك کـاتی نـانخوار
نیوەڕۆ، لەکەسی بەرامبەری پرسی: باشترین هاوڕێی تۆ کێیە؟
فـۆرد، چـاوەڕوانی وەڵام بـوو، بـەڵام ئـەو پیـاوە نەیـدەزانی نـاوی
بێنێت، بۆیـە فۆرد دوبـارە وتیـەوە: لـێم پرسـیت هاوڕێکەی تۆ ک
بۆچـی نازانیـت باشـترین هـاوڕێی خـۆت کێیـە کـەهۆکاری پـشک
کارامەییەکانی تۆیە.
ئەمە دروست هەمان ئەو کارەیە کەهاوڕێی ڕاستەقینە ئەنجامی د
ئەوان هۆکاری وەبەرهێنانی باشترینەکانی وجودی ئێوەیە.

## تواناسازیی

### کەسانیتر

لەساڵی ١٩٢٤ ویلیم واکانت، هونەمەندی نیگارکێشی ئینگلتەرە گەشتێکی کرد بۆ نیویۆرک، بەیانی یەکێک لەڕۆژەکان لەنوسینگەی یەکێک لەهاوکارەکانی پێشووی بوو، حەزێکی فرەی بۆ کێشانی وێنەیەک تێدا بزوا، پارچە کاغەزێك کە لەسەر مێزەکە بوو نیشانی هاوڕێکەیدا ووتی: ئەگەر کارت پێی نییە ئەم پارچە کاغەزەم دەوێت، هاوڕێکەی ووتی: ئەمە کاغەزێکی ئاساییە کاغەزی وێنەکێشان نییە.

واکات، نەیدەویست بروسکەی ئیلهام لەمێشکیدا خامۆش بێت، کاتێ کاغەزەکەی هەڵگرت ووتی: هیچ شتێك ئاسایی نییە، بەمەرجێ بزانیت چۆن سوودی لێدەبینیت، واکات، لەسەر ئەو کاغەزە ئاساییە دوو وێنەی سەردەستی کێشا، لەهەمان ساڵدا یەکێك لەو دوو وێنەیە بەبڕی پێنج سەد دۆلارو ئەویتریان بەبڕی هەزار دۆلار فرۆشرا کەلەو ساڵەدا بڕی ئەو پارەیە ریکۆرد بوو، کەسانێك کە لەژێر کاریگەریی توانا بێسنورەکاندان، وەك کاغەزێکن، لەدەست هونەرمەندێکی ناوازەو

بلیمەتدا، هونەرمەندی ڕاستەقینە بێ پابەندبوون بەماددەوە، ئەوەی لەبەردەستدایە شاکاری گرانبەهای لێدەکەوێتەوە.

توانا سازیی واتا دیتنی کارامەیی کەسەکان و دابەشکردنی سەرچاوەکانی خۆت بەوان نیشاندانی بڕواو متمانەی تەواو بەئەوان، پێدەچێت تائێستا کەسانێکتان بەتوانا کردبێت بەڵام بەخۆتان نەزانن، کاتی دانانی پلانێکی گرنگ بۆ هاوسەرەکەتان پاشان بەهاندان و ستایشەوە پارێزگاریتان لێ کردبێت، ئەم کارە واتا تواناسازیی، کاتێ دەگەنە ئەم ئەنجامەی منالەکەتان دەتوانێت بێ ئەوەی کۆمەکی بکەن بەشەقامێکدا بپەڕێتەوە ئەم کارە واتا تواناسازیی، کاتێ بەرپرسیارێتییەکی سەخت دەخەنە ئەستۆی کارمەندێک و بۆ بەئەنجام گەیاندنی پشتیوانی تەواوی لێدەکەن واتا توانای ئەوتان بەرەو باڵا بردووە.

تواناسازیی، ڕۆحەکان دەگۆڕێ، بۆ هەردوولا، بدەرو وەرگر، توانا بەخشین بەکەسانیتر وەك بەخشینی شتی دیکە نییە، ئێوە کاتێ ئۆتۆمێلەکەتان بەقەرز دەدەن بەکەسێکی دیکە خۆتان پەکتان دەکەوێت، چونکە تاکو بۆتان دینێتەوە هۆکاری هاتوچۆ کردنتان نابێت، بەڵام تواناسازیی و بەخشینی توانا بەکەسانیتر کارێکە لێرەدا شتێك لەدەست نادەن واتا لەخۆتان کەم نابێتەوە، توانای وەرگر زیاد دەکات بەڵام لەتوانای بەخشەرەکە شتێك کەم نابێتەوە.

Scanned with CamScanner

## هۆكاری دەركردن

كارگێڕیی، توانای ئێمە لەبەستنی پەیوەندییەكانە لەگەڵ كەسانیتر، كارگێڕیی واتە چوونە نێو ناخ و دڵی كەسانیتر، شێوەی پەیوەندی ئێوە بەكەسانیترەوە نیشاندەری پێوانەی دیاوازكردنی ئەوانە، ئایا ئاگاتان لەڕەوشی پەیوەندییەكانتانە؟

ئایا بەدیقەت و خاوەن ئامانجن؟

ئایا ڕەفتاری ئەرێنیتان هەیە؟

پێوانەی پەیوەندی ئێوە بەدنیای دەوروبەری خۆتانەوە نیشاندەری سەركەوتویی ئێوەیە لەڕێڕەوی خۆتان، ناتوانرێت بەڕێوەبردن لەپەیوەندی جیا بكرێتەوە.

كەسێك داوای لەژمارەیەك لەكارگێڕەكانی كۆمپانیایەكی گەورەی ئەمریكی كرد، تا گرنگترین خەسڵەتێك باس بكەن كەزۆر گرنگە لەكارمەندانا بوونی هەبێت، زیاتر ئەوەیان دووپاتكردەوە كەگرنگترین تایبەتمەندی كەبەلایانەوە لەكاتی دامەزراندندا گرنگی هەیە توانایی بەستنی پەیوەندیەكانە لەگەڵ كەسانیتردا، دیارە كارامەیی دیكەش

لەبەرچاو دەگیرێت، ئەگەر بتوانیت لەگەڵ كەسانیتردا پەیوەندی ببەستیت، تاڕادەیەك لەهەر تەمەنێكدا بیت دەتوانیت بەردەوامی بەژیان بدەیت، پێگەی خۆت بپارێزیت.

جان راكفلر، دامەزرێنەری چەن كۆمپانیایەكی مەزن دەڵێت: لەم دنیایەدا، بەتوانایی بەستنی پەیوەندی بەكەسانیتر زیاتر لەهەر تواناییەكی دیكە پارەم بۆ خەرج كردوە.

لەتوێژینەوەیەكدا لەسەر ٢٠٠٠ كارمەند داوایان لێكردن پشكنین بۆ فایلەكانیان بكەن‌و هۆكاری دەركردنی سێ كەسی ئەم دواییە لەڕێكخراوەكەیاندا روون بكەنەوە، لەتەواوی وەڵامەكانیاندا ئەمە بوو دوانیان بەهۆی ئەوە بووە پەیوەندیە گشتیەكان لاواز بووە، زۆربەی خەڵكی پیشەكانیان نەك لەبەرئەوەی كارامە نین بەڵكو بەهۆی ئەوەی تواناییەكی چاك‌و كاریگەریان لەبەستنی پەیوەندییەكان بەكەسانیترەوە لەدەست دەدەن.

# داستانی سێ"گا"

چیرۆك نوسی یۆنانی ئیزۆپ، چیرۆکی بەناوی شێرو سێ گا نوسیوە، ئەم چیرۆکە دەربارەی ئەوەیە کە تا چ رادەیەك گرنگە هەموو تیمەکان پێکەوە گرێدراو بن، سێ گا ماوەیەکی درێژ پێکەوە لەمەزرایەکدا دەژیان، رۆژێك شێرێکیان لێ پەیدا بوو، زۆری برسی بوو، بەڵام دەیزانی لەیەك کاتدا ناتوانێت پەلاماری هەرسێکیان بدات، چونکە لەوانەیە ئەوان بەهێز تر بن و بیکوژن.

بۆیە شێرەکە هەرجارەو لەیەکێکیان نزیك دەکەوتەوە، هەریەکە لەگایەکان بەتەنها نەیاندەزانی کەسانیتر خەریکی چ کارێکن، گاکان ئاگایان لەوە نەبوو شێر دەیەوێ لەیەکیان دابڕێت، شێر کەفێڵباز بوو لەجیاکردنەوەیاندا سەرکەوتوو بوو، گاکان سەرنجی ئەوەیان نەدا شێر دەیەوێت لەیەکیان دابڕێت بۆیە پەلاماری هەیەکەیانی داو کردنیە تێکە چەوری خۆی، ئیزۆپ، لەدەربڕینی ئەم چیرۆکە گەشتە ئەو ئاکامەی: یەکگرتن نیشانەی هێزە بەبێ هەبوونی پەیوەندییەکی بتەو یەکگرتن بوونی نابێت.

Scanned with CamScanner

## ڕێکردن بەسەر هێڵی ئاسندا

ڕۆژێـك کۆمـەڵێك هـاوڕێ بـەلای هێڵـی ئاسـنی کـەنار دارستانێکدا دەڕۆشتن، یـەکێك لەمناڵـەکان هەوڵیـدا بەسـەر هێڵـە ئاسنەکەدا بڕوات چەن هـەنگاوێك ڕۆشت‌و پاشان هاوسەنگی خۆی لەدەستدا، مناڵێکی دیکە هەمان کاری دوبارە کردەوە ئەویش نەیتوانی‌و کەوت، مناڵـەکانی تر پێی پێکەنین، ئەو مناڵـەی کەوتبوو، هـاواری کـرد: گرەوتـان لەگەڵ دەکەم ئێوەش ناتوانن.

مناڵـەکان یـەك لـەدوای هـاتن‌و خۆیـان تـاقی کـردەوە بـەڵام هیچ کامیان نەیانتوانی تەنانەت زیرەك ترو قارەمانترینیان نەیتوانی دوانزە هـەنگاو بەبێ هەڵە بڕوات، پاشان دووانیان دەستیان کرد بەچپە چپ، یەکێکیان وتی: من دەتوانم تاکۆتایی بڕۆم هاوکات ئامـاژەی بـۆ هاوڕێکـەی کرد، یـەکێکیان کـەخۆی تـاقی کردبویـەوەو شکـستی خواردبـوو وتـی: ناتوانیت، وتی: گرەو دەکـەین لەسـەر شـەربەتێك، ئـەوانی تـریش قایل بوون، پاشان ئەو دوو مناڵەی ئەمـەیان وت پێکـەوە دەسـتی یـەکترییان گرت‌و بـەرودی تـەواوی هێڵـەکـەیان بڕی، ئەگـەر یـەکێکیان بیویستبایە بەتەنها ئەم کارە ئەنجام بدات بێگومـان نەیانـدەتوانی گرەوەکە ببنـەوە، بـەڵام بـەهاوکاری یـەکتریی بەئاسـانی سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـا، توانای هاوبەش هۆکاری بەهێز کردنی یەکترە.

## ركابەر

دوژمنێکم هەبوو، زرنگانە هەوڵمدا دەمامك لەسەر ڕووی لادەم، بۆ هەر جێییەك دەچووم وەك سێبەر بەدوامەوە بوو، نەخشەکانی هەڵدەوەشاندمەوە، ئامانجەکانمی پووچەڵ دەکردەوە، کاتێ دەمویست ئامانجی گەورە دیاری بکەم گاڵتەی پێدەکردم دەیووت: نابێت، شەوێ گرتم بەگیرم هێنا دەمامکم لەسەر ڕووی هەڵماڵی سەرەنجام دیقەتم لەڕوخساریدا، خۆمم بینی.

کاتێ نەزانیین، دەمانەوێ لەگەڵ دنیا بەشەڕ بێین، کاتێ ژیریین، دەمانەوەێ لەگەڵ خۆمان بەشەڕ بێین.

Scanned with CamScanner

## لەخۆتانەوە دەست پێ بکەن

پەیامنێرێك پرسیاری لەموبەشیری مەسیحی "دی ال مودی" کرد، ئایا خەڵکی ئازارت دەدەن، وەڵامیدایەوە: من خۆم زیاتر لەهەر بونەوەرێکی دیکە ئازاری "دی ال مودی" دەدەم، ساموئیل هوڤن ستاین، دەڵێت: بۆ هەر شوێنێك دەچم نەفسم لەوێیە، هەموو شتێك تێك دەدات، لەم بارەیەوە وتەی "جك پار" بەپیاچونەوەی رابردوی ژیانم ئاستەنگی گەورە دەبینمەوە ئەلێی من ئەو ئاستەنگانەم دروست کردوون.

بەبڕوای من زۆرێك لەڕێبەرە بەهێزەکان زیاتر بەهۆی ئاڵۆزییە دەرونیەکانەوە تووشی شکست بوون، تاکو ئاڵۆزیی دەرەکی، من مانگی جارێك وانەی ڕێبەرایەتی بەقوتابیەکانم دەڵێمەوە وتەکانم تۆمار دەکەنو دەینێرن بۆ ڕێبەرانی سەرتاسەری ئەمریکا لەم نزیکانەدا بابەتی گفتوگۆم ئەمە بوو چۆن لەسەر ڕێی خۆمان لاچین، وەڵامێکی فرەم لەلایەن گوێگرەکانمەوە بەدەست گەیشت، وتبویان ئەم وانەیە لەژیانی مندا پێویست بوو، من گەورەترین گرفتی خودی خۆمم.

جەوهەری تابلۆیەکی هەڵواسراو ئەمە بوو: ئەگەر توانیبات لەهەڵەی زۆرێك لەوانەی تووشی دەردەسەرییان کردویت سکاڵا بکەیت، نەتدەتوانی هەفتەکان بگریتو دانیشیت.

Scanned with CamScanner

## کەسێکم نییە ڕیبەراتی بکەم

بەباشی ڕێبەرایەتی خودی خۆتان بکەن، هەندێجار لەکۆڕەکانمدا کەسانی لاوو زرنگ دێنە لام و دەڵێن چەندە خوازیارن ببنە ڕێبەری مەزن، چەندە لەهەوڵی ئەوەدان تا لەڕیبەراتیدا قاڵ ببن و پێشڕەوی بکەن.

بێگومان هەمیشە بەداخەوەن، سەرباری ئەمە کەسمان نییە تاڕێبەرایەتی بکەین، وەلامی منیش بۆ ئەوان ئەمەیە: ڕێبەرایەتی خودی خۆتان بکەن، لێرەوە هەموو شتەکان دەست پێدەکەن بۆیە گەر پەیڕەوی لەخودی خۆتان نەکەن، چۆن کەسێکی دیکە دەبێت ئەم کارە بکات.

کلیلی ڕێبەراتی کردنی چاکی خۆتان ئەمەیە خۆتان بەڕیوە ببەن، بینویمە زۆرێك لەخەڵکی لەسەر پلانرێژیی دوپاتێکی بەرین دەکەنەوە بەڵام لەڕوی بەرێوە بردنەوە کەمێك، سەرەنجام ئەوانە تەرکیزو وورەو ئامانجێکیان نییە، هێندە بڕوام بەم پرسە هەیە کە کتێبێکی تەواووم بەناوی ئەمرۆ گرنگە نوسیووە، تیۆرەکانی ئەم کتێبە ئەمەیە کەسانی سەرکەوتوو بڕیاری دروست زوو دەدەن ئەم بڕیارانە ڕۆژانە بەڕێوە دەبەن.

زۆرجار وادەزانین خۆ بەڕێوە بردن دەربارەی ئەمەیە كە هەر ڕۆژەو بڕیارێكی باش بدەین، هاوكات ڕاستی ئەمەیە كەدەبێت بڕیاری گرنگ كەمێك لەبوارەكانی ژیاندا بدەین بەڵام ئەو بڕیارانە ڕۆژ بەڕۆژ بەڕێوە بەرین.

هیچ شتێك باشتر لەتوانایی خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی خۆمان بۆ ڕێبەرایەتیمان كاریگەر نییە.

ڕێبەری ئێمە دەبێت بەردەوام بۆ بەڕێوە بردنمان وزە خەرج بكات، لەم حاڵەشدا وەك تاكێك دەكەوینە سەرزار كەكاتو ووزە خەرج دەكات.

بەڵام ئەگەر خۆمان بەچاكی بەڕێوە بەرین، سەرۆكەكەمان بەكەسێكمان سەیر دەكات كەفرسەتەكان دەقۆزینەوە توانای تاكێتیمان بەرەوباڵا دەبەین، ئەمەش كەسێكمان لێدروست دەكات كاتێ تەنوری كار گەرمە ڕێبەرمان ڕوی لەئێمە بێت.

ئەگەر نەتوانم ڕێبەرایەتی خۆم بكەم، كەسانیتر دوام ناكەوون.

ئەگەر نەتوانم ڕێبەرایەتی خۆم بكەم، كەسیش ڕێزم لێ ناكرێت.

ئەگەر نەتوانم ڕێبەرایەتی خۆم بكەم، كەسانیتر هاوبەشم نابن.

Scanned with CamScanner

## هەڵەو تواناییەکانی خۆت وەربگرەوە

لەم دواییانەدا بۆ دەستەیەك لەکارگێڕانی پێشکەوتوو کۆڕێکم سازکرد هانمدان، سەبارەت بەهەڵەو تواناییەکان لەگەڵ ژێر دەستەکانیاندا بەڕەوشێکی کراوەو ڕاشکاوانە بدوێن، هەستم کرد لەهۆڵەکەدا بووبە هەراو هوریا، راسپاردەی من ئەمە بوو ئەوان دەربارەی لێدوانەکەم بەرگرییان دەنواند.

لەمیانەی کاتەکانی پشودانی نێوان دانیشتنەکە هەمان شێوە کە کتێبەکانم بۆ ئامادەبووان واژۆ دەکرد، ڕێبەری کۆمپانیایەك داوای لێکردم بەتایبەت گفتوگۆم لەگەڵدا بکات، کاتێ توانیم خۆم لەواژۆ کردنەکان دەرباز بکەم، پێکەوە لەحەشامەتەکە دورکەوتینەوە، پێی وتم: من بەو پێشنیارەی تۆ دەربارەی راشکاوی‌و کرانەوە کۆك نیم، پاشان دەستی پێکرد بەووتنی ئەم پرسە چەن گرنگە سەنگەرێکی تۆکمە دروست بکەیت‌و لەهەمبەر کەسانی هەواداری خۆتدا بەمتمانەی تەواوەوە بوەستیت.

مۆڵەتمدا قسەکانی بێنێتە کۆتایی، کاتێ گەشتە کۆتایی، پێم ووت: ئێوە بەهەڵە ڕێبەرایەتی خەڵکی دەکەن، ئەو بەنیگەرانییەوە پرسی:

مەبەستتان چییە. ووتم: ئێوە وادەزانن ژێر دەستەکانتان بێ ئاگان لەتواناییەکانی ئێوە، بڕوا بکە ئەوان ئەمە باش دەزانن، کاتێ تۆ هەڵوەستە لەسەر هەڵەکانی خۆت دەکەیت بەلای ئەوانەوە شتێکی سەیر نییە، متمانەیەکی نوێیە، ئەوان دەتوانن لەهەموو بڕوانن و بڵێن کە ئاگایان لەهەموو شتێکە، ئێستا ئیدی ناچار نین وای دەربخەین کەنازانین.

یەکەمین هەنگاو لەڕوی پێش بینی هەڵەکان و پەند وەرگرتن لەو هەڵانە کەئەنجامیان دەدەین، ئەمەیە سەرنجێکی واقیع بینانەی خۆت بدەیت دان بنێیت بەناتواناییەکانی خۆتدا.

مایکل ئابراشوف، کاپتنی پێشووی هێزی دەریایی ئەمریکی، لەکتێبەکەیدا بەناوی ئەمە کەشتییەکەی ئێوەیە، دەنوسێت: لەهەر جێیەك نەتوانم ئەنجامێکی خوازراو مسۆگەر بکەم، خەشمی خۆم قووت دەدەمەوە بەناخی خۆمدا شۆڕ دەبمەوە تابزانم ئایا من بەشێکی مەسەلەکە بووم؟

سێ پرسیار لەخۆم دەکەم: ئایا ئامانجەکەم بەڕوونی و بەش بەش دیاری کردووە؟ ئایا بەکەسەکان کات و دەسەلاتی پێویستم بۆ ئەنجامدانی کارە بەخشیوە؟ ئایا ئەوانم تەواو ڕاهێناوە؟ گەشتمە ئەو ئاکامەی کە نەوەد لەسەد من لانیکەم بەهەمان ئەندازە بەشی مەسەلەکە بووم کەژێر دەستەکانم بوون.

دان پیانان و وەرگرتنی شکست و چونە ژێر باری بەرپرسێتی بوار دەڕەخسێنێت کەهەنگاوی دواتر دروست هەڵگرین.

# حەوت ئەفسانەی ڕێبەرایەتی

هەرچەن زیاتر لەیەکەمایەتی کارو پیشەدا بن، ئەگەری ئەوەی لەپلەی ڕێبەرایەتیدا بن کەمترە، بەڵام مەهێڵن ئەمە ڕێگرتان بێت، هەنوکە دەتوانن لەڕوبەرێکی نزمەوە یان ناوەندی ڕێخراوەوە بەرەو باڵاچوون دەست پێبکەن تەنها هێندە بەسە بەم حەوت ئەفسانەیەی پەیوەست بەڕێبەرایەتییەوە سەرکەوتن بەدەست بێنن:

١. ئەفسانەی مەقام: ئەگەر هێندە باڵا نەبم، ناتوانم ڕێبەرایەتی بکەم.

٢. ئەفسانەی مەبەست: کاتێ گەشتمە ئەو باڵایە، فێری ڕێبەرایەتی دەبم.

٣. ئەفسانەی دزە کردنە نێو ناخ: ئەگەر هێندە باڵا بم، خەڵکی پەیڕەویم لێدەکەن.

٤. ئەفسانەی بێ ئەزمونی: کاتێ گەشتمە ئەو باڵایە، جڵەوی هەموو شتێك دەگرمە دەست.

٥. ئەفسانەی ئازادی: کاتێ گەشتمە ئەو باڵایە، چیتر سنورداربونێکم نییە.

٦. ئەفسانەی بەرتواناییەکان، ئەگەر ڕێبەرێکی پایەبەرز نەبم، بەرتواناییەکان مسۆگەر ناکەم.

٧. ئەفسانەی هەموو یان هیچ، ئەگەر نەتوانم بگەمە ئەو باڵایە هیچ هەوڵێك نادەم بۆ ڕێبەراتی کردن.

## ئەفسانەی کاریگەری دانان

### ئەگەر لەڕوبەری باڵا بومایە

### خەڵکی پەیڕەوییان لێدەکردم

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بەڕاست یان بەهەڵە وەڵام بدەنەوە:

١. خەڵکی بەشێوەی خودکار پەیڕەوی لەکەسێك دەکەن کەبەرپرس بێت.

٢. دەبێت لەنێو ڕێکخراوەکەمدا لەشوێنی فەرمی ڕێبەردا بم تاکو کاریگەری لەسەر خەڵکی دابنێم.

لەشوێنێکدا خوێندمەوە سەرۆك کۆمار ویلسۆن، خزمەتکارێکی هەبوو کەبەردەوام نیگەرانی ئەوە بوو خۆیی و مێردەکەی لەژیاندا پێگەیەکی ئابرومەندانەیان نییە، ڕۆژی دواتر خانم بیستی وەزیری کار لەدەوڵەت دەستی کێشاوەتەوە، بەسەرۆك کۆماری ووت: جەنابی سەرۆك، مێردەکەم تەواو شایانی ئەو پۆستە بەتاڵەیە، ئەو پیاوی کارە، دەزانێت کار مانای چی، کەسی کاراش دەناسێت، تکایە کاتێ وەزیری کاری نوێ دیاری دەکەن ئەوتان لەبەر چاو بێت.

ویلسۆن، وەڵامیدایەوە: سوپاسی ئامۆژگاریەکەتان دەکەم، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کە وەزیری کار پۆستێکی گرنگەو پێویستی بەکەسێکە بتوانێ کاریگەری دابنێت واتا کاریگەر بێت.

خزمەتکار ووتی: بەڵام ئەگەر ئێوە مێردەکەم بکەنە وەزیری کار ئەویش دەبێتە کەسێکی کاریگەر.

کەسانێك کە هیچ جۆرە ئەزمونێکی ڕێبەرایەتییان نییە، حەز بەوە دەکەن کەگرنگیی ناوی ڕێبەریی بەدەست بێنن، ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو لەنێوان خزمەتکارو سەرۆك ویلسۆندا هەبوو، ئەو وایدەزانی کەڕێبەرایەتی پاداشتێکە کەسێکی گرنگ‌و بەرز دەتوانێت بیبەخشێتە مرۆڤ، بەڵام کاریگەری دانان بەو جۆرە نییە، لەوانەیە بتوانیت پێگەیەکی پیشەیی ببەخشیت بەکەسێك بەڵام ناتوانیت ڕێبەراتیەکی ڕاستەقینەی پێ ببەخشیت.

کاریگەری ڕێبەرانی نایاب، لەسەر خەڵکی کارێکی گرنگە، شوێن‌و پێگەکان فرسەتێك بەئێوە دەبەخشێت تاڕێبەرایەتی خۆتان بنوێنن.

ئەوە بزانن پلەو پایە ڕێبەر دروست ناکات، بەڵام ڕێبەر دەتوانێت پلەو پایە دروست بکات.

## نمونەیەك بن کەسانیتر بتوانن پەیرەویتان لێ بکەن

ناخ و بیرو باوەڕ لەڕێی دیتنەوە زیاتر گۆڕانی بەسەردا دێت تالەڕێی گفتوگۆوە. بنیامین فرانکلین، گەشتە ئەو بڕوایەی وردە گەچ هۆکاری گەشەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دەبێت، ئەم مەسەلەیەی بەهاوسێکانی ووت بەلاّم ئەوان بڕوایان پێنەکردو نکوڵیان لێکرد هەوڵیاندا بیسەلمێنن کەگەچ هیچ سودێکی بۆ سەوزیجات یان خەلەو خەرمان نییە، پاش ماوەیەکی کەم، مەسەلەکەی پشتگوێ خستو چیتر لەو بارەیەوە هیچ شتێکی نەووت.

سەرەتای بەهاری ساڵی نوێ، فرانکلین چوویە مەزراکەی خۆیی و تۆوی خەلەی چاند، نزیك ئەو ڕێگەیەی خەڵکی هاتوچۆیان لێوەی دەکرد لەسەرزەویەکە بەدەست نوسی: لێرە گەچ وەشێنراوە، پاشان تۆو چێنراوە، پاش یەك دوو هەفتەیەك تۆوەکان سەوز بوون و مەزارکەی ئەو لەمەزراکانی دیکە جیاواز تر بوو، ئەو هاوسێیانەی بەوێدا هاتوچۆیان دەکرد ئاگایان لەوە نەبوو بەپیتی گەورە لەوێ نوسرا بوو لێرە گەچ وەشێنراوە، فرانکلین چیتر پێویستی بەوە نەبوو لەسەر سودەکانی گەچ بۆ مەزراکان ئەوەندە خۆی ماندوو بکات.

Scanned with CamScanner

## داستانێك لەئەفریقاوە

کەسانی سەرکەوتوو کارگەلێك ئەنجام دەدەن کە کەسانی دیکە حەز بەئەنجامدانیان ناکەن، دەگێڕنەوە سەردەمێك تیمێکی فریاکەوتن لەئەفریقای باشورپەیامێکیان بۆ جیهانگەردو بانگخوازی بەناوبانگی ئاینی "دیڤید لیونگستۆن" نوسی و لێیان پرسی: ئایا جادەیەکی چاکت بۆ ئەو شوێنەی پێی گەشتویت دۆزییەوە؟

ئەگەر دۆزیبوتەوە ئێمەش دەمانەوێ بزانین چۆن کەسانی دیکە بۆ گەیشتن بەتۆ بنێرین، لیۆنیگستۆن، ووتی: ئەگەر کەسانێك بنێرن کەتەنها ئەگەر بزانن جادەیەکی باش هەیە دێنە ئێرە، ئەوانەم ناوێت، کەسانێکم دەوێت تەنانەت ئەگەر جادەیەکیش بوونی نەبێت بێنە ئێرە.

ئەمەش هەمان ئەو شتەیە ڕێبەرانی باڵادەست لەکەسانێکی دەخوازن کەکاریان بۆ دەکەن، ئەوان کەسانێکیان دەوێت حەز لەئەنجامدانی کارێك بکەن کەسانی دیکە نایانەوێ ئەنجامی بدەن، ڕێبەرانی باڵادەست کارمەندێك بەمجۆرە پەروەردە کرابێت خێراتر لەهەر کەسێکی دیکە باوەشی بۆ دەکەنەوە.

## شوێنێك بۆ گەشە كردن بكەنەوە

ماسـی كوسـه جـۆره ماسـییەكی دڕه، لەگـەڵ دەوروبـەردا خـۆی دەگونجێنێـت، ئەگـەر كوسـەیەكی بـچوك بگریـت بخەیتـه فەزایـەكی سنوردارەوە ئەندازەی هێندەی ماسییەكی ئیكواریومی جوانیی لێدێت، واتا لـەوە زیـاتر گـەروە نابێـت، ماسـی كوسـه دەتـوانن نزیكـەی بیست سـانتی مـەتر گەشـه بكـەن بـەڵام ئەگـەر بكرێنـه ئۆقیانوسـەكانەوە بەئەندازیەكی ئاسایی گەشه دەكەن.

هـەمان كـار دەربـارەی ڕێبـەرانیش دەشـێت، هەنـدێك لەجوغزێكـدا دەمێننـەوە لـەو جـوغزە دیـاری كـراوەش وادەكـات گەشـه نەكـەن و بەبچوكی بمێننەوە بۆیە زۆر گرنگە سنورێكی گەشە بۆ خۆتـان فەراهـەم بێنن بەمجۆرە بێت:

كەسانیتر پێش ئێوە كەوتوون،

هێشتا لەگەڵ غروردا دەستەو یەخەن،

تەركیزتان بەرو پێش چوونە،

بارودوخ لەڕێنی و كاریگەرە،

لەناوچەی ئارام وەرنە دەرەوە،

کەسانێتر گەشە دەکەن،

ئامادەیی گۆڕان بوونی هەیە،

لەگەشەکردن نمونە دێتە گۆڕێ هەموو چاوەڕوانی گەشەن.

هەرچەن بارودۆخ لەبارتر بێت خێراتر دەتوانن گەشە بکەن، ژیانی داڕێژراوی گەشەی بەردەوام هەروا ئاسان نییە، بەڵام بارودۆخی گونجاو دەتوانێت مەلە کردن بەپێچەوانەی ئاراستەی ئاوەوە کەمێك ئاسانتر بکات.

## ڕەخنە مەگرن

### ڕێچار بگرنە بەر

کاتێ ڕووبەڕووی کێشەکان دەبنەوە، ڕێچار بگرنەبەر من شەیدای ئەم چیرۆکەم بەناوی "بادام زەمینی" کە تێیدا کچێك، بەناوی "لوسی"ەوە بەدوای پیاوێکدا بەناوی چارلی براوونەوە دەڕوات، ئەو پیاوە پاڵی داوە بەدیوارێکەوە سەری خستۆتە نێو دەستەکانی، لوسی سەرنجێکی پیاوەکە دەدات و دەڵێت: ئاه، دوبارە نائومێد بویتەوە چارلی براوون؟ کاتێ وەڵامێکی چارلی نابیستێت، دیسان پێی دەڵێتەوە: دەزانی کێشەی تۆ چییە؟

تەواوی کێشەی تۆ ئەمەیە کە تۆ، تۆیت!

چارلی بەتوڕەییەوە وەڵام دەداتەوە: باشە، دەتوانم چ کارێك بکەم؟

لوسی، دەڵێت: من ناتوانم ئامۆژگاریەکی تۆ بکەم، تەنها دەتوانم کێشەکەت پێ بڵێم.

کەسێك کەباری سەرشانی کەسێك دادەگرن وەك لوسی نین، ئەوان زیاتر لەهێنری فۆرد دەچن، سەردەمێك دەیوت: عەیب مەدۆزنەوە، چارە بدۆزنەوە، ساڵانێك لەمەوبەر لەڕێکخراوێکدا ڕێبەریم دەکرد وادەردەکەوت ژمارەیەکی زۆری وەك "لوسی" بەردەوام کێشەکانیان

لەسەر مێزەکەی من بەجێ دەهێشت و دەرۆشتن تابەدوای کێشەی کەسێکی دیکەدا بگەڕێن، لەوێ یاسایەکم دانابوو، هەرکەس کێشەیەکی بۆ من دەهێنا دەویست ڕێچارم لێ وەرگرێت دەبوو سێ ڕێچاری گریمانەیی بگرێتە بەر پێش ئەوەی من ببینێت.

ئایا من ئەم کارەم کرد چونکە نەمدەویست هاوکارییان بکەم؟ نا، ئەم کارەم کرد چونکە دەمویست ئەوان خۆیان هاوکاری خۆیان بکەن، ئەوان بەخێرایی بەدیهێنەرو چارەجۆ بوون، بەتێپەڕینی زەمەن پێویستی کەمتریان بەکۆمەك بوو بڕیاردەرو ڕێبەرانی باشتریان لێ دەرچوو.

## لەبەڕێوەبەرەکەتان بپرسن:

### چۆن دەتوانن باری سەرشانی داگرن؟

لەمیانەی ئەو ساڵانەی من وەك وتاربێژو ڕاوێژکارێك کارم دەکرد، سەرنجمدا راوێژکاران یەکێك لەم دوو ڕەوشە هەڵدەبژێرن، جۆرێك لەو راوێژکارانە دەهاتە دامەزراوەکەوە دەیوت: ئەمە ئەو شتانە من دەیزانم دانیشن و گوێ بگرن، ئەویتریان دەیوت: من دەبێت چ شتێك بزانم؟ ئێمە هەمووومان لەسەر ئەمە کار دەکەین، هەندی لەو وتاربێژەکان بەو بیرۆکەیەوە لەبەرنامەکانیاندا دەردەکەوتن: ئەم فرسەتە بۆ منە بخرێمە ژێر چاودێرییەوە. من بۆخۆم هەوڵمداوە لەدەستەی دووەم بم وەك زۆرێك لەڕێبەران، لەسەرەتای ژیانمەوە کارەکانم بەتێڕامان لەخۆم دەست پێکردووە بەڵام هاوکات تێگەشتم کاتێ بۆ ووتاربێژی بانگ هێشت دەکرێم لەوێ دەتوانم لەخزمەتی ڕێبەرانێکدا بم کەبانگ هێشتیان کردووم دەمەوێ لەبەهای ئەوان بەرزتر بکەمەوە ئەگەر بتوانم باری سەرشانیان سوك بکەم، بۆ ئەنجامدانی ئەمکارە چەن پرسیارێکیان لێدەکەم:

١. ئایا دەتوانم شتێك بڵێم کە ئێوە پێشتر ووتوتانە تادیدی ئێوە لەقسەی کەسێکی دیکەدا دەرکەوێت؟

٢. ئایا دەتوانم شتێك بڵێم کەئێوە حەز بەووتنی دەکەن، بەڵام ناتوانن تابەمشێوەیە دیدی خۆتان ببیستن؟

٣. ئایا دەتوانم شتێك بڵێم تائێستا نەتانوتوە تابۆیەکەمجار ئەم دیدە لەدەمی کەسێکی دیکەوە ببیستن.

زۆربەی جار ڕێبەر نایابەکان بۆ ئەم داواکارییانە وەڵامی ئەرێنی دەدەنـەوە، ئـەوان هەمیـشە بـیر لەپێـشەوە دەکەنـەوە لەبارەیـەوە دامەزراوەکە بەرەو کوێ بەرن چۆن بگەنە شوێنی مەبەست، کاتێ کەسێك دەپرسـێت چـۆن دەتوانـێ کۆمـەك بکـات هـەموو ڕێبـەران خۆشحاڵ دەبن تـەنها کارێـك دەبێت بکرێـت تـەنها ئەمەیـە بتـەوێ کۆمەك بکەیت.

## چەق بەستن

لەدەیەی چلی زاینیدا کاتژمێری سویسی نایابترینو باشترینی کاتژمێری دنیا بوو، لەم بارەیەوە هەشتا لەسەد پرفرۆشترین کاتژمێری سویسی بوو، لەکۆتایی دەیەی پەنجاکاندا دروستکردنی کاتژمێری دیجیتاڵ پێشنیاری گەشەپێدەرانی کۆمپانیاکانی کاتژمێرسازی کرا، ئەوان ئەم بیرۆکە نوێیەیان کەناردا، چونکە دەیانزانی باشترین کاتژمێر کاتژمێرسازیان هەیە، ئەو پیاوەی بیرۆکەی کاتژمێری دیجیتاڵی داهێنا بیرۆکەکەی فرۆشتە مۆسکۆ، لەساڵی ١٩٤٠ز کۆمپانیاکانی کاتژمێرسازیی سویسری هەشتا هەزار کارمەندیان هەبوو، کەچی ئەمرۆ هەژدە هەزار کارمەندیان هەیە، لەساڵی ١٩٤٠زدا هەشتا لەسەدی ئەو کاتژمێرانەی لەجیهاندا دەفرۆشران دروستکراوی سویسری بوون، ئەمرۆ هەشتا لەسەدی کاتژمێرەکانی دنیا کاتژمێری دیجیتاڵن، ئەوەی بەسەر کۆمپانیاو کارمەندەکاندا هاتووە نیشانی دەدەن ئێمە پێمان باشە بمرین، لەجیاتی ئەوەی بگۆڕێین.

## خەڵکی لەکەسانێك جیا دەبنەوە
### بەهایەکی کەمیان بۆ دادەنێن

ژن و مێردێکی پیر بەناوی "جورج و ماری لو" بۆ پەنجایەمین ساڵۆگەڕی خۆیان ئاهەنگیان گێڕا، بەسەرنجدانی ئامارێکی فرەی جیابونەوەکان، پەیامنێرێك خولیای رازی سەرکەوتنی ئەو دووانە بوو، بۆیە لەجۆرجی پرسی: رازی ژیانی بەختەوەرانەی هاوسەرداریتان چییە؟

جۆرج وتی: دوای مەراسیمی گرێبەستی هاوسەرگیریی، باوکی ژنەکەی ئەوی بردۆتە کەنارێك و پێچراوەیەکی بەدیاری پێداوە کە کاتژمێرێکی زێڕین بووە ئەو هێشتا سوودی لێ دەبینێت.

ئەو کاتژمێرەکەی نیشانی پەیامنێرەکەدا، لەسەر ڕوبەری کاتژمێرەکە ئەو جێیەی ئەو دەیتوانی لەڕۆژێکدا چەندین جار ئەو جێیە ببینێت نوسرا بوو" قسەیەکی خۆش بۆ ماریلۆ بکە" هەموومان پێمان خۆشە قسەی خۆشمان بۆ بکەن، هەمووومان دەمانەوێ قەدرزانیمان لێ بکەن، بەڵام زۆرێك لەخەڵکی لەکارەکانیاندا کاردانەوەی ئەرێنی قەدرزانی نانوێنن زیاتر دروست بەپێچەوانەوە هەست بەکەم بەهایی دەکەن، سەرۆکەکانیان وەك بونەوەرێکی لەوان زیاتر ڕەفتار دەکەن لەتەکیاندا بەلوتبەرزیی و خۆ بەزلزانییەوە مامەڵە دەکەن، ئەم هەڵسوکەوتە لەهەر پەیوەندیەکدا تەنانەت پەیوەندی کارو پیشەیی کارەسات دێنێتە گۆڕێ.

## ووتەی کۆتایی

گەر لەمراوی چاوەڕوانی ئەوە بن کاری هەڵۆتان بۆ ئەنجام بدات ئەوە خەیاڵی خاوە/ ئێوە وەك ڕێبەرێك هاوکاری مراویەکان بکەن ببنە مراوی باشتر، هەڵۆکانیش باشترین هەڵۆ بن، واتا کەسە شیاوەکان بخەنە شوێنی شیاو، هاوکارییان بکەن تاتواناکانیان بخەنە گەڕ، هەروەك ووتم: من بەدرێژایی ساڵانێك دووچاری ئەم هەڵەیە بووم: هەوڵمدەدا لەبێچووە مراوی، هەڵۆ دروست بکەم، ئەوەی کردم شتێك نەبوو بێجگە لەماندوکردنی ئەوان و خۆم، ئێوەش نابێت چاوەڕوانی لەکەسێك بکەن لەزەمینەیەکدا گەشە بکات کە ئامادەیی سروشتی لەو شوێنەدا بوونی نەبێت.